چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی

# گەڕان بە دوای جیهانێکی دیکەدا

## سەدیق سەعید ڕواندزی

چاپی یەکەم
هەولێر 2011



لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبیی نما
زنجیرەی (125)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب
ئیسماعیل کوردە، ڕێبین ڕەسوڵ

ناوی کتێب: گەڕان بەدوای جیهانێکی دیکەدا
نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی
ژانر:لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
تایپ: نوسەر
دیزاینی بەرگ: سەرکەوت وەلی
وێنەو بیرۆکەی بەرگ: تەیب موعتەصم
تیراژ: 500
چاپی یەکەم/ کوردستان/ هەولێر2011
نرخ: 1500 دینار
چاپخانە: شەهاب
مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری (نما) پارێزراوە
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی"1211"ی 2011ی پێدراوە.

ناوەڕۆك


*پێشەكی.......................................................4
*بونیادی زمان لەدەقی شیعریدا..................................5
*دیدگای مرۆڤدۆستی لە شیعری _قانع_دا........................12
*جوگرافیای شوێن لە شیعری كوردیدا............................18
*گەران بەدوای ناسنامە لە شیعری*تۆكێی*دا....................27
*تاسەی شاعیرێك بۆ خلود!......................................35
*هارمۆنیای شیعرو مۆزیك لە گۆرانیەكانی_ عدنان كەریم_دا......42
* گەڕانەوە بۆ منداڵی لە شیعری_لەتەمدا دیارنیم_..............48
* ترا ژیدیای ژنبوون لەرۆمانی *هەزارخۆری درەوشاوە*دا........56
*تەكنیكی چیرۆك لەشیعری_لەدەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕ_دا ....66




## پێشەكی:

خوێنەری بەرێز:_ئەو چەند لێكۆلینەوە ئەدەبیانەی لەدووتوێی ئەو پەرتووكەدانە, ئەو لێكۆلینەوانەن كەلەماوەی ئەمسالّدا نووسراون‌وبلاّوكراونەتەوە.وەلیّ ئێمە جارێكی تر كۆمانكردنەوەو بەپێویستمان زانی لە دوو توێی ئەو پەرتووكەدا,وەك سەرچاوەیەكی سەربەخۆ , جارێكی ترچاپیان بكەینەوە. بە تایبەتیش كە ئێمە لە سالاّنی رابردوودا, چەندین وتاری ئەدەبی ترمان بلاّوكردۆتەوە, كەچی هەولّمان نەداوە كۆیان بكەینەوە لە كتێبێكداو وەك سەرچاوەیەك, بیانخەینە بەردیدەی خوێنەران.بەو هیوایەم سوودێكم بە خوێنەران گەیاندبێت...


نووسەر
رواندز/2011/ 11/11
sadiqrwanze@yahoo.com

# بونیادی زمان لە دەقی شیعریدا

رەنگە هیچ ژانرێکی ئەدەبی بەقەد شیعر, پێویستی بە ئاگایی ورد لەزمان‌وباکگراوەندێکی گەورەی رۆشنبیری‌وهزری‌وزمانەوانی نەبێت.چونکە هەموو بنەماکانی شیعر دواجار لە سەر بونیادی زمان وەستاون.زمان تاکە هێماوئاماژەی گەیاندنی دەلالەتەکانە لەدەقی شیعریدا.لە شیعردا زمان هەرتەنها گوتارێك نییە,کە ئامانج تیایدا پەیامێکی دیاریکراوە لەواتاومانادا بەلکو هاوکات مۆزیك‌وریتم‌وشیعریەتیشە.چونکە هەموو تایبەتمەندیەکانی دەقی شیعری لەزماندا خۆیان بەرجەستە دەکەن.بەبێ زمانێك کە هەڵگری هەردوو رەهەندی ئستاتیکاو بابەت بێت,ئەستەمە دەقێك ببێ بە شیعر.کەواتەچەند زمان لە دەقی شیعریدا بارگاوی بێت, بەکایەکانی تر,ئەوەندەش بونیادی دەقی شیعر بونیادێکی مەعریفی دەبێت.ئەو کارکردن‌وقوڵبوونەوەی بۆزمان لە شیعردا, گرنگ‌وپێویستە,بۆ رەگەزە ئەدەبیەکانی تر کەمترە.چونکە ئەگەر لە رەگەزەکانی ترتەکنیك‌وبنەمای هونەری تر بوونیان هەبێت,ئەوا لە شعردا بە تەنیا زمانە.بۆنموونە لە رۆمان‌وچیرۆکدا تەکنیکەکانی وەك گێرانەوەوفلاشباگ‌وشەپۆڵی هۆش‌وکات‌وشوێن‌وپاڵەوان‌ورووداوهەنە, وەلێ لە شیعردا ئەمانە هیچیان بوونیان نییە.کەواتە زمان وەك بونیادێك تاکە بنەمای هونەری پێکهاتەی دەقی



شیعریە,بەرادەیەك کەهەمووماناودەلالەت‌و ئاماژەکان, زمان دەیگەیەنێت.کەواتە بەبێ دەوڵەمەندکردنی زمان,بەوشەو چەمك‌ودەلالەتی تازەونوێ‌وقوڵبوونەوەی هەمیشەیی‌وبەردەوام,لەگەمەی زمانەوانیدا, ئەستەمە شاعیر بتوانێ بەردەوامی بە ئەزموونی شیعری خۆی بدات‌وخۆی کاوێژنەکاتەوە.لە بە شێکی زۆری ئەزموونی شیعری کوردیدا,لەرووی تێکستی شیعری شاعیرانمانەوە,ئێمە کاتێ بەدەگمەن خاڵێکی جیاکەرەوە دەبینین,کەدواجار شوناسی شیعریان لە یەکتری جیا بکاتەوە, لە راستیدا پەیوەندی بە نەبوونی ئەو زمانە شیعریە تایبەتەوە هەیە,کە دەقێك لە دەقێکی تر جیادەکاتەوە.کاتێ جیاوازیش لە سەر ئاستی بونیادی زمان لە دەقی شیعریدا دەرنەکەوت,بێگومان جیاکاری لە سەر ئاستی دەقەکانیش دەرناکەوێت.چونکە هەمان ئەو زمانە دیاریکراوەیە کە لە رووی دەلالییەوەلە یەك کاتدا لە چەندین دەقی شیعری‌وئەزموونی شاعیراندا بوونی هەیە.هەندێ جار ئێمە یەك وشەی دیاریکراولە تێکستی شیعری هەموو شاعیراندا دەبینین.ئەمەش وایکردوە کە مترین جیاوازی لە سەر ئاستی شوناسی شیعری شاعیراندا هەبێت.بێگومان ئێمە دەزانین کە زمان لە رووی پێکهاتی رستە سازی‌ومۆرفۆلۆژییەوە,رێسایەکی دیاریکراوی هەیەوکرداری رێزمانی‌وزمانەوانی بەدەر نییە لەو رێسایە.وەلێ هەمان ئەو زمانە لە تێکستی شیعریدا رەهەندێکی دیکەی گەمەی زمانەوانی وەردەگرێت لە رووی دەربرین‌وئیدیۆم‌وفرەمانایی,کە هەموو ئەمانەش فرە واتایی دەق دێنە ئاراوە.کەواتە بۆ ئەوەی ئەزموونێکی شیعری هەمیشە لە نوێبوونەوە دابێت.دەبێ بەردەوام خودی ئەو زمانەش لە نوێکاری دابێت,دەنا مەحاڵە ئەزموونێکی شیعری بە زمانێکی کۆن‌ودوورلە نوێکاری بتوانێت بەردەوام بێت‌وخۆی کاوێژنەکاتەوە. لە مێژووی شیعری کوردیدا کەم نەبوون ئەو شاعیرانەی, سەرەتا بە داهێنانێکی تازەونوێ دەستیان دایە شیعرنووسین‌و زمانێکی تازەیان کردە بەر بالآی شیعر ,کە بۆ ئەو قۆناغ‌وهەلومەرج, سیمایەکی تازەو داهێنەرانەی تێکستی شیعری بوو.کە جۆرێك لە دابرانی لە ئەزموونی پێشوترلێکەوتەوە.وەلێ بە شێکی ئەو شاعیرانە ,چونکە بەردەوام نەبوون لە

قولبوونەوە لە نێوزمانوهەرتەنها, لە چوارچێوەی ئەوزمانە خۆرسکە دەخولانەوە, کە سەرەتای ئەزموونەکەیان پێدەستپێکرد,بە داخەوە ئەزموونی شیعریان لە پاشەکشێیی داو,نەیانتوانی بەردەوامی بە ئەزموونی تازەو زمانی تازە بدەن لە شیعردا.بۆیە شە کاتێ بە سەر ئەزموونی شیعریان دادەچینەوە,دەبینین جوانترین تێکستی شیعری ئەو شاعیرانە, ئەو شیعرانەن کەلە سەرەتادا نووسیویانە.کەهەمیشە بۆ هەتایە وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی شیعری کوردی دەمێنەوە.

بە شێکی زۆرلە شاعیرانی ئێمە, بە تایبەتیش لە نەوەی نوێدا,ئەزموونی شیعرنووسین هەرتەنها وەك ئەزموونێکی خۆرسك,بێ رامانوقولبوونەوە لە دیاردەکانی ژیانودەوروبەردەبینن‌وهەولێ ئەوە نادەن, باکگراوەندی شیعری خۆیان, لە رووی هزریوزمانەوانیوبابەتییەوە, بەرفراوان بکەنوزۆرترین ئاگایان,لە دیاردەکانی ژیان هەبێت.ئەمەش وایکردوە گەلێ جار بکەونە هەڵەی دەربرینومانای وشەودەرخستنی واتای راستەقینەی بابەتەکان.بەرادەیەك زۆرجاردەستەواژەیەك,بەدەر لەمانای راستەقینەی خۆی, وەك کەرستەیەکی شیعری لە بونیادی دەقدا بە هۆی زمانەوە بە رجەستە دەکەن.لەو روانگەیەشەوە شاعیر نەك هەردەبێ ئاگایەکی وردی هەبێت,بەڵکو دەبێ رۆشنبیریەکی بێ سنووروقولیشی لە هەموو کایەکانی ژیان هەبێت.بۆ ئەوەی کاتێ دیاردەیەك,رووداوێك,چەمکێك, دەکاتە کەرەستەی شیعریولە بونیادی دەقدا بەرجەستەی دەکات,نەکەوێتە هیچ هەڵەیەکەوە لە رووی ئاماژەو بابەتەوە.کەچی بە پێچەوانەوە هەمیشە ئەوانەی شیعر دەنووسن,بە تایبەتیش نەوەی نوێ واتە ئەوانەی لە سەرەتای ئەزموونی شیعری دانە,خۆرسکانە دوورلەهەموو قولبوونەوەو رامانێکی بابەتیانە شیعر دەنووسن.بەداخەوە بە شێکی زۆر لە شاعیرانی ئێمە, کەمترین باکگراوەندی رۆشنبیری شیعریان هەیەوهەمیشە ئەزموونی شیعر نووسین, وەك ئەزموونێکی خودی بەتەنهاو بەدەر لە دیوە بابەتیەکە دەبینن. ئەمەش وادەکات زۆرجار بکەونە هەڵەی مانایی زەق بە بێ ئەوەی درکیشی پێ بکەن. بێگومان ئەمە دەرەنجامی ئەو قولنەبوونەوەیە کە



باسمان کرد.چونکە ئەگەر خوێنەوەیەکی بەرفراوانوهزریانەی وردیان هەبێت بۆ دیاردەکانی ژیان, ناکەونە ئەو هەلانەوە.کاتێکیش وەك خوێنەرێك سەرنج لە تێکستی شیعرەکانیان دەدەین, باشتر ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت.بۆنموونە زۆرجار دەنووسن(وەك ژەهری تاڵ!) وەك ئەوەی ژەهری شیرینیش هەبێت!یاخود دەنووسن وەك(سنۆبەر گەلاکانم هەڵوەرین) لە کاتێکدا ئەم درەختە هەمیشە سەوز دێتە بەرچاووبالادەکات.یاخود دەنووسن(کەنارەکانی بیابان!) یاخود دەنووسن (وشك بوو زەردهەڵگەرا!) لە کاتێکدا کرداری (زەردبوون) دەکەوێتە پێشەوەی کرداری(وشك بوون)و کاتێ گەلایەك یاخود درەختێك دەوەرێتووشك دەبێت دەرەنجامی زەردهەڵگەرانیەتی.بێگومان هەزاران نموونەی تری لەوشێوەیە, کەمن هەمیشە وەك خوێنەرێك, کەبەبەردەوامی شیعر دەخوێنمەوە لە شیعری بە شێکی زۆری شاعیران دەکەوێتە بەرچاوموسەرنجم رائەکێشن.تەنانەت ئەوانەشی کە ئەزموونێکیان لە شیعر نووسیندا هەیە. هەڵبەتە ئەمە رەنگدانەوەی نەبوونی ئەو دنیابینیو رامانە وردەیە, کە پێویست دەکات هەموو شاعیرێك هەیبێتو هەمیشە, شانبەشانی ئەزموونی شیعر نووسین,پەرە بە ئەزموونی خوێنەوەو باکگراوەندی رۆشنبیریانەی خۆی بدات.چونکە شیعر هەرتەنیا تەکنیکی رێزکردنی وشەولێکدانی رستەوئاماژە نییە بۆ بابەتێك. بەلکو وەك وتمان ماناوریتمومۆزیکیشە.هەموو ئەمانەش دواجار لە رێی زمانەوە دێنە بوون.کاتێ زمانی گەیاندنی ماناش لە شیعردا, زمانێکی هەڵەبوو لەرووی دەربرینی واتاییەوە,بێگومان ناوەرۆکوگوتاروپەیامی شیعرەکەش هەڵە دەبن.بە شێکی ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە جیاوازی نەکردن هەیە,لە نێوان رەهەندی (ئستاتیکی)ورەهەندی(بابەتی)زمان. بەومانایەی زۆرجار بە ناوی تەمومژیەتوگەمەی زمانەوانی ,کە یە کێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری نوێ,بابەت لە شیعردا وندەبێتوبەتەنها لایەنی ئستاتیکی زمان لە شیعردا گرنگی پێ دەدرێت.بە پێچەوانەوەش زۆر جار زەقکردنەوەی ماناوبایەخدان بە ناوەرۆکوگوتاروپەیامی شیعرەکە,لایەنی ئستاتیکی زمان, کە پەیوەستە بە شیعریەتوچێژەوە دەکوژێت.بۆیە دەبێت هەمیشە لە نێوان, ئەو دوو رەهەندەی

زماندا هاوسەنگیەك هەبێت.دەنا خودی دەقە شیعریەكە دەقێكی سەركەوتوونابێت.كەچی هەمیشە بە شێكی زۆر لە شاعیرانی ئێمە,بەناوی گەمەی زمانەوانی لە شیعردا, كە دەرهێنانی وشەیە لە ستراكتۆری راستەقینەی خۆی دەكەونە هەڵەی واتایی‌ومانایی زەق,بەبێ ئەوەی دركیشی پێ بكەن.لەوروانگەیەی كە وشەیەك,لە چوارچێوەی واتای راستەقینەی خۆی دەردەهێنن‌ورەهەندێكی تری,بەناوی گەمەی زمانەوانی‌وئاماژەی نوێ پێدەبەخشن ,بەبێ ئەوەی هیچ مانایەك بگەیەنێت .وەك ئەوچەند نموونانەی ئاماژەمان پێدا.بێگومان هەموومان دەزانین زمانی شیعر زمانێكی مەجازیەودەشێ لە یەك كاتدا وشەیەك چەندین مانا ببەخشێت.وەلێ ناشێ بەناوی گەمەی زمانەوانی لە شیعردا,وشەو دەربرینەكان ببەینە ئاستێك كە جۆرێك,لە بێ مانایی یاخودلینگەوقوچی وشەكانی لێبكەوێتەوە.بەداخەوە لە نەخشەی شیعری كوردیدا,كەم نین ئەو تێكستە شیعریانەی بە ناوی وشەگۆركێ‌وگەمەی زمانەوانی, داماڵدراون لە هەموو جۆرە شیعریەت‌و چێژو ریتم‌و مۆزیكێك. بەرادەیەك كە دەیانخوێنینەوە,واهەست دەكەین دەقێكی فیكری كۆنكریت ئاسا دەخوێنینەوە,كە هیچ چێژومانایەكمان پێ نابەخشن.جەوهەری شیعر زمانەولەزمانیشدا شیعریەت بەهەموو رەهەندەكانیەوە گرنگە,ئەگەر زمانیش نەیتوانی ئەوشیعریەتە لە دەقدا بینابكات,بێگومان دەقێكی مردووبێ روح دەردەچێت.لێرەدا ئەوە گرنگە كە شاعیر چەند دەتوانێ, زمان بە هەردوو رەهەندی ئستاتیكی‌وبابەتی لە دەقدا بە رجەستە بكات.چونكە بە تەنیا بایەخدان بە فۆرم‌ولایەنی ئستاتیكی زمان دواجارگوتاروبابەت وندەكات لە دەقدا,وەك چۆن بایەخدانیش بە رەهەندی بابەتیانەی زمانیش بەتەنیا,سەرەنجام دەقێكی كۆنكریتی دەردەچێت‌وشیعریەت‌وچێژ دەكوژێت. كەواتە شیعر لە یەك كاتدا,ئستاتیكاوبابەتیشە. واتە دەبێ هەردوو رەهەندی زمان رەنگدانەوەیان هەبێت لە شیعردا. لە بەشێكی هەرەزۆری ئەزموونی شیعری كوردیدا, بە تایبەتیش لەو قۆناغەی ئێستاماندا,هەمیشە بە نێوی نوێكاری زمان‌وگەمەی زمانەوانی بە ئەندازەیەكی زۆر شیعریەت‌وچێژ لە دەقە شیعریەكاندا ونەو, بە



پێچەوانەوە كاتێ خوێنەر دەیانخوێنێتەوە.واهەست دەكات تێكستێك دەخوێنێتەوە,وەك بونیادێك كۆمەڵە وشەیەكی بەیەكەوە بە ستراوی تێدایەو چیتر نا.واتە كۆنكریت ئاسا وشەكان دارێژراون, وەك ئەوەی شیعر بە تەنیا هونەری وشە رێزكردن بێت.هەرئەمەشە وادەكات, كە دەقە شیعریەكانی ئێستا بە گشتی كەمترین,چێژ ببەخشن بە خوێنەر. لە كاتێكدا ئێمە كاتێ شیعرێكی (عبدللە پە شێو) یاخود(ئەنوەرجاف) دەخوێنینەوە, كە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا نووسراون دەبینین, هەمان ئەو چێژوشیعریەت‌وتایبەتمەندیەیان ماوە كەلە سەرەتادا هەیانبووە, وەك ئەوەی ئێستائەو شیعرانە نوو سرابن.[ دیارە ئەمە پەیوەندی بە بونیادی ئەو زمانەوە هەیە, كە لە تێكستەكاندایە. زمانی ئەو شیعرانە,هەرتەنیا زمانی بابەت نییە بەلكو,زمانی چێژو شیعریەت‌و ئستاتیكاشە.زمان لە ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرانەدا,ئەگەرچی لەرووی فۆرمەوە سادەیە,وەلێ جوانترین وێنەی هونەریان دروست كردوە. بەرادەیەك لە پشت ئەوزمانە وە دنیابینیەكی قول‌و گەورەی شیعری دەبینین. لە راستیدا ئێمە كاتێ وەك خوێنەرێك چێژ لە شیعرێكی شاعیرانی,قۆناغی هەفتاكان وەردەگرین‌وحەوسەڵەی ئەوەمان نییە شیعری شاعیرێكی ئەو سەردەمە بخوێنینەوە, پەیوەستە بە زمانی دەقەوە. چونكە وەك وتمان لە بەشێكی زۆری ئەزموونی شیعری كوردی ئەمرۆدا,زمان ئەو ئاستە ئستاتیكیەی نییە بتوانێت, شیعریەت بەرهەم بێنێت. بە پێچەوانەوە بەلكو زمانێكی وشك‌وبرینك‌وبێ واتایە بەرادەیەك,خوێنەر لە پرۆسەی خوێنەوەی دەقدا ماندوودەكات.ئێمە زۆر جار وەك خوێنەرێك, هێندەی چێژ لە وێنەیەكی شیعری بچوك وەردەگرین,هێندە ناوەرۆكی قە سیدەیەكی درێژ رامان ناكێشێت,بێگومان ئەمە پەیوەستە بەو شیعریەتەی لە زماندایە. بەرادەیەك كەلە هەندێ كاتدا, كۆپلە شیعرێكی بچوك زێدەتر دەبێتە جێی تێرامانی ئێمە,وەك لە شیعرێك. بۆنموونە (عبدللە پە شێو) دەڵێت:_

***هەموو رۆژێ زوو دەژاكێ..لە سەر گۆرت***

***هەرگولێكی كە دەیچێنم...***

***خۆدەزانم..ئەشقی گوڵی كام شوێنی..***

ئەگەر سەرنج لەو کۆپلە شیعریە بدەین دەبینین,شاعیر لە رێی فۆرمێکی زمانی سادەوە,جوانترین وێنەی شیعری,بەرجەستەکردوە کە هاوکات واتایەکی قولیش دەگەیەنێت.شاعیر بە تەنیا لە دووتوێی چوار دێری شیعری دیاریکراو دەلالەت لە بابەتێکی هەرە گرنگوهەستیار دەکات, کە ئەویش غەریبیو دوورکەوتنەوەیە لە نیشتمان. بەومانایەی (گوڵەکانی ئێرە) واتە مەنفا,هیچیان بۆنوبەرامەی (گوڵەکانی ئەوێ) واتە نیشتمان نادەن. بەتەنیا ئەوکۆپلە شیعریە دەتوانم بلێم ,هاوتای قە سیدەیەکی درێژ هەڵگری ئەو گوتارە غە ریبیەیە, کە مرۆڤی تێ ئاوارەبوو لە غەریبیدا,هەیەتی.سۆزێك کە دەلالەت لە دوورکەوتنەوە لە نیشتمانوگەرانەوە بۆ زێدی رەسەن دەکات. لێرەدا مەرج نیە زمان هەرتەنیا وەك هێلێکی درامی درێژلە شیعردا,بتوانێت وێنەی شیعریومانا بگەیەنێت.بەڵکو زۆرجار لەرەهەندێکی زمانی بچوکیشدا, شاعیر دەتوانێ جوانترین وێنە ی شیعری بەرجەستە بکات, وەك ئەو نموونەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا. ئەمەش پەیوەستە ,بە وردەکاریوئەو ئاگایە زمانەوانیەی شاعیرلە شیعردا هەیەتی, ئاگایەك کە لە نێوان ئستاتیکای زمانو مانای زمان بالانسێك رادەگرێت....

*لە ژمارە(482)ی رۆژی 2011/7/19رۆژنامەی کۆمەڵ,ئۆرگانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بلاَوکراوەتەوە...



# دیدگای مرۆڤدۆستی لە شیعری _قانع_دا

یەکێك, لەلایەنە دیارەکانی شیعری قانع,کەلە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا دەبینرێت, ئەو دیدگاو روانگە مرۆڤدۆستیەیە کە قانع بۆ مرۆڤودەوروبەر هەیەتی.دیدگایەك کەمرۆڤ لە چوارچێوەی شوناسی دیاریکراوانەی خۆی دەبینێت,بەدەر لە بوونی هیچ پێگەوئاماژەیەکی پیشەییوکۆمەلاَیەتی . بەومانایەی مرۆڤ بەبوونی سروشتیوخۆرسکانەی خۆی مرۆڤە,بەدەر لە هەر شوناسێکی تر.بێگومان ئەو تێراونینەی شاعیر کە هەڵگری گوتارێکی مرۆڤدۆستانەیە بۆ ژیان,رەنگە پەیوەندی سەرەکی بەو نەهامەتیوکوێرەوەریومەرگەساتەوە هەبێت, کە شاعیر لە ژیانیدا وەك مرۆڤ بینیویەتی.بەو مانایەی ئەو بۆ خۆی ژیانێکی تراژیدیانە و سەخت ژیاوەوهەژاریوکوێرەوەری زۆری بینیوە,ئیدی لەو روانگەیەوە پایەکانی مرۆڤی لاپیرۆزوگەورەبوەوبەتەنگ ژیانی کەسانی ترەوەیە. وەلێ رەنگدانەوەی ئەو دیدگایەش لە هزروشیعری ئەودا,بەرلەوەی هەستێکی مرۆڤانەی رووت بێت,بەبۆچوونی من دەرەنجامی هوشیاری کۆمەلایەتیوهزریە.وەبە شێکە لە بەگەورە تەماشاکردنی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەلاَیەتی,کە گەورەترین سەرمایەی ژیانە.هەڵبەتە یەکێ لە پایەکانی مرۆڤدۆستی,داماڵینی روحی نەرجسیەتوخودگەراییوبەرژەوەندیخوازیوتاکگەرایە لە ژیانی مرۆڤ خۆی. بەو مانایەی کە سێك ناتوانێت,دیدگایەکی مرۆڤدۆستی هەبێت,ئەگەر خۆویستیوخۆپەرستی لەناخدا هەبێت.مرۆڤدۆستی دەرەنجامی تێکەڵبوونی

خودوناخی مرۆڤە,لە ئاستی تاكدا بۆكۆمەڵ.مرۆڤ ناتوانێت,بەدیدگایەكی مرۆڤدۆستانە بروانێتە كەسانێكی تر,ئەگەرخەسڵەتە كۆمەلاٌیەتیوسایكۆلۆژیەكانی خۆی لەئاستی خودا تێكەڵ بە هەستی كەسانی تر نەكاتولە دیاردەكانی خۆشیومەینەتیدا,هاوبەشیان نەبێت.كاتێ مرۆڤ لە روانگەیەكی مرۆڤدۆستانە دەروانێتە,ژیانی كەسانی ترو,هەولێ بەتەنگەوەهاتنیان دەدات,مانای وایە خودپەرستونەرجسی نییە.كەسانێك ناتوانن مرۆڤدۆستانە بروانە كەسانی ترئەگەرهەرتەنیا خۆیان خۆشبوێتوبیرلە چارەنووسوژیانی كەسانی تر نەكەنەوە.چونكە مرۆڤدۆستی بە مانای هەستكردنە بە خۆشەویستیومیهرەبانی كەسانی تر.لە سۆنگەیەكی مرۆڤانەوە.بەدەربرینێكی تر روانینی مرۆڤە, بۆ مرۆڤ وەكوخۆی بەبێ لە بەر چاوگرتنی هیچ پایەوپێگەیەكی كۆمەلاٌیەتیانە,لەدەرەوەی شوناسی مرۆڤ. هاوكات لەدیدگای مرۆڤدۆستیدا,مرۆڤەكان پۆلێن ناكرێن,لە سەر هەندێك پایەی دیاریكراو,بەومانایەی كەسێك هەژارە,ئەوادەبێت لەروانگەیەكی مرۆڤانەوە تەماشای بكەینوكەسێكیش زەنگینە,گوێی پێ نەدەین.بەپێچەوانەوە بەڵكو دەبێ تەماشای مرۆڤ بكرێت وەك ئەوەی كە هەیە,نەك وەك ئەوەی چییە.بێگومان سەرەتای دروست بوونی هزری مرۆڤدۆستی لە دنیابینی مرۆڤدا,بەهەوڵدان بۆ یەكسانی نێوان مرۆڤەكانودادپەروەری دێتە ئاراوە.ئەمەش لە رێگەی نەهێشتنی جیاوازی چینایەتیودەستبەركردنی ژیانێكی هاوبەشانەی یەكسان بۆ مرۆڤەكان بەگشتی.بەو مانایەی هیچ جیاوازیەك نەمێنێ لە نێوان مرۆڤەكانوهاوتای یەكتری بن,لە ژیاندا. نەك كەسانێك بە كۆڵەمەرگیوكوێرەوەری بژینوكەسانێكی تریش,لەوپەری شادیوئاسوودەییوهەبوونی.چونكە مرۆڤەكان هەموویان لە سروشتەوە وەك یەك دروستكراونوجیاوازی نییە لە نێوانیان. وەلێ ئەوە مرۆڤەكان خۆیانن,جیاوازی دروست دەكەنوشێوەژیانی یەكتری دەگۆڕن.كەواتە هەرتەنیا مرۆڤەكان خۆشیان دەتوانن ئەو جیاوازیانە نەهێلنو,هاوتای یەكتری بن لە بوونوژیاندا.بێگومان ئەمەش بەوە دەكرێت,كەمرۆڤەكان هوشیار بكرێنەوەو,لە روانگەیەكی مرۆڤدۆستیەوە بروانە یەكتریوهاوكاروپاڵپشتی یەكتری بنولە



خۆشیوناخۆشیەكاندا,بەتەنگ یەكتریەوە بێن.كاتێ ئەو هەستە مرۆڤدۆستیەش دروست بوو,ئیدیمرۆڤ چی بۆ خۆی بوێت,ئەوەشی بۆ بەرامبەرەكەشی گەرەكە.نەك گوێ بەوەنەدا,كە لەدەوروبەری ئەو چی دەگوزەرێت.لەو سۆنگەیەوە(قانع)وەك شاعیرێك,هەولێ هوشیاركردنەوەی مرۆڤەكان دەدات,بەمەبەستی دروستكردنی دیدگای مرۆڤدۆستانە بۆ مرۆڤ.ئەمەش لە رێی گوتاری نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی نێوان مرۆڤەكانوبەرجەستەكردنی یەكسانیودادپەروەری لە نێوانیاندا.هەربۆیەشە روو لە مرۆڤ دەكاتودەڵێ:_

***باسێ قات نەبێت خانووسەراكەت...***
***پارەی قاتێكیان بدە براكەت...***
***دەوڵەمەند مەڵێ هەوڵی بۆخۆیە..***
***نەبوونی هەژار نەبوونی تۆیە...***

ئەگەر سەرنج لەودەربرینە شیعریە بدەین,دەبینین شاعیر بەپەرۆشەوە,داوالەكەسانی زەنگینوخواپێداودەكات,كە ئاور لە ژیانی كە سانی تریش, ئەوانەی هەژارن بدەنەوەو,هەرتەنیا بۆخۆیان نەژین. بەمەش شاعیر لە رێی گوتاری شیعریەوە هەوڵی بەرجەستەكردنی ژیانێكی یەكسانودادپەروەر,لەنێوان مرۆڤەكان دەدات.شاعیر لەرێی سرینەوەی كارەكتەری دەولەمەند,هەوڵی باشتركردنی ژیانی هەژارێك نادات,بە پێچەوانەوە,بە لكو لە روانگەیەكی مرۆڤدۆستانە,بە زمانی دیالۆگوبروادروستكردن,دەیەوێت ئەو هەستوتێروانینە لای دەولەمەندەكان دروست بكات,كە یارمەتیدانی هەژارەكان,كارێكی ئەخلاقیوكۆمەلاٌیەتیوهیۆمانستانەی بەرزە.لەوروانگەیەوە,هاوكاری كردنیان ئەركوپێویستە.بەمەش شاعیر دیدگایەكی مرۆڤدۆستانە ,دەردەبرێتوهوشیاری كۆمەلاٌیەتی لەنێوان مرۆڤەكان بلاودەكاتەوە.شاعیر لەرێی رقوسرینەوەوفەرمانكردنەوە,ئەوداوایە ناكات,بە پێچەوانەوە بەلكوبەزمانی ئاخاوتنی مرۆڤدۆستانەو,لەروانگەی هەست كردن

بەبەرپرسیاریەتیوسۆزوخۆشەویستی بۆ کەسانی ترئەوداوایەدەکات.دیارە هەمووممان دەزانین,ژیانی کەسێکی دەولەمەند لەرووی باری ئابوریوکۆمەلأیەتیوگوزەرانەوە هاوتای کەسێکی هەژار نییەو,ئەو لە هەلومەرجێکی شیاوتروخۆشتروبێ ئاریشەتر دەژیت, وەك لەوەی کەسێکی هەژار بە هۆی نەبوونیونەداریەوە, شانی داوەتە بەرسەختی ژیانو بە کۆلەمەرگی دەژیت.بۆیە هاوکاریکردنی ئەو مرۆڤانە, وەك کلتوورێکی کۆمەلأیەتی, کە هەمیشە لە کۆمەلگای کوردیدا وەك دیاردەیەك بوونی هەبوە, ئەرکی کەسانی ترەو کارێکی مرۆڤدۆستانەی بەرزە.بەمەش شاعیر گیانی خۆشەویستیوروحی هاوکاریوتەبایی,لە نێوان مرۆڤەکاندا دێنێتە ئاراوەو,هوشیاری کۆمەلأیەتی بلأودەکاتەوەوهزری مرۆڤەکان بە ئاقاری مرۆڤدۆستیوژیاندۆستی دەبات.ئەگەر سەرنج لە ناوەرۆکی ئەو کۆپلە شیعریەش بدەین دەبینین, شاعیر نالێ (پارەی قاتێکیان بدە بەمن)دەلێ(بدەبراکەت)هەلبەتە چەمکی براش, وەك دەستەواژەیەکی کۆمەلأیەتیوهێمایەك بۆ پەیوەندی نزیکی نێوان کەسەکان,هەموو مرۆڤێك دەگرێتەوەوبەبێ هەلأوێردکردن.

بێگومان وەك باسمان کرد قانع یەکێك بوە لەو شاعیرە کوردانەی,ژیانێکی سەختودژوار ژیاوەو,سالأنێکی زۆریش بە پیشەی ئاشەوانی کاری کردوە.ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆرەخساندوە کە لەنزیکەوە ئاگاداری کە سانی هاوشێوەی خۆی بێتولە شیعرەکانیدا باسی نەهامەتیەکانی ئەوانیش بکات.بۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی باس لە هەژاریونەبوونی دەکاتو خۆزگە دەخوازێت ئەوانیش ژیانێکی خۆشوبێ ئاریشە بژین.ئەمەش چ لە رێی هاندانیان بێت,تاکو دەستەوەستان نەوەستنوخەباتی چینایەتی بکەن,یاخود لە رێگەی بەرجەستە کردنی دیدگای مرۆڤدۆستی بێت لە نێوان کەسەکان. ئەمەش بە هاوکاریکردنودەستگرتنی کەسانی هەژار لەلایەن کە سانی زەنگینودەولەمەندەوە,وەك باسمان کرد.بۆیە قانع لە شیعرێکی دیکەیدا دەلێ:_

***هەژار رەبی نەجاتت بێ لە ئەم حالەی پەرێشانت...***
***غەنی تۆش بێرە سەر باری سەخا دەستم بەدامانت...***



وەك باسمان کرد گەرچی شاعیر ژیانێکی سەخت ژیاوە,وەلێ ئەمە هەرگیز نەبۆتە پالنەرێك کە قانع لە ژیانیدا ببەزێتوتوشی نائومێدی ببێتوبەوهۆیەوە ,لە شکۆی مرۆڤانەی خۆی کەم بکاتەوە.بە پێچەوانەوە بەلکو هەمیشە رازیوئاسودەبوە بەو ژیانەی تیایدا ژیاوە.چونکە ئەو ژیان لە دووتوێی مانایەکی فەلسەفی قولتر دەبینێت,کەئەویش مردنە. بەو مانایەی کەمرۆڤ بمرێت ئیدی سەختیەکانی ژیان ئەوەناهێنن, کە توشی نائومێدی بکەن. ئەمەلەلایەك, لە لایەکی ترەوە هەلبەتە ژیانی هەموو مرۆڤەکان,لەرووی چۆنیەتی ژیانەوە وەك یەك نییەوتا ئەزەلیش وەك یەك نابێت,بۆیە قانع لە رێی گوتاری شیعریەوە دەیەوێت ئەو بروایە لای مرۆڤەکان دروست بکات,کە هەمیشە قانعورازی بن بەو ژیانەی هەیەتیان, بێگومان ئەمەش بەو مانایە نییە,کە دەستەوەستان بوەستنوتێنە کۆشن.بەلأم کاتێ جیاوازی کۆمەلأیەتیوچینایەتیش لە نێوان مرۆڤەکان هەبوونابێ ببێتە هۆکاری ئەوەی مرۆڤەکان لە ژیاندا شکست بێننوبروخێن. بۆیە وەك مرۆڤێك شێوە ژیانی خۆی دەکاتە نموونە بۆ ژیانی کە سانی ترو دەلێت:_

***چ فەرقی نییە لای من ,گەدایی یاخود پاشایی...***
***کەهەردووهەر ئەمانەت بن خەیالی تەختی شا ناکەم...***

شاعیر هەردووچەمکی ژیانومردن بە ئەمانەت دەزانێت.بەومانایەی مرۆڤەکان گەر سەدان سالێش بژین دەمرن.لەمردنیشدا هەموو مرۆڤەکان وەك یەك, بە جیاوازی شوناسی کۆمەلأیەتیان یەکسانن. کەسێکی زەنگینوکەسێکی هەژار هاوتای یەکتری دەبێ رووبەرووی ئەو چارەنووسە ببنەوە.کەواتە ژیانێك مادامەکێ مەرگی لەدوابێت,ئەوەناهێنێت مرۆڤ سەختیوخەفەتوناسۆری لە پێناودا بکێشێت.بە تایبەتیش کە خودی ژیان لای مرۆڤەکان بە گشتی تاقیکردنەوەیەکی راگوزەرەو کۆتایی دێت.ئیدی کەم تازۆر مرۆڤەکان دەبێ رازیبن بەوژیانەی پەروەردیگار بۆی دیاریکردون.جا ئەو ژیانە گەدایی بێت

یاپاشایی.بێگومان دنیابینی مرۆڤدۆستانەی قانع وەك مرۆڤو وەك شاعیرێکیش, لە ئاستێکدایە کە ئامادەیە ژیانی خۆی ببە خشێت لە پێناو بوونوخۆشگوزەرانی ژیانی کەسانی تر.ئەمەش لوتکەی خۆنەویستیوژیاندۆستیوئەوپەری گیانی مرۆڤدۆستیوقوربانیدانە,لە پێناو هاوشوناسەکەی تری کە ئەویش مرۆڤە.هەروەك لە شیعرێکی تریدا دەلێت:_

***دڵێ نەناڵێ بۆهیچ نەخۆشێ..***
***ئازاری نەبێت بۆهیچ پەرۆشێ..***
***هەر بۆ ئارەزووی خۆی تێ بکۆشێ...***
***بۆزامێکی هێز زووخی نەنۆشێ..***
***یاخوا ئەودڵە هەر ئاوارەبێ..***
***بە تیغی دوژمن پارە پارە بێ...!!***

قانع لەکاتێکدا ژیانێکی ئەو پەری کۆڵەمەرگی ونەهامەتی ژیاوە,کەچی وێرای ئەمەش لەبری ئەوەی خەمی ژیانی تایبەتی خۆی بێت, بە پێچەوانەوە خەمی مرۆڤەکانی تریەتی بەگشتی .ئەمەش دەلالەتی مرۆڤدۆستیوهەستی ژیاندۆستی قانع دەگەیەنێت. کە بەدڵنیایەوە, هەر ئەمەشە ناوەرۆكوماهیەتی راستەقینەی ئنسانانەی مرۆڤ لەژیاندا...

تێبینی/ئەم بابەتە لە ژمارە(18)ی رۆژی 2011/8/16هەفتەنامەی ئەدەبی پەیك,کە پاشکۆیەکی ئەدەبی رۆژنامەی رۆژنامەیە, بلاْوکراوەتەوە....



# جوگرافیای شوێن لە شیعری کوردیدا

یەکێك لە خەسڵەتەکانی شیعری هاوچەرخ, ئەو فرە مەدلولیەیە، کە لە دووتوێی بونیادی دەقدا هەیە. فرە واتایەك کە خوێنەر ناچار دەکات پاشخانێکی رۆشنبیری گەورەو هەمە جۆری هەبێت، تاکو بتوانێت کۆدەکانی دەق بکاتەوەو راڤەیان بکات.لە شیعری هاوچەرخدا دەق گوتاری گوتارێکی فرە مانایەو لە یەك کاتدا دەشێ چەندین بابەتوئاماژەو دەلالەت بگەیەنێت. لە راستیدا لە نێوان شیعری هاوچەرخودیاردەکانی ژیانوبووندا,هەمیشە بە یەکداداچوونێك هەیە کە بە هۆیەوە دەق دەبێتە بونیادێکی کراوە, کەلەیەك کاتدا دەشێ گوزارشت لە چەندین دیاردە بکات. گوزارشتکردن لە شوێنیش وەك رەگەزێك لە بونیادی دەقدا یە کێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی. بە رادەیەك کەم ئەزموونی شیعری شاعیرانی کورد هەیە بە شاعیرانی کلاسیکیشەوە, تیایدا هەست بەو گوزارشتکردنەی شوێن نەکەین. شوێن بەمانا جوگرافیەکەی چ لە ئاستی شوێنی گەورە یاخود بچوك هەمیشە ئامادەییو رەنگدانەوەی هەبوە لە گوتارو دنیابینی شاعیراندا.واتە شوێن وەك پانتایەکی جوگرافی لە دووتوێی دەقی شیعریدا بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە ناساندراوە. بۆنموونە شوێن وەك ولاْت,شار ,گوند, باخچە, رەزوکێڵگەو..تد.بێگومان رەنگە بەشێکی هەرە سەرەکی لەو ئامادەیەی شوێن لە شیعری کوردیدا, بۆ ئەو پەیوەندیە ژینالۆژیایەی نێوان مرۆڤوسروشت بە گشتیو شاعیروشوێنیش بە تایبەتی بگەرێتەوە. بەوپێیەی شوێن هەرتەنیا پانتایەك نییە بۆ ژیانی مرۆڤو بوونەوەرەکان , بەڵکو شانۆی رووداو بە سەر هاتەکانیشە. لەو سۆنگەیەشەوە رووداوەکان دەبنە بەرمەبنای نیشاندانی شوێن لە

شیعردا. بەدەربرینێكی تر كاتێ ڕووداوێك یا چیرۆكێكی تراژیدی لە ئاستی سایكۆلۆژیدا,شاعیر تووشی هەڵوەستەو ڕامان دەكاتو سەرەنجامیش خودی ئەو ڕووداوە لە ئاستی ڕوودانیدا, دەبێتە كەرەستەو ئاماژەیەكی شیعری, ئیدی شوێنیش دەبێتە بە شێك لەو ناساندنە.بەومانایەی خودی ڕووداوەكە پەیوەستە بە كاتوشوێنێكەوە. هەڵبەتە مەرج نییە هەموو كاتێك شوێن ببێتە جێگەی تێرامانی شاعیر,بە لكو ئەمە پەیوەستە بە ڕادەی كاریگەریەتیوئستاتیكای شوێنەكە.بە دەربرینێكی تر لە زۆركاتدا كاتێ شوێن ڕەهەندێكی واتایی وەردەگرێتو دەبێتە بە شێك لە دنیابینی شاعیروبونیادی تێكستی شیعری,ڕەنگە پەیوەست نەبێ بەو ئامادەیە جوگرافیوتۆپۆگرافیەی شوێن, بە قەد ئەوەی ڕووداوێك یانیش كارە ساتێك ڕۆڵی ناساندنی تیادا دەبینێت, كە دەتوانین بەوشێوەیە نیشانی بدەین:-

***شوێن***

***دنیا بینی شاعیر*** ——— ***تێكستی شعری.***

***ڕووداو***

بە شێوەیەكی گشتی لە گوتاری شیعری كوردیدا, هەمیشە شوێن ڕەهەندێكی سیاسیانەی وەرگرتوە.بەدەر لە ڕەهەندە جوگرافیەكەی خۆی.بەدەربرینێكی تر لە دنیابینی شاعیرانی كوردا بە تایەتیش شاعیرانی هاوچەرخو لە نێویشیاندا شاعیرانی نێوەراستوكۆتایی سەدەكانی ڕابردوو,شوێن لەو ڕوانگەیەوە جێگەی تێرامانیان نییە كە ڕەهەندێكی جوگرافیو تۆپۆگرافیو ئستاتیكی هەیە,بەلكو دەرەنجامی ڕووداوێكی سیاسیە.دیارە ئەمەش پەیوەستە بەو بێ ناسنامەیەی شاعیر لە ئاستی شوێندا. واتە نەبوونی نیشتمانێكی ئازادو سەربەخۆ وەك بەشێك لە شوناسی مرۆڤەكانوهەوڵدان بۆ بیناكردنی ئەو شوناسە لە ڕێگەی تێكۆشانوخەباتی سیاسیەوە ,دواجار وایكردوە كە شوێن ئەو ڕەهەندە سیاسیە وەربگرێت.بۆیەشە دەبینین نیشاندانو تەوزیفكردنی شوێن لە شیعری كوردیدا هەمیشە فۆرمێكی سیاسی وەرگرتوە. لەو ڕوانگەیەشەوە گەر سەرنج



بدەین دەبینین وەسفی شوێن(كوردستان) وەسفێكی سیاسیە بە تایبەتیش لەو قۆناغە شیعریەی ئاماژەمان پێدا.

زۆرجار شوێن,لەدنیابینی شاعیراندا ئەو ڕەهەندە سروشتیەی خۆی جێدێڵێتوچوارچێوەیەكی دیكەی سیاسی,یاخود ئستاتیكی, یاخود نوستالوژیویادەوەری,یاخودشۆرشگێڕی,یانیش دابرانوغەریبی, یاخود تراژیدی وەردەگرێت.واتە خودی ئەو شوێنە لەڕووی جوگرافییەوە فۆرمێكی تری دەدرێتێ كە دەرەنجامی ئەو ڕووداوكارەساتو تێڕوانینە هزریانەیە , كەلە چوارچێوەی شوێنێكدا لە هزری شاعیر دەبنە دیمەنێكودواترتۆماردەكرێن.سەرەنجامیش وەك دەربرینێكی شیعری لە دەقدا خۆیان بەرجەستە دەكەنودەبنە یادەوەری لای شاعیر. لێرەوەش ئەگەر سەرنج لە ئەزموونی شیعری شاعیرانمان بدەین, دەبینین ئەو یادەوەریانەی شوێن بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆبێت یاخود سیمبولی ڕەنگدانەوەیان هەیە لە شیعردا. بێگومان ئەمەش بە پێی دنیابینیوئەزموونی شیعریوڕادەی كاریگەریەكانی ڕووداووشوێن لە ئەزموونی شیعری شاعیرێكەوە بۆ یەكێكی تر جیاوازە.وەلێ هەموویان دواجار لە خاڵێكدا یەكدەگرنەوە كە ئەویش گوزارشتكردنە لە شوێنێك كە بوەتە بە شێك لە یادەوەری شاعیر خۆی.

هەڵبەتە لەگەڵ پێشكەوتنەكانی ژیانوگۆڕینی ڕەهەندی شوێن لە ئاستی جوگرافیای گوند بۆشاروئاڵۆزبوونی ژیانی تاكەكان لە ئاستی ڕوحیوكۆمەلأیەتیدا,كەبەهۆیەوە جۆرێ لەنامۆبوونی ژیانی تاكەكانی هێناوەتە ئاراوە,دیارە ئەو گوزارشتكردنەی شوێنیش تارادایەك گۆڕاوەو, لە ئاستێكی دیكەدا بەرجەستە كراوە.بەو مانایەی جوگرافیای شوێن چیتر گوزارشت نییە بۆ پانتایەك كە تیایدا ئاسودەیی دەداتە مرۆڤەكان. بە پێچەوانەوە بەلكو شوێن لە ئێستادا سیمبولێكە بۆ تێكشكاندنی جوانیەكانی ژیانوگۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێكی میهرەبان بۆ ڕۆبۆتێك. بە دەربرینێكی تر جوگرافیای شوێن لە ئێستای شیعری كوردیدا, پانتایەكە بۆ نەمانی پەیوەندیە كۆمەلأیە تیەكانوتێكشكاندنی بەها ڕوحیەكانی مرۆڤو سەر زەمینێكە بۆ ئاشوبوكارەساتو ماڵوێرانی.واتە هەمان ئەو جوگرافیایەی دوێنێی نییە كە

هێمایەك بوو بۆ پاكیوسروشتێكی ئستاتیكی. لێرەوەش ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەدوای ئەو ئالۆزبوونەی ژیانوپێشكەوتنەكانی سەردەم ,شار وێنەیەكی دیكەی بە خۆوە بینیوە كە ئەویش وێنەیەكی نێگەتیڤە.بەومانایەی چیتر پانتایەك نییە بۆ جوانیەكانی ژیان .ئەمەش والە شاعیران دەكات كە دیوێكی دیكەی ئالۆزوو ناشرینی شار وەك جوگرافیایەك ,لە شعرەكانیاندا بەر جەستە بكەن.بۆنموونە وەك شیعری(شار)ی (سوارە ئێلخانیزادە. كە گوتارێكی تەواو رەتكەرەوەیە بۆ ژیانی شار بە هەموو رەهەندەكانیەوەو گەرانەوەیە بۆ گوندو ژیانی نێو سروشت.

بێگومان وەك ئاماژەمان پێدا,جوگرافیای شوێن لە شیعری كوردیدا,مەرج نییە هەموو كاتێك رەهەندێكی سروشتی بۆ ناساندنی لە پشتیەوە بێت. بەڵكو بە پێی دنیابینی شاعیرو هەموو ئەو رووداوو كارەساتانە دەبێت, كە دەبنە جێگەی تێرامانی شاعیر. لێرەدا بۆ ئەوەی ئێمە بە شێوەیەكی بەرجەستە تر ئەو تایبەتمەندیەی شیعری كوردی لە بارەی جوگرافیای شوێنەوە پیشان بدەین,لە ئاستی پراكتیكیدا چەند نموونەیەك لە شیعری شاعیران وەر دەگرین و پیشانیان دەدەین. كە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنی دەكەین:_

### *شوێن وەك رەهەندی سیاسی

**بەوپێیەی شوێن, پانتایی هە**موو رووداوێكە لە ئاستی سیاسی یاخود كۆمەلایەتی، ئیدی ئەو رووداوانە دەبنە بە شێك لە یادەوەری شاعیرودواتر لە شیعرەكانیدا رەنگدەداتەوە. بۆنموونە (شێخ رەزا) دەلێ:

***لە بیرم دێ سلێمانی***
***كە دارولوملكی بابان بوو..***

لەو دێرە شیعریەدا سلێمانی وەك جوگرافیای شوێنێك نیشاندراوە.بەلام ئەوەی لە پشت ئەو وێناكردنەوەیە, رەهەندێكی سیاسیە نەك سروشتی.بە دەربرینێكی تر، شاعیر بۆیە سلێمانی دێتەوە یاد,چونكە پایتەختی بابانەكان بوە.واتە بوونوپێگەی سلێمانی لە دیدگای شاعیردا پێگەیەكی سیاسیە نەك



سروشتی. شاعیر لەو دەربرینەدا وەسفی سلێمانی وەك شوێنێك ناكات , كە تیایدا شاخی جوانو سەركەش دەوریان داوە. یاخود هەلكەوتەیەكی تۆپۆگرافیوجوگرافی سەرنج راكێشی هەیە.بەلكولەو سۆنگەیەوە سلێمانی جێگەی تێرامانی شاعیرە كە پایتەختی سیاسیوئیداری میرنشینی بابان بوە.ئەوەی لە و دێرە شیعرە لە پشت ناساندنی شوێنە رەهەندێكی سیاسیە.

### *شوێن وەك رەهەندی ئستاتیكی

ئە گەرچی سروشت بە گشتی وەك رەگەزێك هەمیشە جێگەی تێرامانی شاعیران بوەو بە بەردەوامی رەنگدانەوەی هەبوە لە شیعردا. بەو پێیەی سروشت بۆ خۆی چوارچێوەیەكی ئستاتیكی هەیە بە تایبەتیش سروشتی راستە قینەی شوێنەكان تا ئەو ساتە ی دەستی مرۆڤی پێ نە گەیشتوە. بەلام لە گەلّ ئەمەشدا زۆر جارشوێێك بە هۆی دیاردەیەكی سروشتیەوە رەهەندێكی ئستاتیكی تر وەردەگرێت بە دەر لە سروشتی خۆی . دیارە ئەمەش دەرەنجامی ئیعجابی شاعیرە بە شتێك. بۆنموونە (پیرە مێرد) ی شاعیر دەلێ:_

**بە یانی بوولەخەو هەستام كە روانیم بە فر باریوە**
**سلێمانی ئە لێی بە لقیسە تارای زیبوی پۆشیوە...**

شاعیر دیاردەیەكی سروشتی كە بەفر بارینە دەبێتە هۆی ئەوەی لە لای وێنەیەكی ئستاتیكی جوگرافیای سلێمانی وەك شوێنێك نیشان بدات.ئەگەرچی شاعیر تەمەنێكی زۆر لەو شارە ژیاوەو چەندان كارەساتو رووداوی بینیوە. وەلێ بە یانیەك كە لە خەو هەلدەستیو دەبینێ بە فر باریوەو سلێمانی دیمەنێكی جوانی هەیە. ئیدی ئەمە دەبێتە جێگەی سەرنجی شاعیرو رەنگدانەوەی لە دنیابینیدا.دواجاریش لەو دەربرینەدا وەسفی سلێمانی دەكات. كەواتە ئەوەی لە پشت جوان نیشاندانی سلێمانیە وەك جوگرافیای شوێنێك لە و دەربرینەدا خودی بە فر بارینەكەیە كە بۆتە جێی تێرامانی شاعیر نەك شار.

***شوێن وەك ڕەهەندی ژینالۆژی**

لە نێوان شوێن‌و ژیانی مرۆڤدا پە یوەندیەکی روحی‌وسروشتی قولّ هەیە بە ڕادەیەك مرۆڤ کاتێ لە شوێن‌و زێدی ڕاستە قینەی خۆی بە هەر هۆیەکەوەبێت دائەبڕێت .هەستێکی غەریبی گەورە دایئە گرێت‌و هەمیشە تاسەی گەرانەوەیەتی بۆ زێدی یەکەم‌و ڕاستە قینەی خۆی.بە تایبەتیش شوێنگەی لە دایك بوون‌و چاوکردنەوەی.(پە شێو)ی شاعیر دەڵێ:_

ئەگەر ئەمجارەشیان ڕێم بکەوێتەوە
بێرکۆت...
لێشم دەی, لێشم حەرام کەی شیری خۆت
من بە تەشیەکەی مناڵیما دەڕێسمەوە..
دار بەرد گڵ قور ..چیم بێتە ڕێ دە یلێسمەوە..

لەو دەربڕینە شیعریەدا ئەو پەیوەندیە قولەی نێوان مرۆڤوشوێن دەبینین.شاعیر تاسەی گەرانەوەیەتی بۆزێدی لە دایك بوونی.شاعیر ئەم شیعرەی لە شوێنێك نووسیوە کە (مۆسکۆیە). کەچی دەبینین لەوێوە لە نێو ئەو هەموو پێشکەوتن‌وجوانیەی ئەوێدا خۆزگەی گەرانەوە بۆ گوندەکەی دەخوازێت. کە بێگومان ئەگەر سەرنج لە بێرکۆت‌ومۆسکۆ وەك دووشوێن بدەین, دەبینین بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێن لە ئاستی پێشکەوتندا.کەچی دەبینین جوانیەکان‌وپێشکەوتنەکانی ئەوشارە نابنە جێگەی تێرامانی شاعیر لەو شیعرەدا , بە پێچەوانەوە ئەو تاسەی گەرانەوەیەتی بۆ گوندە قوراویەکەی خۆی کە بێرکۆتە..

***شوێن وەك ڕەهەندی تراژیدی**.

مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەو شوێن‌وژینگەی تیایدا ئەژیت. هەمیشە کارەسات‌وڕووداوەکان بە هەردوو دیوی خۆش‌وناخۆش کاری لێدەکەن‌ولە یادەوەری دەمێننەوە.زۆر جار کە لە شوێنێکدا کارەساتێکی تراژیدی ڕوودەدات, بە



ئەندازەیەك کارلەو کەسانە دەکات کەلەو شوێنەدان .بەرادەیەك لە ئاستی دەروونیدا بە هۆی گەورەیی کارەساتەکەوە توشی شۆکیان دەکات.(شێرکۆ بێکەسی)ی شاعیر دەڵێ:

**تۆ ئەی کچی تەمەن دەساڵەی هەڵەدن...**
**وەختێ تۆیان کوشت..**
**دەشیعری..من..**
**دە شیعری تازەی منیان کوشت!!!**

هەڵەدن,گوندێکە لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی کە هەمیشە ئەو شوێنە لانکەی خەبات‌وتێکۆشان‌و قوربانیدان بوە لە هەموو ڕوێکەوە لە شۆرشی کۆن‌ونوێ. شاعیر سەردەمێك لەو شوێنەدا ژیاوە. کارەساتی کوشتنی کچێکی تەمەن دەساڵەی ئەو گوندە بەرادەیەك کار لە هزرو دنیابینی شاعیر دەکات‌و توشی هەڵوەستەورامانی دەکات کە خودی گوندەکە بکاتە شوناسێك بۆ یەکێ لە قوربانیەکانی ئێمە.لێرەدا هەڵەدن شوناسێکە بۆ ئەو کچەو بەهەمان شێوە خودی کچەکەش شوناسێکە بۆ گوندەکە.ئەوەی لە پشت ناساندنی ئەو گوندەیە وەك جوگرافیای شوێنێك,ڕەهەندێکی سروشتی نییە بە لکو تراژیدییە. شاعیر بۆیە هەڵەدنی لا بۆتە جێگەی تێرامان‌وبەرجەستەکردن لە شیعردا چونکە کچێکی تەمەن دەساڵەی لێ شەهید بوە, کە هێمایە بۆ قوربانیەکانی ئێمە.

***شوێن وەك ڕەهەندی نوستالۆژی**

یادەوەریەکان دیارترین ئەو ڕەگەزانەن کە هەمیشە پەیوەندی نێوان شوێن‌ومرۆڤ ڕادەگرن.یەکێ لەو لایەنانەی وادەکات ئێمە هەمیشە شوێنێکمان لە یاد بێت مانەوەی ئەو یادەوەریانەیە کە ئێمە لەو شوێنەدا هەمان بوە. ئەوەبۆیە زۆرجارکە جوگرافیای شوێنێك دەبێتە جێگەی تێرامان لای مرۆڤێك, لەبەر ئەو یادەوەریانەیەتی کەلەو شوێنەدا هەن.(ڕەفیق سابیر)ی شاعیر دەڵێ:

**تۆ بەدوای مندالّیتا..وێلّ بووی**
**کەلەوێ..لە کۆلاّنە..کوژراوەکانی..**
**قەلاّدزێدا..**

لەو دەربرینە شیعریەدا, قەلاّدزێ کە یەکێکە لە شارەکانی ئێمە وەك جوگرافیای شوێنێك نیشاندراوە.ئەوەی لە پشت وێناکردنونیشاندانی ئەو شوێنەیە رەهەندێکی نوستالۆژییە واتە یادەوەریوفلاش باگە.شاعیر بۆیە قەلاّدزێی دێتەوە یاد چونکە مندالّی خۆی لەوێوە بە سەر بردوەو کۆمەلێك یادەوەری لێوە جێهێشتوون.لێرەوەش ئێمە پەیوەندی نێوان یادەوەریو مرۆڤو شوێنمان بۆ دەردەکەوێت...

## *شوێن وەك رەهەندی تەکنەلۆژی

بێگومان چەند ژیان لە ئاستی ژینگەوشوێندا پێشبکەوێت, ئەوەندش پەیوەندی نێوان شوێنو مرۆڤەکان جەنجالّترونامۆتر دەبێت. تەکنەلۆژیاوگۆرینی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکانی ژیانوگۆرانکاری لە بونیادی سرشتی شوێنەکاندا مرۆڤ دووچاری جۆرێ لە نامۆبوونی روحی دەکات.کە بە هۆیەوە خۆزگەی گەرانەوە بۆسروشت بخوازێت.(سوارە)ی شاعیر دەلّێ:-

**وەرس بوو گیانی من..,لە هارە هارەی شار..**
**لە شاردا ..دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە دەیکوشم..**

ئەگەر چی لەو شیعرەدا , کە تێکستێکی درێژە, ئاماژە بە شوناسی شار وەك جوگرافیایەك نەدراوە. بەلاّم دەشێ هەمان وێناکردنی ئەو شارە , بۆ شوێنەکانی تریش بشێت. چونکە تیایدا پەیوەندی نامۆو ئالّۆزی نێوان مرۆڤو شوێن دەردەخات کە بە هۆی پێشکەوتنەکانی بیناسازیوتەکنەلۆژی مرۆڤ رووبەروی نامۆبوونی روحی دەکاتەوەو خۆزگەی گەرانەوە بۆ نێو سروشتی پاكو بێگەرد دەخوازێت.



## *شوێن وەك رەهەندی غەریبیودابران

دورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لە شوێنو زێدی رەسەنی خۆیان, لە بەر هەر هۆیەکەوە بێت دواجار کەسەکان توشی حالّەتێکی غەریبی سە خت دەکاتەوە. دیارترین ئەو بنەما هونەریانەی لە پشت شیعری مەنفاوەن ئەو غەریبیو دابرانەیە کە شاعیر رووبەروی بۆتەوە.بۆیە بە دەگمەن دەبینین تێکستێکی شیعری کە لە جوگرافیای مەنفادا نووسرابێت.ئەو گوتارە غەریبیەی تیادا نەبێت. (نالّی) شاعیر دەلّێ:_

**قوربانی تۆزێ..رێگەتم..ئەی بادەکەی خۆش مرور**
**وەی پەیکی شارەزا..بە هەموو دەشتی شارەزوور...**

شاعیر لە مەنفاوە خۆزگەی گەرانەوە,بۆ دەشتی شارەزوور دەخوازێت کەشوێنو زێدی لە دایك بوونیەتی. شاعیر گەرچی لە شوێنێکی ژیارو پێشکەوتوولە ساتی نووسینی ئەو شیعرەداژیاوە، وەلێ دەبینین وەك غەریبێك خۆی وێنادەکاتو گوزارشت لە دابرانودورکەوتنەوەی خۆی دەکات لە نیشتماندا.

بێگومان ئەو بابەتەی ئێمە لەوە زیاتر هەلّدەگرێت, بە تایبەتیش ئەگەر لە سەر ئەزموونی کۆی شاعیرانمان بوەستین. وەلێ ئێمە وەك بابەتێکی راگوزەرونیشاندانی نموونەی شیعری چەند شاعیرێك کە شوناسی جوگرافیای شوێن دەردەخەن, بەکورتی لە سەری وەستاین.بەوهیوایەین لە داهاتوودا بتوانین بە درێژی بێینەوە سەریان.

تێبینی/ لە گۆڤاری(23)ی ئەدەبی ژمارە(4) مانگی حوزەیرانی 2011بلاّوکراوەتەوە....

# گەران بەدوای ناسنامە لە شیعری*تۆکێی*دا

لەدوای ئەوەی بەری درەختێکی حەرامیان خواردو گوناهیان کردو فڕێ درانە سەر زەوی, ئیدی چیرۆکی نەهامەتیەکانی ژن, وەك بوونەوەرێك دەستی پێ کرد.گەرچی پیاو هەڵەکەی کردوبەری دارەحەرامەکەی خوارد,کەچی بۆ هەتا هەتایە ئەو کەوتە بەرنەفرەت.لەو ساتەوە کە سەرەتای مەرگەساتەکانی ژن دەست پێدەکات,هەمیشە ناسنامەی ئەو مرۆڤە,ناسنامەی کەسێکی گوناهکار بوە,کەهەڵەو تاوانێکی کردوە.ئیدی لە پەراوێزی ئەو هەڵەی خۆیدا,ناسنامەی ئەو لە دنیابینی پیاودا ناسنامەی کەسێکی تاوانبارە.کەسێك کە چیتر لە ئاستی شوناسدا,هاوتای پیاو نییەو نابێت.بۆیەشە هەمیشە شەری ژن لەگەڵ پیاودا,هەوڵدان بوە بۆ گێرانەوەی ئەو ناسنامەیە.لەدنیابینی پیاودا,ژن ئەو بوونەوەرە کۆمەلایەتیە نییە,کەهاوتای پیاوە لە رووی شوناسی مرۆڤانەی خۆی.بەڵکو شوناسێکی تری هەیە,ئەویش بونەوەرێکە لەخزمەت پیاو.بۆیەشە هێندەی وەك,کالاێەك کەلەخزمەتی ئەودایە دەروانێتە ژن,هێندە وەك مرۆڤ تێی نارِوانێت, کە ناسنامەی خۆی هەیە.کاتێ مرۆڤیش بوە خاوەن ناسنامە,ئیدی دەبێتە خاوەن تایبەتمەندیەکانی دیکەش وەك,ئازادی وسەربەخۆییوماف‌وژیان.لێرەوەش دەبینین هەمیشە, جەنگی ژن لە پێناو گێرانەوەی ئەو ناسنامەیە بوە,لە ستەمو کلتووری پیاو سالاری.ناسنامەیەك کە ئیدی شوناسی مرۆڤ دەبەخشێتەوە بە ژنو چیتر,وەك کالاێەك بوونی نابێت لە خزمەتی پیاودا. شیعری (تۆکێی) لە ناوەرۆکدا,هەڵگری ئەو گوتارەیە کەباسمان کرد.کە ئەویش گوتاری پرسیار لە ناسنامەی خودو,هەوڵدان بۆ گێرانەوەی ئەو



ناسنامەیە.ناونیشانی شیعرەکە,کە شێوازی پرسیاری هەیە,جۆرێك لەوەستانەوەی تیادەبینرێت,لە بەرامبەر قەدەرێکی مرۆڤدا,لە دەرەوەی ئیرادەی ئەو,کە ئەویش قەدەری بوون‌وهاتنە نێو ژیانە.بەدەربرینێکی تر,شاعیر لە شێوەی سکالاٚوادادگاییکردنێکی خودیدا,جۆرێ لە رووبەرووبونەوەو پەشیمانی دەردەبرێت,لە بوون‌وژیانی ژندا.بەومانایەی کەژن هاتۆتە بوون‌ودروستکراوە,ئیدی چۆن دەبێت,کارەکتەرێکی بێ ناسنامەو چەوساوە بێت.دیارە لە کۆ مەلگا رۆژهەلاٚتیەکان بە گشتیوکوردیش وەك بە شێك لەو کۆمەلگایانە,هەمیشە ژن مرۆڤێکی چەوساوەو پلەدوو بوە.مرۆڤێك بێ ناسنامە لە دنیابینی پیاووکۆمەڵگەدا,بێگومان کاتێ مرۆڤیش لە ئاستی بووندا ناسنامەی نەبوو, ئیدی ئەو مافانەشی نابێت,کە ئەو ناسنامەیە پێی دەبەخشێت.بۆیە شاعیر لە شیعری(تۆکێی)دا,کەدەلالەتێکی پرسار ئامێزی هەیە,هەوڵی ناساندنی ئەو ناسنامەیەی خۆی,وەك سیمبولێك بۆ کۆی ناسنامەی ژنەکانی تری کۆمەڵگاکەی دەدات.لە پەراوێزی ئەم گوتارەشەوە دەیەوێت,بە پیاو بڵێت,کە ئێمەش هەین.شاعیر وەك ژنێك,لە ململانێ دایە,بۆ گێرانەوەو ناساندنی ئەو ناسنامەیە.بەلاٚم پرسیار لێرەدا ئەوەیە,کە ئاخۆشەری بەدەست هێنانەوەی ئەو ناسنامەیە, هێندە ئاسانە؟ بەدەربرینێکی تر چۆن بتوانێت,ئەوناسنامەیە بینا بکات؟شاعیر دەزانێ بە بێ ئەو پرسیارە فەلسەفیوئەنتۆلۆژیەی کە مرۆڤ دەبێت لە خۆی بکات,ئەستەمە بتوانێت ئەو ناسنامەیە بینا بکات.بەومانایەی کاتێ مرۆڤ پرسیار لە چیەتی ژیانی خۆی دەکات,ئیدی لەوێوە بەدوای ئەو ناسنامەیە دەگەرێت,کە جارێکی تر ئەو شوناسەی پێدە بە خشێتەوە,کە ئەویش هاوتای پیاوە.لە راستیدا لە کۆمەڵگای کوردیدا,ئەوناسنامەیەی ژن هەمیشە ناسنامەیەکی ونبوە,بەومانایەی لە دنیابینی پیاودا,تەنانەت خودی کۆمەلگاش کە کۆمەلگایەکی پەتریاکیە, ژن وەك مرۆڤ بێ ناسنامەیە.یاخود هەمیشە,بەرامبەر ئەو پرسیارە دەکرێتەوە,کەئەو کێیە,لە ئاست بوونەوەرێکی تر کە پیاوە.ئەمەش لە ئاستی سایکۆلۆژیدا ژن دەخاتە,بەردەم ئەو واقیعە کەدەبێ وەلاٚمی هەبێت بۆ ئەو پرسیارە.ئەگەرچی زۆربەکەمی ژن لە کۆمەلگای ئێمەدا,

هەوڵی بە ئازادی ناساندنی ئەو ناسنامەیەی خۆی دەدات.چونکە ئەمە شەڕێکی سەختەو قوربانی دانی دەوێت.بەدەربرینێکی تر بەگژداچوونەوەی کلتوری پیاوسالاری‌وگێرانەوەی ناسنامە بۆژن لە ئاست پیاودا,بەبێ پرسیار لەخودوسەربەستیەکانی ژیان ئەستەمە.بۆیە یەکەمین هەنگاوی ئەو بیناکردنەی ناسنامە,بە ئازادکردنی خودوجەستەی ژن دەست پێدەکات,لە هێزی پیاودا.بەدەبرینێکی تر ژن نابێتە خاوەنی ئەو ناسنامە تاکایەتیەی خۆی,ئەگەر مولکایەتی خۆی لە پیاو نەسێنێتەوە.چونکە هەمیشە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژن وەك بونەوەرێك مولکیەتی لەدەست پیاودایە,کاتێ لە رووی خاوەنداریەتیشەوە,مرۆڤ خاوەنی شتێك بوو,ئیدی مافی ئەوەشی دەبێت,چۆنی بوێت بەو شێوەیە مامەڵەی پێوە بکات.واتە سەربەستیەکانی ژیانی لەوێوە دەست پێدەکات,کە پیاو بۆی داناوە. لێرەوەش بۆ ئەوەی ئەو ناسنامەیەی خۆی,وەدەست بێنێتەوە دەبێ هەوڵی ئازادکردنی بوون‌وژیانی خۆی بدات,لەدەست پیاودا.بەبێ رزگاربوون لەو مولکیەتەی کە باسمان کرد,هەرگیز سەربەستیەکانی خود,دەستەبەر نابن.بەبێ ژیانیش لە دۆخێکی سەربەستیدا,هەرگیز ناسنامەی خود بینا ناکرێت.چونکە شوناس‌و ناسنامە,دەرەنجامی ئازادی‌وسەربەستیەکانی مرۆڤە لە ژیاندا.کاتێ مرۆڤیش بوە خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆی,ئیدی سنوورەکانی بوون‌وژیانیشی لەدەست خۆیدایە.بۆیە گوتاری هەرە سەرەکی لەو دەقەدا,کارکردن‌وگەرانە بەدوای ئەو ناسنامە خودیە,کەدواجار بیناکردنی, ژن لە مرۆڤێکی بێ ماف‌وچەوساوەوبگرە کۆیلەو ژێردەستەش,دەباتە قۆناغی مرۆڤبوون بە هەموو تایبەتمەندیەکانیەوە.بۆیە شاعیر ئازادانە دەڵێ:_

***لەوەتەی تۆم جێهێشتووە..***

***هەست بە ئاسودەیی دەکەم..***

***لەو کاتەی دڵم لە تۆسەندەوە..***

***خۆم‌وژیانم بیرکەوتەوە...***

***بێ خەمم..بێ ترسم لەوشەکانت...***

***هەرچی دەڵێی..هەرچی دەکەی سەربەرزم...***



ئەگەرچی دابران‌وجێ هێشتن,وەك حالەتێك هەمیشە مرۆڤ لە رووی کۆمەلآیەتی‌وسۆزەوە دەخەنە,بارێکی سایکۆلۆژی قورس‌وورووبەرووی غەریبی دەکەنەوە.بەدەربرینێکی تر کاتێ مرۆڤ لە خۆشەویستەکەی دادەبرێت بەهەر هۆیەکەوە بێت,ئیدی تووشی خەفەت‌وغەریبیەکی گەورە دەبێتەوە.بگرە ئەستەمیشە بەرگەی ئەو دابرانە بگرێت. کەچی بە پێچەوانەوە,لەوکۆپڵە شیعریەدا, شاعیربەخۆشنودیەوە,باسی ئەو دورکەوتنەوەیەو جێهێشتنە دەکات. دیارە شاعیر دەزانێت,هەموو پەیوەندییەکی کۆمەلآیەتی‌وخۆشەویستی نێوان ژن‌و هەردوو رەگەزی جیا,لە کۆمەلگەی کوردەواریدا سەرەنجامی بەکۆیلەبوونی ژن کۆتایی دێت.بەدەربرینێکی ترئازادیەکانی ژن وەك مرۆڤ ,لەوێوە کۆتایی دێت کاتێ لەرووی پەیوەندی کۆمەلآیەتیەوە دەبەسترێتەوە,بەرەگەزەکەی جیا لەخۆی کە پیاوە, ئیدی دەبێتە مولکی ئەو.لێرەدا کێشەکە ئەوەنییە کە ئەو پەیوەندیە دروست دەبێت لەرووی کۆمەلآیەتی‌و سایکۆلۆژیەوە,بەڵکو کێشەکە لەوەدایە,ئەو پەیوەندیە نوێیە سەرەتای بەکۆیلەبوونی ژن‌وزەوت کردنی ئازادیەکانیەتی.ئەمەش درێژە دانە بەو کلتوورە پەتریاکیەی, کە ژن وەك کالآیەك لەخزمەت پیاودا دەبینێت‌و هەموو ئازادیەکانی لەوێوە دەست پێدەکەن, کە پیاو بۆی دیار دەکات. بەدەبرینێکی تر ژن وەك بوونەوەرێکی چەوساوە,مەرگەساتەکانی لە یەکەم رۆژی چاوهەڵێنانیەوە دەست پێدەکات,کاتێ بەچەندین گوتاری تابۆوحەرام جۆش دەدرێت.کاتێکیش دەچێتە نێوتەمەنێکی دیکەوە ئیدی بوونی ئەو لەدەست خۆیدانییە,بەڵکو لەدەست کە سانێکی دیکەیە.کاتێکیش دەیەوێت ئەو ژینگە پەروەردەیە کە خێزانە, جێبێڵێت بۆ ژینگەیەکی ترکە ئەویش, پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزی جیاوازە لە کۆمەڵگای ئێمەدا,بەمەبەستی دەرچوون لەو زیندانەو بیناکردنی ناسنامەوگەیشتن بە ئازادی‌و سەربەستی,ئیدی نەك هەر بەو سەربەستیە ناگات,بەڵکو لە زیندانێکەوە دەچێتە نێو زیندانێکی تر.شاعیر دەزانێت بۆ ئەوەی بگات بەو ئازادی‌وسەربەستیەی خود,دەبێ ژینگەی ئەو زیندانە جێبێڵێت کە پیاو بۆ ی دروست کردوە.بەدەربرینێکی تر شاعیر دەزانێ

گەیشتنی ژن بە ناسنامەی خودوئازادیەکانی خۆی ,بەبێ پچراندنی ئەو رایەلە بە پیاوەوە مەحاڵە. بۆیەشە دەبینین ئەو بەو دابرانو جێهێشتنە نەك هەر خەفەتبار نییە,بگرە خۆشحاڵیشە. لەراستیشدا بۆ مرۆڤ ئازادی گەورەترین سەرمایەیە لە ژیان.هەموو دنیا هی مرۆڤ بێت, کە ئازادی نەبوو مانای وایە هیچی نییە. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ,ئایا گەیشتن بەو ئازادیە, ئاسانە؟ بەدەربرینێکی تر کاتێ ژن لە کۆمەڵگا پەتریاکیەکان بەگشتیوکۆمەلگای ئێمەش بە تایبەتیدا,بەگژ ستەمی پیاو سالاری دەچێتەوەو شەری ناسنامەی خۆی دەکاتوپشت دەکاتە کلتوورو ترادیسیۆنی خێڵەکیانە, ئایا رووبەرووی هیچ ئاستەنگێك نابێتەوە؟بێگومان, دەکەوێتەوە بەر نەفرەتی کۆمەڵگا.بەلام لە پێناو گەیشتن بەو ناسنامەو ئازادیە دەبێ ئەو قوربانیە بداتو وێرای ئەمە باکیشی پێ نەبێت.هەروەك شاعیر خۆشی دەڵێ:_

***بێ خەمم..***

***بێ ترسم لەوشەکانت...***

***هەرچی دەڵێی...***

***هەرچی دەکەی هەر سەربەرزم...***

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین,کە یەکێك لە تێروانینە کۆمەڵایەتیە هەرەدواکەوتوەکانی پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەوەیە, کەهەمیشە چەمکی ئازادیوسەربەستیەکانی ژن لەبەرەلاییدا دەبینێت.بەومانایەی کاتێ ژن هەوڵی ئازادیەکانی خۆی وەك مرۆڤ دەدات,ئیدی لە تێروانینی پیاودا داوای ژیانێکی بێ مۆراڵوسەربەستوبێ پەیوەست بوون دەکات.لەراستیدا ئەمە تێروانینی بە شێکی هەرەزۆری پیاوە لە کۆمەڵگای کوردیدا,تەنانەت بەوانەشەوە کە لەژێر ماسکی تێگەیشتنورۆناکبیریورۆشنبیریشەوەخۆیان مەلاس داوەو دەیانەوێت بەوشوناسەوە ژن چەواشە بکەن. !!لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە,ئازادیەکانی ژن رەهەندێکی دیکەی هەیە, کە ئەویش یەکسانیە لە ئەركومافدا لەگەڵ پیاو.ئازادیەکانی ژن هەوڵێکە, بۆتێکشکاندنی ئەو دیدگا پەتریاکیەی پیاوکەهەمیشە لای وایە ژن ئامێرێکە لە خزمەت ئەوداو ئەرکی ژن تەنهاخزمەتکردنی پیاوە.ئازادیەکانی ژن گەرانە بەدوای



ناسنامەی خۆیدا,سرینەوەی ئەو دنیابینیەی پیاوە کە هەمیشە ژن کورتو بچوك دەکاتەوە بۆ سێکسو تێرکردنی غەریزەکانی.لێرەوەش ژن ناتوانێ بەو مافانەی بگات, ئەگەر ناسنامەی خۆی نەبێت,ناشتوانێ ناسنامەی هەبێت,ئەگەر شەری لابردنی ئەو تەوق وزنجیرە نەکات کە پیاولە ملی کردوەو ئازادی بە دەست نەهێنێت.دەنا مانای وانییە کاتێ ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا داوای ئازادی دەکات بۆ خۆی,ئیدی کارەسات دەخولقێت.بە پێچەوانەوە ئەو دەیەوێت دواجار شوناسی ئەو, شوناسی مرۆڤبێت بە تەنیا,نەك شوناسێك لە سەر دیدگای رەگەزی بونیاد بنرێت.چونکە ئەگەر تەماشای ژنمان کرد وەك مرۆڤ,ئەوا چیمان بۆخۆمان ویست, ئەوەشمان بۆ ئەو دەوێت.

شاعیر لە شیعرەکەیدا,ئەو پەیامە مرۆڤدۆستیە ئاراستە دەکات ,کە پێویستە مرۆڤ هەڵگری بێت.بەدەربرینێکی تر بوونی مرۆڤ لە ژیانیدا,پەیوەستە بەو رەهەندە مرۆڤدۆستیەی کە لە ناخوهزرو دەروونی دایە.بەو مانایەی لەو روانگە مرۆڤدۆستیە بروانێتە ژیانی کەسانی تر.بۆیە شە کاتێ مرۆڤ دەبێتە هەڵگری ئەو دیدگایە,ئیدی دائەماڵدرێت لەو تێروانینوهەستی خۆپەرستیو نەرجسیەتە کە لە ناخیدایە. هەربۆیەشە ماناوبوونی مرۆڤانەی مرۆڤ پەیوەستە بەو خەسڵەتە مرۆڤدۆستیانە وەك, خۆشەویستیو میهرەبانیو تەماشاکردنی مرۆڤ وەك خۆی. بۆیە شاعیر مرۆڤ دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورە لەرووی کۆمەڵایەتی. بەوەی چۆن دەتوانێ دەستی بچێتە تاوانو شەرانگێزیەتوخوێن رشتنی کەسانی تر.بۆیە شاعیر بەهەستێکی سەر سامییەوە دەپرسێ:

***کەسێك مرۆڤ بێ..***

***چۆن دەتوانێ..***

***گوڵ هەڵبوەرێنێ!!؟***

شاعیر لێرەدا,ئاماژە بۆ یەکێ لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی نێوکۆمەڵگای ئێمە دەکات,کەتارادەیەکی زۆر بوە بە کلتوورێك, کە ئەویش دیاردەی کوشتنی ژنە,بە هەرپاساوێکەوەبێت.شاعیر جەستەی ژن بە گوڵ دەچوێنێت.بەو مانایەی

گوڵ خاسیەتی جوانیوناسکیوبۆنخۆشی هەیە.ئیدی لە دیدی شاعیردا ژن ئەو گوڵەیە, کە چۆن دەبێت,هەڵبوەرێندرێت.وێرای ئەمەش گوڵ وەك درەختێکی سروشتی هەمیشە سیفەتی جوانکاری بە ژیان دەدات بە شێوەیەکی گشتی.ئێمە کاتێ لە شوێنگەو ژینگەیەك دەژین, کە رازاوەتەوە بەگوڵ,چەند لە رووی دەروونیەوە هەست بە ئاسودەیی دەکەین.جگە لەوەی هێزێکی سیحریانەی جوانیش بەو شوێنە دەدات.بۆیە ئەگەر گوڵ لەرووی سروشتی سمبول بێت بۆ جوانکردنی ژیان,ئەوا ژنیش لە رووی دەروونیەوە سیمبولێکە بۆ جوانترکردنی ژیانی پیاو.ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە,وەك باسمان کرد,هەموو ماهیەتی مرۆڤ لەو خاسیەتە مرۆڤدۆستانەی دایە کە هەڵگریەتی,بەومانایەی دەبێت خۆشەویستیوسۆزومیهرەبانی هەبێت لە ژیاندا.کاتێ مرۆڤێکیش بوە هەڵگری ئەو خاسیەتانە ئیدی بە دڵنیایەوە,ژیاندۆستانەو مرۆڤدۆستانە دەژیتوئازاری دەوروبەرەکەی نادات.بۆیە پەیامی شاعیر هوشیارکردنەوەی مرۆڤە لەوەی دیدگایەکی مرۆڤدۆستانەی هەبێت,بگرە بۆ مرۆڤوتەنانەت سروشتیش.

بێگومان وەك باسمان کرد,گوتاری ئەو شیعرە گەرانە بەدوای ناسنامە.ناسنامە وەك شوناسێك کە دەبێتە سمبولێك بۆ بوونی مرۆڤ,بەهەردوو رەگەزی جیاوازەوە.لێرەوەش بۆ ئەوەی ژن بگاتە ئەو ناسنامەیە,دەبێ قوربانی بداتوبەگژ ستەموکلتووری پەتریاکیانە دابچێتەوە.دەبێ کار بکات بۆ ئەوەی ئەو دیدگا مرۆڤدۆستیە لە دنیابینی پیاودا بینا بکات, کە ژنیش هاوتای پیاوە.وەك ئەویش مرۆڤە.بەلاّم بە تەنیا لێرەدا ئەو ناسنامەیە گرنگ نییە. بەقەد ئەوەی ئازایەتی نیشاندانی ئەو ناسنامەیەش گرنگە.بەدەربرینێکی تر دەبێ بوونی خۆی لە ژیان بسەلمێنێت.تاکو ئەو دنیابینیەی پیاو تێکبشکێنێ,کە پێی وایە ژن لاوازوبێ دەسەلاّتەو بە تە نیا ناتوانێ هیچ بکات,ئەگەر پیاو لە پشتیەوە نەبێت.لەکاتێکدا ژن خۆشی دەتوانێ ئەو بوونایەتیەی خۆی بسەلمێنێت.هەروەك شاعیر دەڵێ:_

***کە سایەتیوبەرزی سەرم..***



***لەئازادیوئارەزووی ژیانم دایە...***
***ناوی من...***
***دەنگی من..***
***روحوهەناسەی گەرمی من...***
***لەدەستی ئازادیوجورئەتی چاوەکانم دایە...***

ئەمەش وەلاّمە بۆ هەموو ئەوانەی پێیان وایە.ژن وەك بوونەوەرێك لاوازەوشوناسی ئەو لە شوناسی پیاودایەو, ناتوانێت هاوشێوەوهاوتای پیاو بێت لە ژیاندا. لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم, کە ئەوەندی وەك خوێنەرێك تێبینم کردبێت,هەست دەکەم ,باریکان وەك شاعیرێك جورئەتێکی جوانی هەیە لەنووسین. ئەمەش ئەو خاڵەیە کەنووسینی ژن جیادەکاتەوە لە پیاو.چونکە کەم نین ئەو نووسەرە ژنانەی لە نێوەندەکەدا بە هەناسەی پیاو دەنووسن....

تێبینی/ تۆکێی؟شیعرێکی شاعیر باریکان ئیسماعیلە, لە ژمارە(945)رۆژی 2011/7/27 هەفتەنامەی رێگای کوردستان بلاّوکراوەتەوە....

*ئەم بابەتە لە ژمارە(948)ی رۆژی 2011/8/17رۆژنامەی (رێگای کوردستان) بلاّوکراوەتەوە....

# تاسەی شاعیرێك بۆ خلود!

بێگومان مێژووی وێنە,وەك كردارێكی هونەری كۆن دەكەوێتە پێشەوەی مێژووی ئەدەبیات بە گشتیوشیعر بە تایبەتی.چونكە مرۆڤە سەرەتایەكان,لە قۆناغەكانی بەرایی ژیانیاندا ,كاتێ لەچوارچێوەی فۆرماسیۆنێكی كۆمەڵایەتیانەی دواكەوتوو ژیانیان دەگوزەراند,سەرەتا بەوێنەوهێلكاریونەخشاندنوهەڵكۆڵین ئاماژەكانی نێوانیان دەگەیاند.واتە لە رێگەی زمانی هێماوە ناوەرۆكی مەبەستەكانیان دەگەیاندوبەوهۆیەوە گوزارشتیان لەدیاردەكانی ژیانیان دەكرد.چونكە هێشتا زمان وەك دیاردەیەكی زیندووی كۆمەڵایەتیوفیكری لەنێوان مرۆڤەكاندا سەری هەڵنەدابوو.بەڵكو مرۆڤە سەرەتایەكان لە چوارچێوەی ئەشكەوتوژیانی سادەی نێو سروشتدا وێنەیان دەكێشاو لاسایی دیاردەكانی ژیانیان دەكردەوە.دواتر لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی رەوتی ژیانی مرۆڤایەتیوگۆرینی ئەتنۆگرافیای نەتەوە,لە پێكهاتێكی ئەتنیكی بچوكەوە بۆخێڵوهۆزودواتریش نەتەوە,سەرەنجام بەهۆی ئەو تێكەڵبوونە كۆمەڵایەتیوهزریەی نێوان مرۆڤەكان لە ئاستێكی بەرفراوانتر,زەمینەی ئەوەی رەخساند كەزمان وەك ئامرازێكی گۆرینەوەی بیروڕای نێوان مرۆڤەكانوهێمایەك بۆ گەیاندنی واتاو مەبەستەكان,سەرهەڵبدات.بەمەش مرۆڤەكان ئەمجارە لەبری وێنە بەزمان گوزارشتیان لە دیاردەكان دەكرد. كەواتە وێنە بەرهەمی زمان نییە,بەڵكو زمان بەرهەمی وێنەیەو دواجاریش هەردووكیان بەرهەمی هزرن.ئیدی لەوساتەوە,هونەری وێنەكێشانوهێلكاریونەخشاندن وەك بەشێك لەهونەر بەگشتی دەركەوتوونولەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی رەوتی مرۆڤایەتی ئەوانیش پێشكەوتوون,تا بەوقۆناغەی ئێستامان دەگات كەدەبینین وێنە بۆتە بەشێكی سەرەكی كارە هونەریوئەدەبییەكان وەك مۆتیڤوهێلكاریوهەڵگێرانەوەی



واتاكانی نووسین بۆ وێنە, وەك ئەوەی لە شیعردا دەیبینین..بێگومان شیعری وێنەیی,یاخود نووسینی شیعر لە سەر شێوازی وێنە,جا ئەو وێنە ئەپستراكت بێت یا زیندوو,دیاردەیەكی هاوچەرخونوێیە لە ئەزموونی شیعردا.بەومانایەی پەیوەستە بەنوێكاریودەقی شیعری هاوچەرخ.واتە لەرووی دەركەوتنوسەرهەڵدانیەوە مێژوویێكی هێندە درێژی نییە.بێگومان ئەم شێوازەش لە نووسینی شیعر پەیوەستەبە ئەزموونی تایبەتیانی شاعیر خۆی.بەدەر لەوەی خوێنەر چ خوێنەوەیەكی بۆ دەكات.لە ئەزموونی شیعری كوردیشدا نووسینی شیعر لە سەر شێوازێ وێنەیەكی دیاریكراو,ئەزموونێكی هێندە دیاروبەرفراوان نییە و بەدەگمەن,شاعیرانی ئێمە ئەو شێوازە لە نووسینی شیعر پەیرەو دەكەن. لە نێو شاعیرانی ئێمەدا(فرهاد پیربالٚ) یەكێكە لەو شاعیرانەی زۆرترین ئەزموونی لەو بوارەوە هەیە. واتە یەكێكە لەو شاعیرانەی,بۆنووسینی شیعر هەرتەنیا زمانووشە بەرجەستە ناكات,بەڵكو زۆرجار بە شێوازی دیكە شیعر دەنووسێت.بۆنموونە نووسینی شیعر لە سەرشێوەی دارێك, یاخود ستوونێك,یاخود باران بارین. واتە گۆرانكاری لە تۆپۆگرافیای شیعر دەكات. یانیش زۆرجارتاكە یەك وشە دەنووسێتوناوی دەنێت شیعر.بۆنموونە وەك شیعری بۆدایكم كەتەنیا یەك دەربرینی كورتە بەناوی (غەریبیت دەكەم). دەكرێ ئەو شێوازە لە شیعر ناوبنێین,واتای قوڵ لە شیعری كورتدا.بەومانایەی خودی دەربرینەكە,هەڵگری گوتارومانایەكی قوڵە .لە كۆمەڵە شیعری (ئیكزیل)ی شاعیردا,گەلێك نموونەی شیعری لەوشێوەیە دەبینین.گەرچی شاعیر لە نووسینەوەی ئەزموونی شیعری خۆیدا,ئاماژەی بەوەداوە,كە چەند جارێك دوای گەمەكردن بەوشەورامانوبیركردنەوە,دواجار دەرەنجامی گەمەیەكی زمانەوانی بەوشە خودی ئەو شێوە شیعریانەی نووسیوە.وەلێ بە بۆچوونی من دەكرێ خوێنەر,لەروانگەیەكی تریشەوە خوێنەوەی بۆ بكات.بۆنموونە ئەویش هەڵگێرانەوەی واتاومانای شیعرەكەیە بۆ وێنەكەو,دواجاریش ئەوپەیوەندیەشاراوەی نێوان وشەو وێنە.بەومانایەی كاتێ شاعیر وێنەیەك هەڵدەبژێرێتولە سەر شێوازی ئەو وێنەیەش شیعرەكە دەنووسێت, لەبەرچی؟

وەبۆچی؟ پەنا ناباتە بەر وێنەی تر. گەرچی هەڵبژاردنی ئەو وێنەیە,رەنگە لە دنیابینی شاعیردا کردارێکی نەستی بێتوپێشوەختە بیری لێنە کرابێتەوە.وەلێ خوێنەر دەتوانێ لەروانگەی دنیابینیو تێگەیشتنی خۆیەوە,مانایەکی تر بەو وێنە شیعریانە بدات, بەدەر لەومانایەی شاعیری لە خەیاڵی دابوە. یاخود مەبەستی بوە.هەڵبەتە ئەمەش بە شێکە لە پرۆسەی خوێنەوەی دەق لای خوێنەر.لێرەوەش پەیوەندی نێوان خوێنەرودەق دروست دەبێت,کەمەرج نییە یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئەوگوتارو مانایانەی شاعیر مەبە ستیەتی.بۆیە خوێنەوەی شیعرەکان لە سەر شێوازی وێنەکان,بەشێکە لە تێروانینورامانی خوێنەر خۆی.ئیدی چەند دەتوانێ مەبەستەکە بگەیەنێت,ئەوەیان باسێکی ترە .لێرەوەش کاتێ ئێمە شیعرێکی وێنەیی وەردەگرینو دەیخوێنینەوە, ئەوا وەك خوێنەرێك دەمانەوێت شیعرەکە ببینین,نەك وەك ئەوەی شاعیر چۆنی نووسیوە.بەدەربرینێکی تر دەشێ لە دنیابینی شاعیرواتایەکی هەبێتو لە روانگەی ئێمەش واتایەکی تر.هەڵبەتە ئەمەش بە شێکە لە سیماکانی دەقی شیعری هاوچەرخ، کە زۆرتر لە خوێنەوەیەك هەڵدەگرێت. لەکۆمەڵە شیعری ئیکزیلدا , کەلەرووی نووسینەوە دەکەوێتە قۆناغی مەنفا , فرهاد پیربالی شاعیر چەند شیعرێکی وێنەیی نووسیوە.واتە شیعرەکان لە سەر شێوەی وێنەیەك نووسراون. لەنێو ئەو شیعرانەدا هەردووشیعری وێنەیی(خلود)و(تاسە) وەك نموونەیەك وەردەگرینو بەکورتی لەروانگەی خۆمانەوە وەك خوێنەرێك خوێنەوەیان بۆ دەکەین.

## *زەمەن وشوێنی نووسینی شیعرەکان*

هەردوو دەقە شیعری تاسەو خلود,لەرووی شوێنەوە لەمەنفادا نووسراونولەرووی زەمەنیشەوە,پەیوەستن بەو ساتە دەروونیانەی کە تیایدا شاعیر وەك غەریبێك بە ئاوارەیی,لە خۆرئاوادا دەژیا.کەواتە دەکرێ بلێین ,هەردوو شیعرەکە,بەرهەمی زەمەنیکی دەروونین,نەك فیزیکی. بەو مانایەی پەیوەستن بە چرکە نائاگایەکانی شاعیر کەلەنەستەوە,سەریان هەڵداوە. نا ئاگایی بەومانایە نا, شاعیر نازانێ چی دەنووسێت,یاخود مەبەستی بێت روانگەیەکی نهلستیانە لە



ڕێی دەقەکانەوەبگەیەنێت.بە پێچەوانەوە, بەلکو نا ئاگایی بەومانایەی بێ هیچ زەمینە سازیوئاگایەکی فیکریوزمانەوانی دەقەکانی نووسیوە.ئیدی سەرەنجام ئەو دەقانەیان لێکەوتۆتەوە,کەدەیانبینین.هەروەك شاعیر خۆشی لەکتێبی ئەزموونی شیعریم ئاماژەی پێداوە,کەچەندین جار لەرێی تایپەوە وشەی خلودی نووسیوە,تاکودواجار لە شێوەی دارێك دەرچووە.کەواتە ئەو دەقە شیعریانە,هێندەی دەقێکی وێنەیی شێوەکارین,هێندە دەقێکی شیعری ئەپستراکت نین بەمانا شیعریەکەی.بەدەربرینێکی تر ئێمە دەتوانین,ئەو دەقانە چ وەك وشەو زمان بێت بخوێنینەوە,چ وەك وێنەش سەرنجیان بدەینوبیانخوێنینەوە,لەهەردوو حالەتەکەشدا,خوێنەر دەتوانێ بەچەندین مانا بگات جا لە ئاستی وێنەیی بێت,یاخود ئاستی نووسین.دیارە مرۆڤ کاتێ ڕووبەڕووی ژیانی مەنفا دەبێتەوە,جۆرێك لە غەریبیوهەستی نۆستالۆژیا دایدەگرێت,هەستێك کەهەمیشە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت,لەرووی یادەوەریەوە بگەرێتەوە شوێنوزێدی پێشوو.کاتێ کەسی ئاوارەبووش نەیتوانی لە ئاستی جەستەییدا بگاتەوە نیشتمانونێو یادەوەریەکانی پێشووی,ئیدی هەوڵئەدات رەهەندێکی نەستیونائاگایی بەو گەرانەوەیە بدات.واتە لە رێی خەیاڵوئەندێشەو بیرکردنەوەوە,ئەو گەرانەوەیە ئەنجام دەدات.لێرەوەش دنیای تێکست ئەو پانتایە فراوانەیە کەدەشێ مرۆڤ لێیەوە,خەیاڵەکانی گەیشتنەوەی بە نیشتمان تیادا تەوزیف بکات.کەواتە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی پەناهەندە,سایکۆلۆژیەتی کەسێکی دوودڵوغەریبوبیرکەرەوەو,هەست کردنە بەبێ چارەنووسی.واتە بیرکردنەوەیە لە ژیان وەك بوونێکی بەتاڵ.کەدەرەنجامی بێ شوێنییە.بۆیەشە لەزۆرکاتدا ئەومرۆڤانە تێگەیشتنێکی نەستیوبێ ئاگایانەیان,لەبوونوژیاندا بۆ دروست دەبێت,دەشێ نەستیش وەك دیوێکی دیکەی ئەقلگەرایی مرۆڤ,ببێتە سەرچاوەی دەرکەوتنی چەندین وێنەو تێراونینی ناوازە,کەلای ئێمە سەیر بکەونەوە.هەروەك شاعیر خۆشی دەڵێ شیعری خلود بەبێ ئەوەی بزانموبیرم لێکردبێتەوە,وێنەکەی وەها واتە وەك دارێك دەرچوو.کەواتە دەتوانین بڵێین هەردوودەقە شیعریەکە,بەرهەمی گەمەی هزریوزمانەوانی ئەودیونەستی شاعیرن ,لە

شوێنگەو زەمینەیەکی وادا,کەپڕە لە دوودڵیونەهامەتیوغەریبیوبگرە دارمانی دەروونیوروحیش.ئیدی ئەوە خوێنەرە, کە دواجار بەچ دیدێك ئەو دەقانە دەبینێتو دەیانخوێنێتەوە..

## *شیعری( خلود )...

شیعری خلود,کەلەنێو دیوانی ئیکزیل دایە,لە شێوەی دارێکە. واتە شیعرەکە بە شێوەی دارێك نووسراوەو هەموو وشەکانی بەتەنیا خلود نووسراوە.هەروەك شاعیر خۆشی لە کتێبی ئەزموونی شیعریم ئاماژەی پێداوە,خلود ناوی ئەو کچە کوێتیە بوە,کە شاعیر شەیدای بوەو خۆشی ویستوە.ناسینی ئەو کچە,دەروازەیەکی نوێی بەرەو ژیانی شاعیر کردۆتەوە,قۆناغێکی گرنگ بوە لە ژیانی شیعری ئەودا. ئیدی شاعیر بەو مەبەستەی رادەی خۆشەویستی خۆی بۆ خلود دەرببڕێتوشیعرێك بنووسێت کە گوزارشت لەو خۆشەویستیە بکات,دێت لەرێی گەمەیەکی زمانەوانی نائاگایەوە, چەند جارێك وشەی خلود دەنووسێتوچەندین جار ئەو گەمە زمانەوانیە دوبارە دەکاتەوە,تاکو خلود لەکۆتاییدا وێنەی دارێك وەردەگرێت.دیارە ئەو کچە کوێتیە کوردی نەزانیوە,بۆیە شاعیردەڵێ مەبەستم بوو شیعرێکی وای بۆ بنووسم ,کە بە ئاسانی تێی بگات,بەلاّم خۆشم نازانم بۆچی وێنەی دارێکم کێشا.کەئەمەش مانای وایە ساتی نووسینی دەقەکە,پەیوەستە بە ساتی دەروونیونائاگایی شاعیرەوە,نەك کاتی فیزیکی,هەروەك ئێمە لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا.بەلاّم بەبۆچوونی من,نووسینی ناوی خلود لە سەر شێوەی دارێك ,پەیوەندی بە لایەنێکی تری شاراوە هەیە,کەدەشێ هارمۆنیایەك هەبێت,لەنێوان فۆرمی شیعرەکەو,ناوەرۆکی شیعرەکە.یاخود بەدەربرینێکی ترمانای دارەکەو مانای شیعرەکە.بەبۆچوونی من,نووسینی ناوی خلود,کە ئەو کات خۆشەویستی شاعیر بوە,لەسەرشێوەی دارێك,پەیوەستە بەوەی کەشاعیر ئەو خۆشەویستیەی نێوانیانی چواندوە بەدرەختێك.هەڵبەتە درەختیش رەگی لە زەوی دایە, واتە بەقولاّی داچوە,بۆیەشە شاعیر خۆی وەك زەمینێكوخلودیش وەك دارێك پیشان دەدات,کەهیچ شتێك



ناتوانێت,هەڵیتەکێنێتولەبیری بباتەوە. واتە بە شێوەی درەختێك رەگەکانی ئەو خۆشەویستیە,بەقولاّیی ناخی شاعیردا رۆچوون. ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە دیارە درەخت,جگە لەوەی لەرووی ژیانەوە ئەگەردەستی مرۆڤی نەگاتیێ,هەزاران ساڵ تەمەنی دەبێت.بۆیە شاعیر دەیەوێت بلێت,کە مانەوەی خۆشەویستی خلود لەرووی زەمەنەوە وەك تەمەنی دارێکە.وێرای ئەمانەش درەخت تایبەتمەندیەکی تریشی هەیە,ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر گەلاّکانیشی هەڵبوەرن لە پاییزدا,بەلاّم لە بەهاردا چرۆدەکاتەوە.کەواتە دەتوانین بڵێین شاعیر ئەگەر بۆماوەیەکی کورت یا درێژیش لە خلود دورکەوێتەوە,وەلێ ئەو عەشقە هەمیشە بە سەوزیو

نەمری لەناخی شاعیردەمێنێتەوە.واتە وەك درەختێك هەمیشە بەسەوزی دەمێنێتەوە.من نازانم شاعیر لە ئێستادا,خلودی بیرماوە یان نا,وەلێ دڵنیام لەهەر شوێنێك درەختێك ببینێت خلودی دێتەوەیاد.

## *شیعری تاسە...

ئەم شیعرەش,بەهەمان شێوەی خلود,شیعرێکی وێنەیەو,لەشێوەی ستونێکدایە.بەلاّم جیاوازلەخلود,لەکۆمەڵە وشەیەك پێك هاتوە.ناونیشانی شیعرەکە,بەناوی تاسەیە.هەڵبەتە شاعیر تاسەی بینینەوەی,نیشتمان یاخود هاورێکانی یاخود,خۆشەویستەکەی هەبوە.ئەگەرچی ناوەرۆکی شیعرەکە,هەڵگری ئەو گوتارەیە,کەتیایدا,شاعیر تاسەی گەرانەوەیەتی بۆلای خۆشەویستەکەی. بەتایبەتیش کاتێ دەڵێ, پرچموپرچتو پەنجەمو پەنجەت, غەریبی یەکتری دەکەن. لێرەدا بەبۆچوونی من نووسینی ئەوشیعرە,لە شێوەی ستونێك کە دواجار ئاسۆی دەبێتەوە,پەیوەندی بەو هەستە غەریبیە هەیە,کە شاعیر لەمەنفادا,رووبەرووی بۆتەوە.شاعیر غەریبیەکە,لە شێوەی ستوونێك,وێنا دەکات,کە ئەمەش مانای وایە,ژیانی ئەو ئیدی بەبەردەوامی لە غەریبیدا هەڵکێشراوەوئومێدێك نییە,بگاتەوە نیشتمانی راستەقینەی خۆی.کاتێ شیعرەکە ,لەرستەی کۆتاییشدا دەبێتەوە ئاسۆیی,مانای وایە,ئەو غەریبیە شاعیر دەکوژێت تاکو دواجار جەستەی لەگەڵ خاکدا ئاوێتە دەبێتەوەودەمرێت.ئەمەش نیشانەی نائومێدیەکانی

شاعیره لەمەنفادا,بەتایبەتیش لەوکاتدا, کەئومێدێکی نەبوە جارێکی تر بگەرێتەوە,نێو نیشتمان‌وئازیزانی‌وهاوکات باوەش بە خۆشەویستەکەی دابکاتەوە.لەلایەکی ترەوە دەکرێ وێنەی ئەو شیعرە,بەوێنەی نێوان دوو خۆشەویستیش بچوێنین,کەقەدەر هەرچۆنێك بێت,دوای زەمەنێك بەیەکەوە بوون,لەیەکتریان دەکات.هاوکات دەکرێ, ئەوشیعرە بەدیوێکی تریش بخوێنینەوەو ئەویش تاسەی شاعیر,بۆ نیشتمانەکەی کە لە ئاستێکی هێندە قوڵدایە, کەدواجار جەستەی ئەوو جەستەی نیشتمان,ئاوێتە دەبنەوەو,یەکتر دەگرنەوە.واتە بەشی ستوونی شیعرەکە,جەستەی شاعیرەو,بەشی ئاسۆی شیعرەکەش جەستەی نیشتمان.بۆیە ئەگەر سەرنج لەوێنەی شیعرەکە بدەین لەکۆتاییدا,هەست دەکەین ستوونەکە لەنێوەندی پانتایی رستە ئاسۆیەکەدایە,کەدەڵێ(هێندەی ئەهریمەنی مردن حەزبکات,تاسەو غەریبی یەکتر دەکەن) واتە شاعیر مەبەستیەتی پێمان بڵێ کە هێندەی مردن,تاسەو غەریبی ئەوانە دەکات کە جێی هێشتوون‌وژیانی ئەو بێ ژیانی ئەوانەی,کە لە نیشتماندا جێی هێشتوون,هیچ ماناو جوانیەکی نییە.بۆیە دوورنییە دواجار ئەو تاسەو غەریبیە بیکوژێت‌و لەگەڵ خاك ئاوێتەی بکاتەوە...

تێبینی/تاسەوخلود ,دووشیعری شاعیر فەرهاد پیربالْ,لەدیوانی ئیکزیل..

*لە رۆژنامەی (هەواڵ) ژمارە(438)رۆژی 2011/8/13 بلاۆکراوەتەوە....



# هارمۆنیای شیعرو مۆزیك
# لە گۆرانیەکانی_ عدنان کەریم_دا

بە شێوەیەکی گشتی,لەنێوەندی هونەری کوردیدا,هەمیشە ئەو شیعرانە دەکرێنە گۆرانی,کە لە ئاستی فۆرمدا سادەن‌ولەرووی ناوەرۆکیشەوە ساکارن.ئەگەرچی تایبەتمەندی شیعری گۆرانی کە بە شیعری لیریکی ناودەبرێت وایە, کە دەبێ ئەو رەگەزانەی تیابێت کە بشێن بۆ گۆرانی.بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە,کە خودی ئەو رەگەزانە لەدەقەکانی تریشدا بۆنموونە,لە شیعری کلاسیکیشدا بوونیان نەبێت.بەدەربرینێکی تر ئایا هارمۆنیای نێوان شیعرومۆزیك‌ووشەو نۆتە,بەتەنیا لە وشیعرانەدا دەبینرێت کە شیعری لیریکین؟یاخود ئاسایە کەهەمان ئەو هارمۆنیایە لە شیعری کلاسیکیشدا دەبینرێت؟بۆچی لە هەڵبژاردنی شیعرێك بۆ گۆرانی‌ودانانی میلۆدییەك بۆی,لەلایەن هونەرمەندانی ئێمەوە لە کەمترین ئاستدا, گەراونەتەوە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی‌وهەوڵیان نەداوە بیکەنە گۆرانی.ئایا بونیادی ئەو شیعرانە لەرووی ریتم‌ومۆزیك‌وشیعریەت‌وچێژەوە شیاونین بۆ گۆرانی؟بە بۆچوونی من خۆ لە قەرەنەدانی ئەو جۆرە لە تێکستی شیعری,بەتایبەتیش شیعری کلاسیکی, ئەوانەی لە دەرەوەی فۆرمی لیریکیەتن,لەلایەن بە شێکی زۆر لە هونەرمەندانی ئێمەوە,پەیوەندی بەتوانا هونەریەکانیانەوە هەیە,نەك خودی دەقە شیعریەکان.بەدەربرینێکی تر,هەڵبژاردنی شیعرێکی لیریکی سادە لەرووی فۆرم‌وناوەرۆکەوە,بەبەراورد لەگەڵ شیعرێکی ناڵی یا مەحوی,هیچ قوڵبوونەوە یەکی هونەری‌وداهێنان‌ونوێکاریەکیان ناوێت. بەپێچەوانەوە ئەو شیعرانە چونکە لە فۆرمێکی سادەی زمانەوانیدان‌و وشەو دەربرین‌و دەستەواژەکانیان سادەن,ئیدی بە ئاسانی دەتوانرێت میلۆدیان بۆ دابنرێت‌و بکرێنە گۆرانی. چونکە بونیادی شیعری لیریکی,بە بەراورد لە گەڵ

شیعری کلاسیکی,بونیادێکی ئالۆز نییە. بەومانایەی هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ,هێندەی بە شیعرێکی کلاسیکیەوە,سەرقاڵوماندودەبێت,هێندە بە شیعرێکی لیریکی نا.دەنا مانای وانییە شیعری کلاسیکی ئەو بنەما لیریکیانەی تیا نییە کە بشێن بکرێنە گۆرانی.بە پێچەوانەوە, ئەو رەگەزە لیریکیو رۆمانسیانەی لە شیعری وەفای بۆ نموونە هەیە,لە شیعری هاوچەرخیشدا نییە.بەلاّم لێرەدا تواناو داهێنانوقوڵبوونەوەی هونەری دەویّ. بۆیەشە دەبینین,گۆرانیبێژانی ئێمە زۆر بەدەگمەن هەوڵی ئەوە دەدەن, ئەو شیعرە کلاسیکیانە بکەنە گۆرانیومیلۆدیان بۆ دابنێن.چونکە ئەم تێکستانە هەروا ئاسان ناکرێنە گۆرانی,بەلکو پاشخانێکی گەورەوتوانایەکی هونەریوسەلیقەو وردەکاریەکی زۆری دەوێت.

لەنێوەندی هونەری کوردیدا,عدنان کەریم وەك هونەرمەندێکی داهێنەر,یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زۆرترین کاری لە سەر شیعری کلاسیکی کوردی کردوە.بەرادەیەك زۆربەی هەرەزۆری گۆرانیەکانی شیعری کلاسیکین.بێگومان گەرانەوە بۆشیعری کلاسیکی کوردی,وەك خەرمانەیەکی رۆشنبیری گەورە, لەبواری سۆفیگەری ورۆمانسیەتو نەتەوایەتیو شیعریەتو چێژەوە, دەتوانین بە یەکێك لەداهێنانە هەرە گرنگەکانی بواری هونەری گۆرانی دابنێین.ئەمەش خۆی لەخۆیدا کۆتایی هێنانە بەو شێوازە کلاسیکیە,لەکاری هونەری گۆرانیومۆزیكومیلۆدی کوردیدا.کە دەبێت هەر تەنیا ئەو شیعرانە بکرێنە گۆرانی کە شیعری گۆرانیولیریکین.کارەکانی عدنان کەریم لەرووی هەڵبژاردنی تێکستی شیعری کلاسیکی کوردی,بۆ گۆرانیودانانی میلۆدی بۆیان یەکێکە لە کارە هەرە جوانوداهێنەرەکانی عدنان کەریم لە هونەری کوردیدا بەگشتی,بێگومان ئەمەش تواناو لێهاتووی ئەو هونەرمەندە دەگەیەنێت,لە هونەری گۆرانی گوتنوهەڵبژاردنی تێکست بۆ گۆرانیەکانی.هاوکات پێدانەوەی فۆرمێکی ترە بە پەیوەندی نێوان شیعروخوێنەر.بەدەربرینێکی تر عدنان کەریم وەك هونەرمەندێکی داهێنەر,دێت فۆرمێکی تر بە شیعری کلاسیکی کوردی دەداتەوە.بەومانایەی تێکستی شیعری کلاسیکی کوردی,لە ئاستی خوێنراودا



دەباتە ئاستی بیستراو. لەراستیشدا جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان تێکستی بیستراوو تێکستی خوێنراو.چونکە تێکست لە ئاستی خوێنراودا, لە رووبەرێکی کەم دەبینرێتو دەخوێنرێتەوە بە تایبەتیش شیعری کلاسیکی کوردی,بەلاّم کاتێ هەمان ئەو تێکستانە,جارێکی تر دێنەوە بەردیدەی خوێنەرو لە ئاستی بیستندا,تەوزیف دەکرێن لە گۆرانیەك,بێگومان ئەو سات زۆرترین کەس گوێبیستی دەبنو دەچێتە,نێو هەموو جێگەوشوێنێك.بۆنموونە:ئێمە بە هۆی گۆرانیەکانی عدنان کەریمەوە جارێکی تر تێکستی شیعری کلاسیکی کوردیمان,دێتەوە نێو دنیابینیمانوبەهۆی ئەو گۆرانیانەوە جارێکی ترگوێبیستی شیعرەکانی نالیوبێخودووەفایی دەبینەوە.لەکاتێکدا پێشووتر رەنگە زۆربەی زۆرمان, بەهەر هۆیەکەوەبێت,ئەو تێکستانەمان نەخوێندبنەوە.وەلێ کاتێ لەدووتوێی گۆرانیەکانی ئەو هونەرمەندە,سەرلەنوێ بەرجەستە دەکرێنەوە,ئەوا پەیوەندیەکی دیکە لەنێوان, تێکستوخوێنەردروست دەبێتەوە.بەمەش ئەو شیعرانە هەمیشە,لە دنیابینی مرۆڤ دەمێنەوە,بەپێچەوانەی ئەو کاتانەی کەوەك خوێنەرێك, دەچینەوە سەر شیعرەکان بۆ خوێنەوە.ئەمە لەلایەك,لەلایەکی ترەوە,کارکردن لە سەر شیعری کلاسیکی کوردی بەمەبەستی کردنیان بە گۆرانی ودانانی میلۆدی بۆیان,ئەو شیعرانە لە ئاستی تێکستی دەستە بژێرەوە,دەباتە ئاستی تێکستێك بۆ هەمووان.بەومانایەی شیعری کلاسیکی لە ئاستی خوێنراودا ,ئەگەر تەنیا خوێنەری دەستە بژێری هەبێت,ئەوا کاتێ دەکرێنە گۆرانی هەموو کەسێك لەهەر چینوتوێژێك بێتو هەر شوناسێکی فیکری هەبێت,گوێبیستی ئەو گۆرانیانە دەبێت,کاتێ گۆرانیەکانیش دەبیستێ,ئەوا وشەو دەربرینودەستەواژەکانی نێو شیعرەکانیشی گوێ لێدەبێت.بەمەش ئاشنایەکی بەو دەقە شعریانە بۆ دروست دەبێت.لەراستیشدا کەم نین ئەو کەسانەی دەرەنجامی ئەو گوێبیست بوونەیان بۆ گۆرانیەکانی عدنان کەریم,توانیویانە شیعرە کلاسیکیەکان بناسنەوەو,تەنانەت لە بەریشیان بکەن.لەکاتێکدا ئەگەر ئەو تێکستانە, نەکرابوانە گۆرانیوبەدەنگە زولاڵەکەی عدنان کەریم نەوترابن,دڵنیام زۆر کەس

ئەو شیعرە کلاسیکیانەی هەرنەدەناسین.کەواتە بێگومان ئەو هونەرمەندە کارێکی هونەری وایکرد,کە تێپەراندنونوێکاریوداهێنانێك بوولەهونەری گۆرانی کوردیدا.

ئەگەر بەوردی سەرنج لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند عدنان کەریم بدەین,لەبواری هەڵبژاردنی شیعری کلاسیکیوچڕینودانانی میلۆدی بۆیان,دەبینین ئەو هونەرمەندە سەلیقەیەکی هونەری وردو باکگراوەندێکی رۆشنبیری هونەریانەی بەرفراوانی هەیە,بەرادەیەك کەلەنێوان ئەو شیعرەی هەڵیدەبژێرێتوئەو ئاوازەی بۆی دادەنێتوهاوکات ئەداکردنیش, هارمۆنیاو تێکەڵیەکی واهەیە, کەهەموویان بونیادی هونەری گۆرانیەکە دروست دەکەن. هونەرمەند چونکە پاشخانێکی هونەری گەورەی هەیە,ئیدی دەزانێ کامە شیعر لەگەڵ کامە ئاواز گونجاوەو,کامەشیعریش دەبێ بە کام تۆنی دەنگی بگوترێت. بەومانایەی ئەگەر شیعرێك ریتمێکی غەریبی هەبێت,ئەوادەبێ بەهەمان ئەو تۆنە غەریبیەوە بگوترێت.بە پێچەوانەوەش,ئەگەر شیعرێك رەهەندێکی رۆمانسیو سۆزگەرایانەی هەبێت,دەبێ بەشێوەیەك ئەدا بکرێت کە بگونجێ لەگەڵ ئەو رەهەندە رۆمانسیەی کەهەیەتی.هەڵبەتە لە نێوەندی هونەری گۆرانی کوردیشدا,زۆردەگمەنن ئەو گۆرانیبێژانەی کەلەیەك کاتدا,رەچاوی شیعروچڕینومیلۆدی بکەن.بەپێچەوانەوە زۆرجار شیعرەکە جوانە,وەلێ ئاوازەکەی نەگونجاوە.یاخود شیعروئاوازەکە هەردووکیان هارمۆنیایەکیان هەیە,کەچی ئەوهونەرمەندەی گۆرانیەکە دەڵێت ناتوانێت,گونجاویەك لەنێوان هەرسێ رەگەزەکە دروست بکات.کەچی لە گۆرانیەکانی عدنان کەریمدا,هەرگیز ئەو کەلێنە هونەریانە نابینین کەلەبەشێکی هەرەزۆری گۆرانی کوردی دەبینرێت.ئەمەش تواناولێهاتووی ئەو هونەرمەندە دەگەیەنێت لە بواری هونەرەکەی خۆیدا.بەرادەیەك بۆ هەر شیعرێك, ئەو جۆرە میلۆدیەكوچڕینێکی تایبەتیانەی هەیە.بۆنموونە,کاتێ شیعری(قوربانی تۆزێ رێگەتم)دەکاتە کارێکی هونەری,هەمان ئەو رەهەندە غەریبیە,لەدەنگی ئەودا هەیە,کە لەنێو ئەو شیعرەدایە.ئەو تێکستەی نالی,کە هەڵگری گوتاری غەریبیودورکەوتنەوەودابڕانە لە نیشتمانوخاكوئازیزانی,تێکستێکە لە بنەرەتدا هەڵگری دنیابینیەکی



غەریبانەیە بۆژیان, کەدەرەنجامی خەمە خودیەکانی مرۆڤێکە.کاتێ هونەرمەند ئەو تێکستە دەکاتە گۆرانی,دەبینین بەریتمێکی وا گۆرانیەکە دەڵێ,کەهەمان ئەو ئاماژە غەریبیانە بگەیەنێت کە نالی مەبەستی بوە لە شیعرەکەدا. بەدەربرینێکی تر، هونەرمەند نایەت گوتاری ئەو شیعرە,کە لەبنەرەتدا گوتارێکی نوستالۆژیوغەریبیە,بەریتمێکی خێرا بڵێ.چونکە ئەو دەزانێ ئەگەر ناوەرۆکی ئەو شیعرە, بەریتمێکی خاووتۆنێکی پڕلەحوزن نە چڕیت، ئەوا تایبەتمەندی دەقەکە وندەکات.لەوێوەش هەموو ئەو دەلالەتەغەریبیانە ون دەبن,کە ئێمە بە هۆیانەوە لە رادەی غەریبیوسۆزی نالی دەگەین کاتێ لەو نامەیەی دا دەردی دووری خۆی بۆ سالم بەیان دەکات.بەپێچەوانەوەش کاتێ شیعرێکی هێمن یاخود هیوا قادر,دەکاتە کارێکی هونەریومیلۆدیەکیان بۆ دا ئەنێت,دەبینین بەریتمێکی تر ئەو شیعرانە دەکاتە گۆرانی.چونکە بەشێکی زۆری شیعری ئەو شاعیرانە دەلالەتێکی رۆمانسیانەیان هەیە.بۆیە بەهەمان ئەو هەناسە رۆمانسیەوە شیعرەکان دەکاتە گۆرانیودەیانچڕێت. تەنانەت لە هەندێکیاندا, ئەوەندە تێکەڵبوونوهارمۆنیای هونەری هەیە بەرادەیەك کە لەنێوان وشەکانی شیعرەکەو میلۆدیوتۆنی دەنگی هونەرمەند بچوکترین جیاوازی نییەو هەموویان تەواوکەری یەکترین.ئەگەر بەوردیش گوێبسیتی بە شێك لەو گۆرانیانە بین,هەست بەو تایبەتمەندیە دەکەین. بۆنموونە لە شیعری پەیامی من کە شیعرێکی هێمنە,ناوەرۆکی ئەو شیعرە چونکە دەلالەت لە تەتەرو گەیاندنی هەواڵوپرسین دەکات, دەبینین هونەرمەند بە شێوازێك ئەو شیعرە دەکاتە گۆرانی واهەست دەکەین خۆی نامەبەرەکەیە.یاخود گوێگر خۆی دەبێتە ئەو کارەکتەرە. بێگومان هونەرمەند دەزانێت ناوەرۆکی ئەو شیعرە هەڵگری گوتارێکە کە دەبێ بە ریتمێکی خێرا بگوترێت. لە کاتێکدا ئەگەر ناوەرۆکی ئەو شیعرە بە تۆنێکی خاو بگوترێت بێگومان ئەو چێژو تایبەتمەندیەی نامێنێ کە لە ناوەرۆکی شیعرەکەدایە.لێرەوەش ئەو هارمۆنیاو گونجاندنەی نێوان شیعرو مۆزیك دروست دەبێت, کە هەمیشە عدنان کەریم وەك هونەرمەندێکی داهێنەر کاری لە سەر دەکات.بەومانایەی هونەری گۆرانی بەتەنیا رەچاوکردنی رەگەزێك نییە,بۆ نموونە

وەك دەق یا میلۆدی یا گوتن.بەلكو كۆی رەگەزەكان بە سەر یەكەوە ئەو هونەرە دێنە ئاراوە. ئەمەش دیارترین قەیرانە لە بواری هونەری گۆرانی كوردیدا. چونكە بە شێكی هەرە زۆر لەهونەرمەندە گۆرانیبێژەكانی ئێمە ئەو ئاگاییو پاشخانە رۆشنبیریەیان نییەلەكاری هونەریدا, بەرادەیەك كاتێ گۆرانیەك دەڵێن, ئەوا رەچاوی ئەو هارمۆنیایە بكەن, كە دەبێ لە نێوان شیعرو میلۆدیوچڕیندا هەبێت. لەراستیدا لە نێوەندی هونەری كوردیدا, هیچ هونەرمەندێك نەیتوانیوە وەك عدنان كەریم, ئەو هارمۆنیایەی نێوان شیعرو مۆزیك بسازێنێ. بەرادەیەك كە لە نێوان شیعرو میلۆدیوچریندا هاونزیكیەكی واهەبێت,هەموو جیاوازیەكان بەلاوە بنێت. لەراستیدا گەرانەوە بۆ شیعری كلاسیكی كوردیوهەڵبژاردنوكارلەسەر كردنیان بەمەبەستی كاری هونەری كە ئەو شیعرانە,لە رووی ناوەرۆكومانادا تێكستی قورسنوئاگاییو وردەكاری زۆری دەوێت, بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی ئێمە بزانین كە لە بەر دەم چ هونەرمەندێكی داهێنەر داین. هونەرمەندێك كە بەو پەڕی برواوە دەڵێین:_ بۆتە ناسنامەو شوناسی هونەری گۆرانی كوردی,بەهەردوو دیوی رە سەنێتیو هاوچەرخێتیدا.!!



# گەڕانەوە بۆ منداڵی
# لە شیعری_لەتەمدا دیارنیم_

پەیوەندیەكی هەمیشەییو پتەو,لەنێوان رەگەزی شیعروتەمەنی منداڵی,وەك بابەتێكی شیعری هەیە.بەرادەیەك كە كەم ئەزموونی شیعری شاعیرانی ئێمە هەیە,منداڵی وەك قۆناغێكی ژیان رەنگی تیادا نەدابێتەوەوئاماژەی پێ نەكرابێت,هەڵبەتە ئەمەش بەپێی ئەزموونی شیعریوسایكۆلۆژیەتی شاعیردەگۆردرێت. بەومانایەی شاعیر هەیە, لە ژێر كاریگەریەتیەكی قوڵوهەمیشەیی ئەو تەمەنە دایەو,لە زۆربەی شیعرەكانیدا,لەفۆرمی جیاواز ئاماژەی پێ دەدات.بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەو قۆناغەی تەمەنی مرۆڤەوە,كەرەنگە لای هەندێكمان,هەمیشە جێگەی رامانو گەرانەوەبێت بۆی,بەپێچەوانەوەش لای هەندێكی تریشمان, بەشێوەیەكی راگوزەرو لە چوارچێوەی یادەوەریەكدا,جارناجارێك یادی بكەینەوە.وەلێ هەمیشە مرۆڤەكان,بە هەموو جیاوازیەكانیانەوە,لەهەر قۆناغێكی تەمەنیش دابن,ئەگەر بۆ جارێكیش بێت,هەوڵی ئەو گەرانەوەیە دەدەن بۆ تەمەنی منداڵی,كەلەدنیابینی هەر یەكێكماندا, بەهەزارە هابیرەوەری تاڵو شیرینو دیمەنی جوانو ناشرین نەخشێندراوە. بەتایبەتیش كەهەموو ئەو رووداوانەی لەو قۆناغەدا,بەسەر مرۆڤ دادێتو یاخود دەیانبینێت,لە هزری دەمێنەوەو,وەك یادەوەریەك لای تۆمار دەكرێن.كەزۆرجار تاكو مردنیش,لە دنیابینی دەمێنەوە.بەلاّم لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە مرۆڤ بۆچی دەگەرێتەوە منداڵی لە كاتێكدا لە قۆناغێكی دیكەی ژیان دایە؟رەهەندەكانی ئەوگەرانەوەیە پەیوەستن بەچی؟بۆچی دەبێ لە گەورەبووندا خۆزگەی گەرانەوە بۆتەمەنێك بخوازین,كەرەنگە هیچ خۆشیەكمان لێی نەبینیبێت؟ئەمانەو زۆر پرسیاری تریش.كەپەیوەستن بەو ئارەزوە دەروونیەی مرۆڤ,

کەخۆی لەگەرانەوە بۆ ئەو تەمەنەدا دەبینێتەوە. بەبۆچوونی من گەرچی گەرانەوە بۆمندالّی,غەریزەیەکی سروشتییە لەناخی مرۆڤەکانداو لەهەندێ کاتدا پەیوەستە بەنەستەوە. وەلیّ یەکێك لە پالّنەرە سەرەکیەکانی ئەو گەرانەوەیە,هەلاّتنە لە تەمەنی گەورەیی,وەك قۆناغێکی ژیان کە چەندین ئاریشەی کۆمەلاّیەتیو دەروونیو وجودی تیایە.بەومانایەی لەوتەمەندا مرۆڤ رووبەرووی هەزارەها پرسیاری فەلسەفیوهاوکات,هەزارەها کێشەو تراژیدیای ئنسانیانە دەبێتەوە,کەدواجار ئەو هەستەی لادروست دەکەن,کە قێز لەو تەمەنی بکاتەوە.بەمانایەکی تر باوەش کردنەوە بەمندالّی لە ئاستێکی فەنتازیدا,هەولّدانە بۆ دەرچوون لەو بەیەکدادانەی,ئەوتەمەنە ی ژیان,لەگەلّ شوێنگەوزەمەنی بووندا.چونکە هەمیشە مندالّی تەمەنێکی پر بەرائەتوجوانودوورلە ژاوەژاوەو جەنجالّی ژیانە.تەمەنێکە مرۆڤ کەمترین حەسرەتودرککردنوهەستکردنی هەیە بە تراژیدیاکانی بوونوژیان. بەتایبەتیش لە کاتێکدا,کەتادێ گەورەبوون نەك هەر کارەساتە,بەلّکو ژیان ناشرینتروکارەساتاوی تر دەکات .ئێمە لەزەمەنێکدا دەژین,کەزەمەنی نامیهرەبانیو خالّی لەسۆزو خۆشەویستیو مرۆڤدۆستییە.ئیدی بۆ ئارەزوو نەکەین بگەرێینەوە بۆ مندالّی,کەهێشتا نیگاکانمان,ئاوێتەی ئەو هەموو مەرگەساتو تراژیدیانەی ژیان نەبووبون,کە گەورەبوون لەگەلّ خۆیدا بۆمانی هێنا.مندالّییەك کەتەژیە لە پاکیوسادەییوخاکەرایی ژیان.وەلیّ ئایا دەتوانین,جارێکی تر مندالّ ببینەوە؟ ئەمە لە خەونێك بەولاوە هیچی ترە؟ شیعری(لەتەمدا دیارنیم*) هەلّگری ئەو گوتارەیە کەباسمان کرد,کە ئەویش گوتاری گەرانەوەیە بۆ مندالّی.بۆیەشە شاعیر لەرێی وێنە شیعریەکانەوە,جارێکی تر دنیای مندالّی, وەك فیلمێکی سینەمایی, دێنێتەوە بەرچاوی ئێمەو,ئەو یادەوەریوگەمانەمان پیشان دەداتەوە, کەئەو لەو تەمەندا وازی کردوون.شاعیر یەکێکە,لە دیارترین ئەو شاعیرە کوردانەی لەشیعرەکانیدا,بەبەردەوامی دەگەرێتەوە بۆ تەمەنی مندالّیوسەربوردەکانی ئەو تەمەنە مان بۆ دەگێرێتەوە.مندالّی وەك بابەتێکی شیعری گەورەترین پانتایی شیعری لە



ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرەداگرتووە.بەرادەیەك کەم تێکستی شیعری ئەو شاعیرەهەیە,ئێمە وەك خوێنەرێك تیایدا' هەست بەو گەرانەوەیەی شاعیر نەکەین بۆ مندالّی,بەگوتارودنیابینی جیاوازەوە.واتە شاعیر بەبەردەوامی جارێکی تر وەك فیلمێکی سینەمایی سەربوردەکانی ئەو تەمەنەی خۆیمان پیشان دەداتەوەولە شیعردا ,وێنەکان تەوزیف دەکاتەوە.وەلیّ بەبۆچوونی من لەو دەقەیدا,شاعیر بەگوتارودنیابینیەکی دیکەوە,ئەو کردارە کەئەویش گەرانەوەیە بۆ مندالّی,بەرجەستە دەکاتەوە لە فۆرمێکی دیکەی شیعریدا.بەبۆچوونی من ئەو دەقە هێندەی بە تەکنیکی چیرۆك نووسراوە,هێندە فۆرمێکی شیعری دیاریکراوی نییە,بەومانایەی لەو شیعرەی شاعیردا ,هەموو ئەو رەگەزانە دەبینین کەلە بونیادی چیرۆك دانە.وەك کاتوشوێنورووداووبگرە کەسایەتیەکانیش.چونکە شاعیر لەو دەقەیدا ئاماژە بەو لایەنانە هەمووی دەکات.بەدەربرینێکی تر چیرۆکی مندالّیەتی خۆی لەرێی تەکنیکی بوون بەکارەکتەری مندالەوە,لەو شیعرەدا وێنا دەکات.لەراستیدا یەکێك لەو تایبەتمەندیە ئەدەبیانەی,کە ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرە,لەرووی بابەتی گەرانەوە بۆمندالّی لە شیعردا,لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە,کەشاعیر مندالّی وەك بابەتێك ناهێنێتەوە نێو شیعر,بە پێچەوانەوە بەلکو خۆی مندالّ دەبێتەوەو, جارێکی ترئەوکردارو هەلّسوکەوتو رەفتار وتێگەیشتنانەمان بۆ وازی دەکاتەوە کەلەمندالّیدا کردوونی. کە ئەمەش جوانترین وێنەوگوتاری شیعریە لەشیعری ئەو شاعیرەدا. بەدەربرینێکی تر ئەگەر شاعیرانی تر,لەرێی پرۆسەی گێرانەوەو نوێکردنەوەی تەمەنی مندالّی لەرێی وێنەی شیعریەوە,ئاماژە بەو تەمەنەی خۆیان بدەن, بەپێچەوانەوە ئەو شاعیر بەهەموو ئحساسەکانیەوە مندالّ دەبێتەوە. بێگومان جیاوازیەکی زۆریش هەیە لەنێوان ئەوەی کە مرۆڤ لە شیعردا, مندالّ ببێتەوەوجارێکی تر, بچێتەوە نێو ئەوکەشەو رۆلّی کارەکتەری مندالّ ببینێت,لەگەلّ ئەوەی مندالّی وەك قۆناغێکی تەمەن,جارێکی تر لەرێی وەسفەوە بهێندرێتەوە نێو شیعر.چونکە لەحالّەتی یەکەمیاندا,مرۆڤ وەك خۆی بەهەموو هەلّسوکەوتودنیابینیوخەسلّەتی سایکۆلۆژیوپەروەردەیی دەبێتەوە مندالّ,

بەمەش باشتر دەتوانێت گوزارشت لەو تەمەنو قۆناغە بکاتومەبەستەکان بپێکێ.بەپێچەوانەی ئەوەی جارێکی تر, لەگەورەییدا ئەو گوزارشتە بکات. بەدڵنیاییەوە هیچ کاتێكوهیچ مرۆڤێکیش لەگەورەییدا ناتوانێ وەکوخۆی,منداڵیەتی خۆی, وێنا بکاتەوە,ئەگەر جارێکی تر نەبێتەوە بەکارەکتەرێکی منداڵ بەهەموو هەستو نەستو جوانیو پاکیو لاسارییەکانیەوە. بۆیەشە شاعیر لە شیعری لەتەمدا دیار نیم نایەت گوزارشت لەمنداڵیەتی خۆی بکات, بەڵکو خۆی منداڵ دەکاتەوە.ئەمەش وەك باسمان کرد ئەوپەری ئستاتیکای ئەودەقە شیعرییە,کە جیاوازە لە ئەزموونی شیعری هەر شاعیرێکی تر لە گەڕانەوەی بۆمنداڵی.هەر وەك شاعیر دەڵێ:

***ئەمە ماڵەکەمە..***
***ئەوەش منم کەیاری دەکەم..***
***لەتەمدا دیارنیم...***
***ئەودەرگایەش کە تا سەر ئەژنۆ.لەهەتاودا نوقمە..***
***دەرگای باخەکەمە..***
***گەرلەدەرزی پەنجەرەکەی بەرانبەرەوە بنۆڕیت..***
***دەبینیت میوانێکی نیگەران...***
***ئێواران بەزەمیلیەیەك بارانەوە...***

ئێمە وتمان کەبونیادی ئەو شیعرە, لەرووی هونەریەوە بونیادێکی چیرۆك ئامێزە.بەومانایەی هەموو ئەو رەگەزانەی لە چیرۆکدا بونیان هەیە لەو شعرەشدا دەبینرێن.ئەگەر بەوردی سەرنج لەو کۆپلە شیعریە بدەین دەبینین,هەموو رەگەزەکانی وەك شوێن,کات,کارەکتەروزەمەنو بگرە رووداویش,بوونیان هەیە.شاعیر لەرێی فلاش باگەوە,کەتەکنیکێکی چیرۆکە,دەگەرێتەوە سەردەمی منداڵیولەچوارچێوەی,دیدێکی خەیاڵاویەوە خۆی دەکاتەوە منداڵەکەی دوێنێوبەوردی هەموو ئەو شوێنوکاتومرۆڤانەمان بیردێنێتەوە,کە ئەو بینیویەتی.شاعیر لەو دەربرینەشیعریەدا,بۆنموونە ناڵێت,بەبیرم دێت بە پێچەوانەوە ,بەلکو وەك باسمان کرد منداڵ دەبێتەوە.ئەو لەگەورەییدا,جارێکی تر



بەهەموو هەستونەستەکانی منداڵیەتی,چەندین ساڵ دەگەرێتەوە دواوەوقۆناغی گەورەیی جێدێڵێتولە ئاستی خەیاڵدا,نەك بەجەستەو روح دەست دەکاتەوە,بە یاریەکانی منداڵیوبە چاوی ئەوکات,کەسەردەمی خۆشەویستیو میهرەبانیو جوانیو پاکی بوو, دنیادەبینێت.واتە شاعیر لەبڕی ئەوەی منداڵی بێنێتەوە نێو شیعر وەك باسمان کرد,بەپێچەوانەوە بەڵکو خۆی منداڵ دەبێتەوە,ئەمەش ئەو جیاکاریەیە کە لە شیعری شاعیرانی تر بوونی نیە.لێرەوەش فەزای ئەو دەقە شیعریە,فەزایەکی تەواو منداڵیانەیە.بەو مانایەی کاتێ دەیخوێنینەوە,هەست بەو دنیایە دەکەین,کەمنداڵ لە سەردەمی منداڵیەتی خۆی هەیەتی. بەتایبەتیش کە شاعیر راستەوخۆ,بەدەر لەهەر جۆرە سیمبولێك هەمان ئەو هەڵسوکەوتو ژینگەوشوێنی منداڵیەتی خۆی وازی دەکاتەوە. رەنگە یەکێك لەلایەنە جوانەکانی,تەمەنی منداڵی مرۆڤ ئەوەبێت,کە ژیانێکی سادەو ساکاروبێ ژاوەژاوەی ژیان دەژیت.بوونی مرۆڤ لەوتەمەنەدا, هێندەی بوونێکی سادەوبێ سانسۆرە,هێندە بوونێکی ئەنتۆلۆژیو فەلسەفی گەورە نییە,کەسەرەنجام مرۆڤ رووبەرووی هەزاران پرسیاری بێ وەڵام بکاتەوە. بەدەربرینێکی تر منداڵ,ژیانی خۆی لە چوارچێوەی ئەوجوگرافیە بچوکە دەبینێت کەتیایدا دەژیتو واهەست دەکات,هەموو دنیا تەنیا ئەو کۆڵانەیە کە ئەو یاری تێدا دەکات.بۆیەشە هیچ تەمەنێك بە قەد تەمەنی منداڵی بۆمرۆڤ,مایەی جوانیوخۆشەویستیوئەوپەری سنوورەکانی ئازادی نییە.بەومانایەی ئەو هێشتا نەچۆتە نێو تەمەنی گەورەبوونەوە, کەتیایدا,هەست بەنەهامەتیوتراژیدیای گەورەی ژیان بکات.بۆیە وادەزانێت ژیان هەرتەنیا ئەو ساتانەیە کە ئەوی تێدایە.کاتێ ئەو تەمەنش جێدێڵێتوگەورە دەبێت, ئەوسا تێدەگات گەورەبوونو ماڵئاوایی کردن لەتەمەنی منداڵی چ کارەساتێکی گەورەیە.هەروەك شاعیر دەڵێ:

***ئەوە دیوی دەرەوەی ماڵەکەم بوو...***
***گەرچی لەبەر یاریی..***
***لەتەمدا دیار نیم..بەڵام ئازادم..***
***ئەم شوێنە سنووری منە لە ئێوارەوە تا ئەستێرە...***

ئەمە وێناکردنی ئەو چرکەساتانەیە,کەهەریەك لە ئێمە لەتەمەنی منداڵیدا,تیایدا ژیاوین.ئەویش چرکەکانی گاڵتەوگەمەکردنەلەکۆڵانەکانی شاردا لەگەڵ هاورێکانمان.ئەوچەند ساتانەی منداڵ جگە لەخەونە رەنگاورەنگەکانی خۆی,بیری بەلای هیچ شتێکی ترداناچێت,تەمەنێك کەهێشتا هزری مرۆڤ بەرووی هەزارەها,ئاریشەی ژیان نەکراوەتەوە.بەپێچەوانەوە, بەلکو ئەوتەنیا دەزانێت,لە بەیانیەوە تاشەو لە کۆڵاندا یاری بکات.کاتێ گەورەییش رووی تێدەکات وبەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات,دەکەوێتە نێو ئەو ژیانە سەختەوە,ئەوساتێدەگات کە چ کارەساتێك روویداوە.رەنگە قورسترین‌وتراژیدیترین,رووداو لە ژیانی ئەو نەوەیەی شاعیردا,ئەوگەورەبوونە کتوپرە بێت,کەبەسەر ژیانیان داهات. گەورەبوونێك کەخۆشیان نازانن,چۆن وابە خێرایی هات‌وبەناچاری تەمەنی منداڵی‌وهەرزەیی پێ جێهێشتن‌و هەریەکەیانی رووبەرووی چارەنووسێکی نادیارو پڕ لەمەرگ کردەوە.بەتایبەتیش نەوەی شاعیر,بەگشتی تاڵاوی جەنگێکی سەختیان چەشت‌وهەموویان نەهەماتیەکانی جەنگی ساڵانی هەشتاکانیان بینی‌و بەو هۆیەوە, هەزاران هاورێی لە یەکتری کرد. ئەم لەیەکترکردنەودابرانە سەختە لەرووی دەروونی‌و روحیەوە,بۆ شاعیر زامێکی گەورەو بە سوێیە کەوەك تراژیدیایەك لە یادەوەری ماوەتەوە, بۆیە شاعیر بەتاسەوە ئەو رۆژانە دێنێتەوە نێو یادەوەریەکانی.وێنەی ئەو هاورێیانەی خۆی دێنەوە بەرچاو,کەهەر یەکەیان بەکارەساتێکەوە,مردن یاخود سەختی ژیان تەنگی پێ هەڵچنین.هەروەك شاعیر دەڵێ:

***هاورێکانم..دەبینم***
***شەکەت‌ونائومێد..پەژێوان***
***بەویەفرەدا...***
***بەسواری ئەسپی سپیەوە...***
***لەسەفەری شارە دوورەکان..دێنەوە...***

ئەمەش بەو مانایە دێت,کە هاورێکانی شاعیر وەك بەشێك لە ئاماژە مێژوویی‌وکۆمەڵایەتیەکانی,شوناسی نەوەی ئەو,هەریەکەیان رووبەرووی



چارەنووسێکی نادیار بوونەوەو,خۆشیان نەیانزانی کەچۆن وابە کتوپڕوخێرایی منداڵیان,وەك تەمەنێکی پڕ لە بەرائەت جێ هێشتوو,گەورەیی وەك کارەساتێك رووی تێ کردن.گەرانەوە بە سواری ئەسپی سپی ,هێمایە بۆ ئەوەی کە ئەو نەوەیە,نەهامەتی‌و تراژیدیاکانی ژیان,خێرا سەری پێ سپی کردن,سپی بوونی قژیش دەلالەتێکە,بۆ نزیك بوونەوەی,لەدواوێستگەی ژیان,کە ئەویش مردنە.بەدەربرینێکی تر شاعیردەیەوێت,ئەو پەیامە بە ئێمە بگە یەنێت کە ژیان‌وتەمەنی ئەوان چ بەخێرایی هات‌وگوزەشت.ئیدی لە نێو تاڵاوی ئەو گەورەبوونەی تەمەندا,جگە لە گەرانەوە,بۆکۆڵانەکانی منداڵی‌وکردنی پیاسەی ئێوارانێك,لەگەڵ هاورێکانیدا,هیچ ئارەزوویێکی تری نییە.بەومانایەی باشترین شوێن,بۆ دوورکەوتنەوە لە نەهامەتیەکانی ئێستای ژیانی شاعیردا,کەدەرەنجامی گەورەبوونیەتی,گەرانەوەیە بۆ منداڵی.ئیدی لەوێوەش وێنای خەمەکانی هاورێکانی دەکات‌و,بە تاسەوە بە ئێمە دەڵێت,کەنەوەیەکی چەند بەدبەخت بوون,هەروەك شاعیر خۆشی دەڵێ:

***هاورێمن***
***ئێوارەیەکیان..لەپڕ گەورەدەبن...***
***پاشان لە شەرەکاندا دەکوژرێن...***

شاعیر دەگەرێتەوە,نێو ژیانی سادەو ساکاری کۆمەڵی کوردەواری‌و لەرێی وێنەیەکی شیعریەوە,ئەو چەندساتانەمان بیردێنێتەوە,کەتیایدا ژیان چەنێ جوان‌وپاك‌وتەژی لە خۆشەویستی‌ومیهرەبانی نێوان کەسەکان بوو.ئەو ساتانەی مرۆڤەکان لە سەر یەك خوان کۆدەبوونەوە,دنیایەك خۆشەویستی‌ومیهرەبانی لە نێوانیان داهەبوو.سەردەمانێکی زوو کە هێشتا مرۆڤ نەبوبوە,ئەو بوونەوەرە جەلادەی هەمووشتێك بکات,لە پێناو نەرجسیەتی خۆی.سەردەمانێك کەمرۆڤ سادەوساکار دەژیاو,هیچی نەبوو وەلێ گەورەترین سەرمایەی هەبوو,کە ئەویش بەختەوەری بوو.بەپێچەوانەی ئێستا کەهەمووشتێکی هەیە وەلێ ئاسودەیی نییە. کەواتە مرۆڤ با باڵاخانەی بەرزوشەقامی جوان‌وشاری گەش‌ورازەوەی

هەبێت,بامرۆڤ هەموو پێداویستیەکی ژیانیشی هەبێت .کە ئاسودەیی نەبوو,چ دەکات.ئەوەنییە لە ئێستادا ئێمە ژیانێك دەژین,لەو پەری پێشکەوتوو مۆدیرن‌ونوێ ,کەچی هەمیشەش هەست بە نائومێدی‌ونائاسودەیی دەکەین لەژیانداو بەردەوام واهەست دەکەین,شتێکمان ونکردوەوبۆی دەگەڕێین,کە واتە ژیان بێ ئاسودەیی‌وبەختەوەری چ مانایەکی هەیە, ئەوە نییە شاعیر بە نائومێدیەکی زۆرەوە لەو مۆدێرنیەتەی ئێستادا دەڵێ:_

***نازەنین..زۆپاکە دەکوژێنێتەوەو..***
***چراکە کزدەکا....***
***لێفەکە بە خۆمدا دەدەم..!!!***

ئەفسوس هاورێ,ئیدی تاهەتایە نە چراکان ماون,تا کز کرێن‌ونەلێفەش ماوە بە خۆمانی دابدەین.چیتریش باوکمان,لە باغەکە دانانیشێت‌وهاوکات,تاهەتایەش نەنکمان لە نێومان دانیە ,تا دوعامان بۆ بکات.ئەفسوس هاورێ ئەو زەمەنە گوزەشت,ئیدی هەموومان چیتر مرۆڤە پاك‌ومیهرەبان‌وجوانەکەی دوێنێ نین,بەلکو رۆبۆتێکی بێ هەست‌وگیانین,ئەفسوس...هەزاران جاریش ئەفسوس..!!!

تێبینی/ لە تەمدا دیار نیم ,شیعرێکی (دلاوەر قەرەداغی) شاعیرەوە,لە ژمارە 170ی رۆژی 2011/7/5 گۆڤاری رامان بلاۆکراوەتەوە......

*ئەم بابەتە لە ژمارە(236) رۆژی 2011/8/15پاشکۆی ئەدەبی رەخنەی چاودێری رۆژنامەی چاودێر بلاۆکراوەتەوە...



# ترا ژیدیای ژنبوون لەرۆمانی *هەزارخۆری درەوشاوە*دا

بێگومان هیچ ژانرێکی ئەدەبی,بەقەد رۆمان ناتوانێ ببێتە ئاوێنەی کۆمەڵگاو واقیعی ژیانی تاك‌وکۆمەڵ لەدووتوێی خۆیدا بەرجەستە بکات.لە نێوان رۆمان وەك هونەری گێرانەوەوجڤاکدا,

پەیوەندیەکی توندوهەمیشەیی هەیە, بەرادەیەك کەزۆرجار رۆمان دەبێتە مینبەری ناساندنی ئەو کۆمەڵگایە بە دنیای دەرەوەی خۆیدا. تەنانەت زۆران لە بیرمەندان‌وفەیلەسوفان, بۆچوونیان وایە,کە ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگایەك بناسین دەبێ رۆمانی رۆماننوسەکانیان بخوێنینەوە.هەڵبەتە ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیش بەگشتی, دابخشێنین راستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێت.ئاخر هیچ رووداوێکی سیاسی‌و مێژووی نەیتوانی بە قەد رۆمانی(دکتۆر ژیڤاگۆ) پەردە لە سەر دیوەکەی تری شۆرشی ئۆکتۆبەر هەڵماڵێت.ئەگەر بمانەوێت  بە ژیانی نەتەوەکانی ئەمریکای لاتین ئاشنابین, دەبێ رۆمانەکانی مارکیز بخوێنینەوە. وەك چۆن ئەگەر بشمانەوێت, لە خەمی کچێکی رەشپێستی خەتەنەکراوی عەرەبی بگەین, دەبێ(وەرزی کۆچ بەرەو باکور بخوێنینەوە).بەهەمان شێوە ئەگەر بشمانەوێت لەململانێی نێوان براکان‌ونائومێدبوونی تاکەکان لە شۆرش بگەین, دەبێ( سەگوەڕ)بخوێنینەوە. لەراستیدا بەوپێیەی لەرۆماندا پانتایی رووداوکات‌وشوێنەکان بەرفراوانترن, ئیدی ئەمە دەرفەتی ئەوەدەداتە نووسەر کە بتوانێت, هەموو سوچەکانی ژیان‌وکۆمەڵ نیشان بدات. رۆمان هونەری دەرخستنی دیوە شاراوەکەی کۆمەلگایە, لە فۆرمێکی هونەریانەی سەرنج راکێش. رۆمان ئەو هونەرەیە کەدەشێ کۆی

ئاریشەکانی کۆمەڵگە لە خۆیدا بەرجەستە بکات. بۆیە بە دەگمەن ڕۆمانێك دەبینین ناوەرۆکەکەی تیشك نەخاتە سەر خەمەکانی مرۆڤو ئاریشە کۆمەلاّیەتیەکان. ڕۆژهەلاّتی ناوەراست وەك جوگرافیایەك, چونکە هەمیشە نێوەندی شەرو ماڵوێرانیوچەوسانەوەی مرۆڤوژنکوشتن بوە, بۆیە دەبینین هەمیشە ئەو ڕووداوانە لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسانی ئەو شوێنە رەنگیانداوەتەوە.بابەتوتەوەرەی سەرەکی ناوەرۆکی ئەو ڕۆمانانە,هەمیشە شەرو چەوسانەوەو جیاوازی چینایەتیو ژنکوشتنو ...تد بوە.بێگومان ڕۆمانی (هەزار خۆری درەوشاوە)ش, بەدەر نییە لەو واقیعە. ئەو ڕۆمانە تیشك دەخاتە سەربونیادی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگایەك , کە دەتوانین بڵێین, نموونەیە بۆ کۆی کۆمەڵگاکانی تری ڕۆژهەلاّتی ناوەراست. تەوەرەی سەرەکی ئەو ڕۆمانە, خەمەکانی ژنو ئاریشە کۆمەلاّیەتیوخێزانیەکانوپەیوەندی ناتەندروستانەی نێوان, ژنوپیاوە. هەزار خۆری درەوشاوە, بیۆگرافیای ژیانی مرۆڤێکمان بۆ نمایش دەکات,کەلەبەر شوناسی رەگەزیەوە کە(ژنێتی)یە,دەکەوێتە بەرنەفرەتی کۆمەڵگاو پیاوەکان, تەنیا وەك کالاّیەك,کەمەبەست لە هەبوونی تێرکردنی غەریزەکانیەتی تێی دەرواننورەفتاری لەگەڵ دەکەن.پاڵەوانی سەرەکی ئەو ڕۆمانە کەناوی (مریەم)ە سیمبولە بۆ گشت ژنانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست.چونکە ئەو کۆمەڵگایانە هەموویان بروایان بە لۆژیکێك هەیە,ئەویش چەوسانەوەی ژنو تەماشاکردنیەتی وەك کۆیلەو جاریەی پیاو.مریەم کە هاوشێوەی چەند کارەکتەرێکی دیکە, لەو ڕۆمانەدا بوونی هەیە,ڕۆڵێکی سەرەکی لەوازیکردنی ڕووداوەکان دەبینێتو لەسەردەمی خۆی نەهامەتیوکوێرەوەریوکارەساتەکانی ژنبوونی خۆیودایکی دەگێڕێتەوە.ئەو چونکە لە چوارچێوەی پرۆسەی لە دایك بوونێکی ناشەرعی واتە زۆڵ, هاتۆتە دنیاوە ئیدی بەو هۆیەوە بەردەوام هەست بە گرێیەکی دەروونی گەورەدەکاتولەگەڵ بەتەمەن داچوونیشی, خەمەکانی گەورەترو زۆرتر دەبن.دواجاریش بەوهۆیەوە لە شکۆوشوناسی رەگەزی مرۆڤانەی کەمدەکرێتەوە. هەروەك خۆشی دەڵێت یەکەم وشە کە گوێبیستی بووم وشەی حەرامزدە بوو. مریەم گوزارشت لەو دنیابینیوتێروانینە کۆمەلاّیە تیەی پیاوی



ڕۆژهەلاّت دەکات, کەهەمیشە وەك کالاّیەك دەروانێتە ژن.بە تایبەتیش لە سۆنگەی کرداری سێکسییەوە. مریەموتەنانەت دایکیشی لە ڕێی گێرانەوەی نەهامەتیەکانی خۆیانەوە دەیانەوێت, پەردە لەسەر دەمامکی راستە قینەی پیاوەکانیان رابماڵن.کەهەمیشە تێروانینیان بۆژن وەك مرۆڤ, دواجار لە غەریزەیەك دەبینەوە کە ئەویش سێکسە.لە کۆمەڵگا پەتریاکیەکاندا بەهاوبوونی ژن تا ئەو شوێنە بر دەکات, کە سێکسی پیاو تێر دەکات.ئیدی دوای ئەوە ڕۆڵی ژن لە ئاستی پەیوەندی روحیوسایکۆلۆژی نامێنێت.واتە تاکە رایەڵێك کە پیاو بە ژن دەبە ستێتەوە , ئەنجامدانی کرداری سێکسیوتێرکردنی غەریزەکەیەتی.بێگومان ئەمەش بە کالاّکردنی ژنە لە خزمەت پیاودا. لەو سۆنگەیەشەوە ئەگەر بروانینە ڕووداوەکانی نێو ئەو ڕۆمانە,بە ئاسانی درك بەو راستیە دەکەین.بۆنموونە:_ دایکی مریەم واتا( نانا) کەلەلایەن جلیلەوە سێکسی نا شەرعی لەگەڵ کراوە,کەچی خودی تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ژنەکە.واتە دووجار دەیکاتە قوربانی, تەنیا لە پێناو ئەوەی لەدرندەییونامرۆڤبوونی خۆی کەم بکاتەوە.کاتێکیش ئەو پرۆسەیە, کە سێکسی ناشەرعییە ,ئەنجام دەداتومریەمی حەرامزادە دێتە دنیاوە, ئیدی تاهەتایە ئەو ژنە دەکەوێتە بەر نەفرەتی پیاووکۆمەڵگە.دەبێ باجی تاوانەکەی بداتوناچارە خۆیوکچە حەرامزادەکەی لە شوێنێکی دورەدەستولاتەریكودوورلە ئاوەدانی بژین.واتە جلیل تێکەڵی ناکاتەوە,لەگەڵ خێزانەکانی تری بەڵکو بەتەنیا لەشوێنێکی دوورەدەست دایاندەنێتوجارجارێکیش هەربەهەوس, دەچێتە سەردانیانودەیەوێت وا تێیان بگەیەنێت, کە ئەوانی خۆشدەوێت,بە تایبەتیش مریەمی کچی. لە بەرامبەر ئەم تێروانینەی جلیلدا ,دایکی مریەم دەیەوێت ماهیەتی هەموو پیاوەکان لە ڕێی ناساندنی کەسایەتی جلیل وەك پیاوێك,بۆکچەکەی پێناسە بکاتوتێی بگەیەنێت,کە پیاو جگە لە چەوسێنەرێكوگورگێکی برسی لای ژن هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێت.بۆ ئەم مەبەستەش دایکی مریەم چەندین هەڵوێستی نامرۆڤانەی جلیل بۆ مریەم باس دەکات, هەرتەنها لە پێناو ئەوەی ماهیەتی راستە قینەی پیشان بدات. بۆ نموونە بە مریەم دەڵێ(*کە ژانەکەم زیادی کرد واتە کاتی لە دایك*

*بوونی مریەم,گازم لە سەرینەکە دەگرتو دەمقیژاند,کەسێك لە ژوور سەرمەوە نەبوو چۆرێك ئاوم پێبدات)*.بێگومان ئەمەش هێمایە بۆ ئەوەی کە جلیل هیچ بەلایەوە گرنگ نەبووە ئاخۆ حەرامزادەیەك لە دایك دەبێت, یاخود نا. کەچی جەلیل هەر بۆ ئەوەی ئەو بروایە لای مریەم دروست بکات, کەدایکی راست نالێت ,بە مریەم دەلێت(تۆکچێکی باش بوویتولەدایك بوونی تۆ چەند سە عاتێکی نەخایاند!).هەموو ئەو هەلۆێستە نامرۆڤانەی جلیل, کەدایکی مریەم بۆ مریەمی باسدەکات,نابنە جێی هەلوەستەی مریەم لە ئاست باوکیدا.مریەم چونکە پەیوەندی نێوان دایكوباوکی پەیوەندیەکی ئالۆزوناتەندروستوناشەرعی بوە.ئیدی وادەزانێت ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە "جلیل" وەك دڕندەیەك,لە هزری دایکیدا وێنا بکرێت.بە دەربرینێکی تر مریەم وا دەزانێت,جلیل لە بنەرەتدا,ئەو مرۆڤە دڕندەیە نییە بەڵکو دایکی ئەو شوناسەی داوەتیێ. هەربۆیەشە لە دەرفەتێکدا بە نهێنیوبەمەبەستی دیدەنی باوکی دایکی جێدێلێتودەچێتە شارو بە سۆراغ ماڵی باوکی واتە جلیل دەدۆزێتەوە.کە دەچێتە ئەوێشومامەڵەی باوکی وەك پیاوێك,کە دەرگاشی لێناکاتەوە دەبینێت,ئیدی توشی شۆك دەبێتولە ماهیەتی راستە قینەی پیاو دەگات.جلیل ناچاری دەکات, بگەرێتەوە لای دایکیوئامادەنییە لای خۆی دالّدەی بدات. کاتێکیش مریەم دەگەرێتەوە, شوێنەکەی خۆی ,بە سەرتەرمی دایکی دەگاتودەبینێ دایکی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. بەوهۆیەوەش مریەم هەست بە تەنیاییوخەمێکی گەورە دەکات.بەتایبەتیش کەدایکی چەندین جار تکای لێکردوە جێی نە هێلێت.چونکە بەرگەی دووری ناگرێت.مردنی دایکی, مریەم پەراگەندە دەکاتوناچارە جارێکی تریش لەگەڵ جلیل,بچێتەوە ماڵی ئەوان.ئەگەرچی مریەم بە ساویلکەی خۆی وادەزانێت ئیدی تاهەتایە ئاسودە دەبێتو ئامێزی گەرمی ماڵەکەی جلیل,دەبێتە لانەی بەختەوەری بۆی.وەلێ هەمووئەو خەونانەی مریەم نەزۆك دەبن,کاتێ دەبینێت بەبێ ئەوەی ئاگاداریش بێت,پیاوێك بەناوی رەشید دێتە خوازبێنیوباوکی بەزۆر دەیداتێ,کەچەند ساڵێکیش لەو گەورەترە.ئەگەر پێشووتر مریەم هەرتەنها نەهامەتیەکانی دایکیوهاوشوناسەکانی بەدەست پیاوەوە,لەرێی



گێرانەوەکانی دایکی گوێبیست ببێت ,ئەوا ئەمجارەیان خۆی ئەو نەهامەتیانە دەبینێتودەبێتە قوربانی. بە تایبەتیش کاتێ رەشید پێی دەڵێ(تۆم بۆچی هێناوە).هەڵبەتە لاپەرەیەکی تازە لە ژیانی مریەم دەست پێدەکات کە دەتوانین بڵێین,درێژکراوەی هەمان شێوە ژیانی پێشووتریەتی بەلاّم لە فۆرمێکی تردا.بەومانایەی ئەگەر ئەو لە پێشوودا, ئەزموونکردنی پەیوەندی نێوان ژنومێردی رۆژهەلاّتی لەرێی پەیوەندی نێوان دایكوباوکی بینیبێت,ئەوا ئەمجارەیان خۆی وەك کارەکتەرێك پراکتیزەی ئەو پەیوەندیە دەکات,بە تایبەتیش لە ئاستی پەیوەندی سێکسیدا,کە پەیوەندیەکی چەند ئالۆزوناتەندروستوسەختە لەرووی سایکۆلۆژیودەروونییەوە.پەیوەندیەك کەلە سەربنەمای جەلادوقوربانی بینادەکرێت,نەك لە سەر بنەمای ژیانی هاوبەشی نێوان دوو رەگەزی جیاواز کە هەزاران رایەڵی روحیودەروونیوکۆمەلاّیەتیوخێزانی بە یەکتریان دەبە ستێتەوە.هەموو ئەو پەیوەندیە ناتەندروستەی نێوان مریەمورەشیدیش لە پەیوەندی سێکسی نێوانیان دەردەکەوێت.هەروەك رۆماننووس دەڵێ(***نیگەرانیەکانی مریەم لە ئێوارەدا دەگەیشتە لوتکە,کاتێ بیری لە شەو دەکردەوە ئەو کاتەی رەشید ئەوکارەی لەگەڵ دەکات)***.بێگومان مریەم دەزانێت ,سێکس وەك ئەلقەی بە ستنەوەی ژن بە مێردەکەی, هێمایەك نییە بۆ ئاسودەیی دەروونیوروحی ژن,لە کۆمەڵگاکەی ئەودا,بە تایبەتی کە پێشووتر پەیوەندی نێوان دایكوباوکی گوێبیست بوە.بە لکو سێکس سیمبولێکە بۆ جەلادیبوونی پیاووقوربانی بوونی ئافرەت.یاخود دەربرینێکی تر هێمایەکە بۆ بە کالاکردنی ژنوبە کریارکردنی پیاو.بە تایبەتیش بەرێگەی خۆسەپاندنی زۆرە ملێیانەوسەرکوتکردنوئازاردانی جەستەییودەروونی.بە تایبەتیش کاتێ رۆماننووس دەڵێ:***(رەشید خۆی بە سەری داداو کەوتە جولە,مریەم چاوی نوقاندو ددانی گیر کردەوە.کە تەواویش بوو پەتەکەی لە سەر خۆی لاداومریەمی جێهێشت.)***لەو دەربرینەدا ئیمە پەیوەندی سێکسی نێوان ئەودوو رەگەزە ,وەك هێمایەك بۆ کۆی پەیوەندیەکانی تری نێوان ژنوپیاودەبینین. پەیوەندیەك کە ئامانج لە هەبوونیدا ,بە تەنیا تێرکردنی غەریزەی پیاوە بەبێ گوێدانە,لایەنی

روحیودەروونی ژن. لە کرداری سێکسی نێوان ئەو دوو رەگەزە, تەنیا تێربوونی پیاو گرنگە.بەبێ گوێدانە سۆزولاوانەوەی ئافرەت دوای ئەو پرۆسەیە, کەلەهەموو کاتێك زیاتر لەو چەند چرکە دەروونیەدا پێویستی بەو لاوانەوەیە.کەچی بە پێچەوانەوە, پیاوی رۆژهەلأت بە گشتی,هەرتەنیا تێربوونی خۆی بەلاوە گرنگە.بێگومان ئەم شێوازە لە پەیوەندی سێکسی, دەلالەت لە جەلادیبوونی پیاووقوربانی بوونی ژن دەکات.بەومانایەی ئەوەی لێرەدا گرنگەوپێویستە لە بەرچاوبگیرێت,رادەی تێربوونی پیاوە.پرۆسەکە لێرەش کۆتایی نایەت,بەلکو قۆناغێکی دیکە, لە چەرمەسەری دوای ئەو پرۆسە سێکسیە دەست پێدەکات,کە ئەویش پرۆسەی منداڵبوونە.بێگومان تێروانینێکی دیکەی پیاوی رۆژهەلأت بە گشتی, کە گوزارشت لە داخراوی ئەو ئەقلیەتە پەتریاکییەی دەکات کە هەیەتی,تەماشاکردنی ژنە وەك ئامێرێك بۆ بەرهەم هێنان, کە ئەویش خۆی لە پرۆسەی زاوزێومنداڵبوون دەبینێتەوە.واتە وەك کارگەیەك ژن لە سەریەتی منداڵ بخاتەوە.دەنا لەروانگەی مێردەکەیەوە بە چاوێکی تر سەیر دەکرێت.کارەکتەری مریەم چونکە پێکهاتی بایۆلۆژیوفسیۆلۆژی بە شێوەیەکە ناتوانێ منداڵ بنێتەوە,ئیدی ئەمە والەرشیدی هاوسەری دەکات بە شێوەیەکی ترو بە چاوێکی تر تێی بروانێت.کێشەکە لەوەدانییە پێویستە ژن منداڵی ببێت, بەلکو کارەسات ئەوەیە کە دەبێ منداڵێکی بەدڵی پیاوەکەی ببێت واتەکور.ئەمەش خەسڵەتێکی دیکەی کۆمەڵگای رۆژهەلأتییە. چونکە ئەو کۆمەڵگایانە هەموو شەهامەتوجوامێریو شکۆی خێزانوکۆمەڵگە لە رەگەزی نێردا دەبینەوە . بۆیەشە ئەگەر خێزانێك کوریان نەبێت,ئەگەر دەیان کچیشیان هەبێت,ئەوا لە تێروانینی کۆمەڵگە هەر وەچاغ کوێرن.هەر وەك رۆماننووس دەڵێ ***(مریەم خۆزگەی دەخواست رەشید ئەوەندە ئومێدی کوڕ نەبوایە).***

هەمیشە پەیوەندی نێوان ژنوپیاو لە وکۆمەلگایانەدا,پەیوەندیەکی بێ کێشە نییە. کێشە لە هەمووشتێك, لە هەموودیاردەیەكوتەنانەت لە سادەترینو بێ ماناترین, دیاردەی ژیان.هەمیشە پیاو لە کۆمەڵگای رۆژهەلأتدا, لە هەولی ئەوە دایە بیانوێك بە هاوسەرەکەی بگرێتوبەو هۆیەوە چی قەهرو توورەیی خۆی



هەیە بە سەر ژنەکەی بیرێژێت.بۆیە لە زۆر کاتدا دەبینین بیانووگرتنی پیاوبە هاوسەرەکەی ,هەندێ کات لە رەفتاری منداڵێکی شەرانگێزونەگریس دەچێت.هەرشتێك بە دڵی ئەو نەبوو ئامادەیە قیامەت هەستێنێت. بۆیە ئەو رۆژە کاتێ مریەم ئەو چێشتەی ئامادەی کردوە,کەمێك سورەو بەدڵی رەشید نییە, رەشید بە تورەییەوە قاپی شلەو برنجەکە فرێدەداتولەتۆڵەی ئەمە مشتێك وردە بەرد دەخاتە دەمی مریەمەوە.ئەگەرچی مریەم زۆر نزاو تکا دەکات کە واز لەو رەفتارە,شەرانگێزەو بێ مانایە بێنێت, وەلێ ئەوهەر سوورەو***بە مریەمی وت:_ (ئەو بەردانە بجەرە دەمتەوە, بەزۆر دەمی مریەمی کردەوەوبەردەکانی خستە دەم. بەتوورەی وتی بیانجوو.)*** کاتێ مریەم بەردەکانی خستە دەمیو بە هۆیەوە ددانێکی شکا, ئەوسا رەشید پێی وت ***(ئێستا زانیت چیت داوە بەمن!)***.هەڵبەتە ئەمە درێژکراوەی ئەو کلتوورە توندوتیژەوروانینە نامرۆڤانەی پیاوە بۆ ژن.ئەگینا لە بەرامبەر هەڵەیەکی بچوكوسادە,چۆن دەبێ بەو شێوە نامرۆڤانەیە مامەڵە لەگەڵ ژن بکرێت.رۆماننووس دەیەوێت پێمان بلێت کە تەنانەت, ئامادەکردنی خواردنیش بە کەموکورتیەوە لە لایەن ژن بۆ پیاوەکەی. باج دانی دەوێ.

کەسایەتیەکی دیکەی نێو رۆمانە,کە ئەویش شوناسی ژنی هەیە کارەکتەری(لەیلا)یە. ئەو کە لە باوەشی خێزانێکی بە هەمان شێوە پر ئاریشە دەژیت,تارادەیەك ئاسودەیە.ئەگەرچی نێوانی دایكوباوکی هەمیشە ئاژاوەیە.وەلێ لەیلا بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ باوکی جۆرێك لە سەربەستی هەیە.لەیلا لەتەمەنێکی بچوك پەیوەندیەکی سۆزداری لەگەڵ گەنجێك بەناوی تارق,دەبەستێت.وردەوردە پەیوەندیەکەیان درێژە دەکێشێت,تارادەی پەیوەندی سێکسیوسەرەنجامیش کچێنی خۆی لەدەست دەدات.کەچی دواتر بەهۆی جەنگومالوێرانیوکارەسات,دایكوباوکی لەدەست دەداتوهەربەو هۆیەوەش لە تارق دادەبرێت.سەرەنجام بێ لانەو پەراگەندە دەبێتوبێ کەسو هاودەم دەمێنێتەوە. تاکو دواجار لە ماڵی مریەمورەشید خۆی دەبینێتەوە.ئەوان بۆ ماوەیەك لەروانگەیەکی مرۆییەوە خزمەتی دەکەن, وەلێ دواجار رەشید وەك گورگێکی برسی تەماحی لەیلادەکاتودەیەوێت بیخوازێت.یاخود چی تر

ئامادەنییە دالّدەی بدات. کاتیَ ئەو رازەش لای مریەم دەدرکیَنیَ, مریەم بەرهەلّستی دەکات‌وهەرچۆنیَك بیَت دەیەویَت ئەو بروایەی لادروست بکات, کە ئەمە کاریَکی هەلّەیە.بە تایبەتیش کە ئەوان مەودایەکی گەورە ی تەمەنیان لە نیَوانیاندا هەیە.وەلیَ ئەمانەهیچیان نابنە هۆکاری سارکردنەوەی رەشید لە بریارەکەی.بەلاّم کیَشەکە ئەوەیە کە لەیلا کچ نییەو ژنە.کاتیَکیش, ئەو بریارەدەدات‌وهەرچۆنیَك بیَت لەیلا دەکاتە نیَچیری خۆی.لە یلا ناچارە شەوی بوکیَنی دوای تاریکی شەووئەنجامدانی کردارەکە,بەهەر شیَوەیەکەوەبیَت ,بە چەقۆیەکەوە پەنجەی شایەتمانی خۆی ببریَت‌وچەند دلّۆپیَك خویَن برژیَنیَتە شویَنی پالّکەوتیان‌وئەو شویَنە خویَناوی بکات.بەمەش دەیەویَت والەرشید بگەیەنیَت کە ئەو کچە.بەو شیَوەیە کارەکە تەواو دەبیَت‌ولەیلا دەبیَتە ژنی دووەمی رەشید. بیَگومان سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی رۆژهەلاّتیش وایە, کە ویَرای ئەوەی لە یەك کاتدا حەزی لە چەندان ژنە, هاوکات ناشتوانیَ بەیەك چاو تەماشایان بکات‌ومامەلّەیان لەتەکدا بکات.چونکە وەك کالاّ دەروانیَتە ژن, ئیدی هەمیشە نوێیەکەی بەلاوە جوانتر وخۆشتروگرنگترە. هەموو ئەو تیَروانینەشی لە سۆنگەی غەریزەکەیەتی, کەسیَکسە.بۆیەرەشید, ژنە کۆنەکەی بە ئوتومبیَلی ڤۆلگاولەیلاش بە مارسییدس دەچویَنیَت.ئاشکراشە ئوتومبیَل جگە لە هیَمایەك بۆ سواربوون هیچ مانایەکی تری نییە. کاتیَ پیاو لە سواربوونیش وەرس دەبیَت‌و ژنە نوێیەکەی بە هەمان شیَوەی ژنە کۆنەکە دەسویَت لە تیَروانینی خۆی, ئیدی بە هەمان شیَوەی ژنە کۆنەکەی تیَی دەروانیَت.بۆیە دەبینین رەشید بە لەیلا دەلیَت***(تۆ بۆ وات لیَهاتوە,من پەرییەکم هیَنا کەچی ئیَستا بە سەر پیرەژنیَکەوەم,تۆش خەریکە وەك مریەمت لیَدیَت)***لیَرەدا کە حەزدەکات هاوسەرەکەی هەمیشە بە گەنجی بمیَنیَتەوە لە بەر ئەوە نییە کەمرۆڤە, بە لکو لە بەر ئەوەیە کە غەریزەی ئەو تیَر دەکات. بیَگومان مەینەتیەکانی لەیلاومریەم بەدەست رەشیدەوە دریَژەیان دەبیَت‌وهەموورۆژیَك لە لایەن ئەو پیاوەو دەچەوسیَنریَنەوەو ئازار دەدریَن, تا ئەو رادەیەی بە بیانووی هەژاری مندالّەکەشیان لیَ دەسیَنیَت‌ودەینیَریَتە هەتیوخانە. بەم شیَوەیە لە یلاو مریەم دەگاتە تینیان‌و بەمەبەستی کۆتایی هیَنان بەو ژیانە



دۆزەخیەیان. هەولّدەدەن دەرفەتیَك وەربگرن‌و لە مالّ هەلّبیَن. بۆیەشە دەرفەتیَك وەردەگرن‌و کابول بەرەوپیشاور جیَدیَلن.بەلاّم لەویَ دەکەونە داوی پۆلیس‌و لەروانگەی پۆلیسیش هەلاّتنی ژن لای میَردەکەی بە تاوان دادەنریَت, بۆیە جاریَکی پۆلیس دەیانگیَریَتەوە لای رەشید, هەرچەندە زۆر تکاو نزاش دەکەن‌و دەیانەویَت پۆلیس تیَ بگەیەنن کەچوونەوە لای رەشید مانای مەرگیَکی حەتمی , بەلاّم ئەو نزایە, دادیان نادات‌وسەرەنجام وەك ئەوەی تاوانیَکی یەکجار گەورەیان ئەنجام دابیَت, دەیانبەنەوە لای رەشید.کاتیَ دەگەنەوە مالّیش ئەوا هەر چۆنیَك بیَت دەبیَ باجی ئەو تاوانەیان بدەن‌ورەشید هەردووکیان زۆر نامرۆڤانە زیندانی دەکات‌و ئازاریَکی زۆریان دەدات‌و تەنانەت بۆ ماوەی چەند رۆژیَك خواردن‌و خۆراکیشیان پیَ نادات. هەموو ئەو رەفتارەی رەشید لە سۆنگەی ئەو تاوانەیتیان کە چۆن مالّیان جیَ هیَشتووە. لە کاتیَکدا ژیان لەو مالّەدا چەند هەنگاویَك جیاوازە لە گەلّ ژیان لە دۆزەخدا.بەومانایەی مامەلّەی ئەو پیاوە کە سیمبولە بۆ کۆی پیاوانی رۆژهەلاّت,هەرگیز مامەلەیەکی مرۆڤدۆستانەوژیاندۆستانە نەبوە. بەلکو وەك کۆیلەی خۆی تەماشای کردون .هەلّبەتە هەمووشمان دەزانین تاکە دەروازەیەك کە ژنی رۆژهەلاّتی بە رزگاربوونی خۆی بزانیَت,لە ژیانی دۆزەخی مالّ, هەلاّتنیەتی. بۆیە ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەلاّیەتییە لەو کۆمەلّگایانەدا, کە بە داخەوە دواجار هەرچۆنیَك بیَت دەبیَ ,بە خویَن‌وکوشتن باجی ئەو هەلّەیان بدەن.لەو سۆنگەیەشەوە لیلی‌ومریەم کە جاریَکی تر ,بە زۆر دەیانگیَرنەوە مالّ, بە هەمان شیَوە ئەو توندوتیژی‌و چەوسانەوەو سەختی ژیانەی کە پیَشتر لە سایەی رەشید تیَی دابوون, دریَژە دەکیَشیَت‌و تۆزقالیَکیش ئەو پیاوە لەو رەفتارە شەرانگیَزەونامرۆڤانەیەی خۆی ناگۆریَت. بیَگومان ئەمەش هەردوو ژنەکە ناچار دەکات, کە ئەمجارەیان بیر لە ریَگەی چارە یەکی تر بکەنەوە, کە تیایدا کۆتایی بە ژیانی رەشید بیَنن. چونکە ئەوان دلّنیان بیَ مەرگی رەشید مەحالّە کۆتای بە ستەم‌وئازارەکانی ئەوانیش بیَت.هەربۆیەشە بە هاوبەشی لەریَی پیلانیَك‌ولە رۆژیَکدا رەشید بە خاکەناس دەکوژن‌و بە هۆی ئەو تاوانەشەوە, مریەم کە قوربانی بە خۆی دەدات لە پیَناو لیلی‌ومندالّەکانی دادگایی دەکریَت‌وسزا

دەدرێت. لیلیومنداڵەکانیشی هەرچۆنێك بێت تارق دەدۆزنەوەو ژیانێکی نویٚ دەست پێدەکەنەوە, بە مەش کۆتایی بە رووداوەکانی نێو رۆمانەکە دێت. بێگومان ئەوەی شایەنی ئاماژەدانە ئەوەیە کە ئە فغانییەکان, وێرای ئەو هەموو شەرو ماڵوێرانکاریو کارەساتە, لە وڵاتەکەیاندا کە چی بە دەگمەن ئامادەن خاكو نیشتمانیان جێبێلنو بە پێچەوانەوە بە ئەندازەیەکی زۆر خاكووڵاتی خۆیان خۆشدەوێتو هەمیشە بە ئومێدی ژیانێکی نویٚ دەژینو دەمرن.ئەمە لە لایەك لە یەکی ترەوە لە پشت ئەو رووداوانەوە ئێمە تراژیدیایەك دەبینین, کە ئەویش تراژیدیای ژنبوونە لەو کۆمەڵگایەدا, کە چ نە هامەتیو مەرگەساتێکی گەورەیە, بە رادەیەك کەوەك مرۆڤێك سەرنج نادرێتو مامەڵەی لە گەڵ ناکرێت.هەڵبەتە ئەمەش تارادەیەك کلتووری هەموو ئەو وڵاتە خێڵەکیو دواکەوتوانەیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دان.بۆیە گەر سەرنج بدەین دەبینین کە شوهەوای ئەم رۆمانە لە رووی کارەکتەرو گێرانەوەوبابەتوتەنانەت شوێنوناویشدا,لە کەشو هەوایەکی کوردەواریانە نزیکەو, خوێنەر کەرۆمانەکە دەخوێنێتەوە واهەست دەکات رووداوەکان, لە شوێنگەوژینگەی ئێمە روویداون. بێگومان ئەمەش سەرکەوتوویی وەرگێرانەکە دەگەیەنێت.ماوەتەوە بڵێین کە رۆماننوس, زیرەکانە لە رێی تەکنیکی (مۆنتاژی سینەمایی) کە تەکنیکێکی نوێی رۆمانی هاوچەرخە توانیویەتی رووداوەکان تێکەڵ بکاتو گەمە بە گێرانەوەیان بکات, بە رادەیەك دەشیٚ وەك چەند دیمەنێکی هاوبەش لە هەمان کاتیشدا لە یەك دابراو, رۆمانەکە بخوێنینەوە.وێرای ئەمەش لایەنێکی دیکەی ئستاتیکی ئەو رۆمانە, بە بۆچوونی من ئەو شیعریەتەیە , کە تێکەڵ بە گێرانەوەی چیرۆکەکە کراوە. وێرای لایەنی وەسفی دیمەنوشوێنو کارەکتەرەکان,بە ئەندازەیەك کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات. وەلیٚ ئێمە چونکە بە تەنها لە سەر مەوداو رەنگدانەوەی ژن لە نێوو رووداوەکانی ئەو رۆمانە وەستاین,لایەنی تەکنیکی رۆمانەکەمان, شرۆڤە نەکرد, لە کۆتاییدا دەڵێم خوێنەر کە لە خوێنەوەی ئەو رۆمانە دەبێتەوە, بە راستی دڵنیا دەبێت لەوەی کە شاکارێکی خوێندۆتەوە.

تێبینی/بەدووبەش لەژمارەکانی(70)و(71) رۆژانی 5و2011/7/12رۆژنامەی رووبەر بلاٚوکراوەتەوە...



# تەکنیکی چیرۆك لەشیعری_لەدەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕ_دا ا

یەکێك لەو تایبەتمەندیە ئەدەبیانەی,لەم چەند ساڵەی دواییدا وەك ئەزموونێکی تازە, لەلایەن هەندیٚ لە شاعیرای ئێمە کاری لە سەردەکرێت,نووسینی شیعرە بە هەناسەی چیرۆك.یاخود بەرجەستەکردنی تەکنیکەکانی چیرۆکە وەك ژانرێك لە شیعردا.بەومانایەی هەموو ئەو رەگەزانەی وەك تەکنیك, ستراکتۆری چیرۆك پێکدێنن, لە شیعریشدا بوونیان هەبێت. ئەگەرچی لە نەخشەی شیعری کوردیدا,پێشتر چیرۆکە شیعروداستانە شیعرورۆمانە شیعر,دەبینرێت.بەلاٚم ئەم شێوازە لە نووسین جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێمە مەبەستمانە. چونکە لە ئەزموونی یەکەمدا شیعر, وەك تێکستێك هێلێکی درامی درێژکراوەی هەیەوکە هاوشانی چیرۆکە.وەلیٚ ناوەرۆکی تێکست دواجارە شیعرە. واتە زمانی ئەو دەقە زمانێکی شیعریە لەرووی چێژوو, شیعریەتو,وێنەو وەسف.تەنانەت لەهەندیٚ کاتدا فۆرمی شیعریش هەمان ئەو فۆرمەیە کە شیعری ئازادو هاوچەرخی پیٚ دەناسرێتەوە.لێرەدا دەشیٚ ئەو شێوازە لە نووسینی شیعر,کەوەك ئەزموونێك پێشتر شێرکۆبێکەس وەك شاعیرێك تاقی کردۆتەوەو چەندین تێکستی درێژی لەم روەوە نووسیوە,دەرەنجامی درێژی هەناسەی شیعری بێت لەنووسیندا.بەو مانایەی تێکستەکان هاوشێوەی چیرۆکن لە رووی چۆنایەتییەوە,بە تایبەتیش کە ئێمە دەزانین,چیرۆك وەك ژانرێك هەمیشە ماناو ناوەرۆكودێرەکانی درێژتر بوونە لە شیعر.بەوپێیەی سەرچاوەی چیرۆك فۆلکلۆروسەربوردەوداستانوپەندی میللییە.دەنا ئەگەر وەك تەکنیکی چیرۆك, بروانینە ئەو ئەزموونە ,رەنگە ناچێتە خانەی چیرۆکە شیعرەوە.چونکە چیرۆك چەندین خەسڵەتورەگەزی هونەری هەیە, کە جیای دەکاتەوە لە شیعر.وەك

گێرانەوە,رووداو,کارەکتەر,زەمەن,شوێن,فلاش باگ,کات,تیمە.بەومانایەی هەموو ئەو رەگەزانە چیرۆك پێکدێنن‌ولە شیعردا بوونیان نییە.بەلاّم کاتێ ئێمە لە ئەزموونی شیعری شاعیرێکدا,هەموو ئەو رەگەزانە دەبینین,کە لە چیرۆکدا هەن,کەواتە ئەمە تەکنیکی چیرۆکە لە شیعردا, یاخود نووسینی شیعرە بەهەناسەی چیرۆك.بێگومان ئەو ئەزموونە نوێیە لە نووسینی شیعردا,بە بۆچوونی من وەك خوێنەرێك ئەزموونێکی تازەیە لە دنیای شیعردا.چونکە پێشتر نووسینی شیعر بە تەکنیکی چیرۆك لە ئەزموونی شیعری کوردیدا نەبوە.بەو مانایەی شیعرێك هەموو ئەو رەگەزانەی تیابێت,کە تەکنیکی چیرۆك پێکدێنن.رەنگە, رەگەزێك لەرەگەزەکان بوونی هەبێت,بەڵام بە شێوەیەکی گشتی,شیعرێك هەموو بنەماکانی چیرۆکی هەبێت,لە ئەزموونی شیعری کوردیدا زۆر بەکەمی دەبینرێت.بەومانایەی لە یەك کاتدا شیعر, رووداو, شوێن‌و زەمەن‌و کارەکتەرو گێرانەوەو فلاشباگ.. تیادا بەرجەستەبێت. بێگومان ئەو فۆرمەی شیعر لە نووسیندا,دەکرێ بڵێین تاقیکردنەوەیەکی تاکییەو ئەزموونێکی خود گەرایە . واتە وەك ئەزموونی شیعری چەند شاعیرێك بوونی هەیە. دەنا وەك رێبازوفۆرمێکی شیعری دیاریکراو,نەبۆتە لایەنێکی دیاریکراوی ئەزموونی ئەدەبی‌و شیعری ئێمە.ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە,مەرج نییە ئەو شاعیرانەی بەو تەکنیکە دەنووسن,واتە بەرجەستەکردنی رەگەزەکانی چیرۆك لە شیعردا, لە بنەرەتدا بە ئاگایەوە ئەو ئەزموونە تاقیبکەنەوە.بە پێچەوانەوە بەڵکو ئەمە دواجار خوێنەرە لە رێی کرداری خوێنەوەی دەق‌و دنیابینی خۆی دەقە کە شرۆڤە دەکات.بەدەربرینێکی تر کاتێ شاعیرێك شیعرێك دەنوسێت‌وتیایدا پەنا دە باتە بە ر تەکنیکی چیرۆك, وەك ژانرێکی جیا لە شیعر لە راستیدا ئەو بە تێگەیشتنی خۆی شیعر دەنوسێت‌و بەو روانگەوە دەروانێتە ئەو دەقە.وەلێ کاتێ خوێنەر سەرنج لە ناوەرۆك‌وگوتاری شیعرەکە دەدات, ئیدی لە پەراوێزی ئەو تێروانینەی خۆیە وە مانایەکی دیکەی شرۆڤەکاری دەداتە دەقەکە.واتە بونیادی دەقەکە لەرێی میتۆدی شیکاری پراکتیکی شی دەکاتەوە. ئەمەش سەرەنجام بەرەو ئەو تێروانینەمان دەکاتەوە,کە ئاخۆ تەکنیکی ئەو شیعرە چیرۆکە یا بونیادێکی



شیعری. بێگومان لە شیعردا وێنەی هونەری‌و وەسف‌و گوزارشت‌و ئاماژەی زمانەوانی هەیە. لە کاتێکدا لە چیرۆکدا بە پێچەوانەوە , چەندین رەگەزی وەك کات‌و شوێن‌و دیالۆگ‌و مەنەلۆژو کارەکتەرو رووداو هەیە. ئەمانە هەموویان بە سەر یەکتریەوە تەکنیکی نووسینی چیرۆك پێکدێنن. واتە دەقێکی چیرۆك نییە بەبێ یە کێك لەو رەگەزانە.لێرەوەش هەمیشە پانتایی چیرۆك, لە رووی گەیاندن‌وگوزارشتەوە بەرفراوانترە وەك ئەوەی لە شیعردا بوونی هەیە.بۆیە شە دەبینین کاتێ تێکستێکی شیعری بە هەناسەی چیرۆك دەنووسرێت, بە چڕترین زمان ئەو ئاماژانە دەگە یەندرێن,کە بواری گە یاندنیان لە چیرۆکدا بەرفراوانترە.چونکە پانتای دەربرین لە شیعردا, جگە لە قەسیدە نەبێت سنووردارە. هەر ئەمەشە وادەکات کاتێ ئێمە, شیعرێك دەبینین بە تەکنیکی چیرۆك, ئەوا ئەو قوڵبوونەوەیەی تیا نەبێت کە لە چیرۆکدا هەیە. بۆ نموونە ئەگەر لە چیرۆکدا رەگەزی شوێن, بە شێوەیەکی ورد ئاماژەی پێ بکرێت‌و هەموو لایەنەکانی ئەو شوێنە, پیشان بدرێن ئەوا لە شیعردا بە پێچەوانەوە تەنیا لە ئاستێکی دیاریکراودا,شوێن ئاماژەی پێ دەدرێت. یاخود ئەگەر لەچیرۆکدا گێرانەوەی رووداوێك, وەك هێلێکی درامی, درێژ ببێتەوەو بەردەوامی هەبێت, ئەوا لە شیعردا تەنیا ئاماژە بە سەرەداوی رووداوەکان دەکرێت. بێگومان بۆ رەگەزەکانی دیکەش بەهەمان شێوەیە.کەواتە کاتێ شیعرێك بەهەناسەی چیرۆك دەنووسرێت, مەرج نیە بونیادی هونەری ئەو دەقە شیعریە,هەمان بونیادی هونەری چیرۆك بێت.واتە وەك چیرۆکێك بەوردی‌ودرێژی هەمان ئەو رەگەزانەی تیادا بەرجەستە بێت, بە پێچەوانەوە رەنگە ئەو بنەما هونەریانە, لە چوارچێوەیەکی سنووردار لە دەقە شیعریەکەدا رەنگبدەنەوە. لێرەدا بۆ ئەوەی ئێمە, سیماکانی تەکنیکی چیرۆك لە شیعردا, لە ئاستی میتۆدی پراکتیکی_ شیکاری, پیشان بدەین, ئاماژە بۆ یەکێ لە دەقە شیعریەکان دەکەین, کە ئەویش شیعری( دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیرە*) ئەو شیعرە گەرچی بەزمانێکی سادە نووسراوەو وشەو دەربرینەکانی ساکارن, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە تەکنیکی چیرۆکی تێدایە. ئەو شیعرە بە بۆچوونی من, دیدێکی پوچگەرایانەی بۆ

ژیان هەیە. واتە خودی ژیان بە جۆرێك لە بێ ماناییو نیهلیستیەتی دەبینێت. ئەمە ش ئەو روانگە ئەدەبییەیە کە نووسەرانی سوریالیزمونیهلیزم لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوو بۆ ژیان, دەرەنجامی جەنگومالوێرانکاریەکان هەیانبوو. ئەم شێوازەش لە نووسین , سالآنێکە وەك ئەزموونێکی شیعری بچوك, لە لایەن هەندێ لە شاعیرانی ئێمەوە کاری لە سەر دەکرێت. کە بێگومان ئەمەش فاکتەری خودیو بابەتی لە پشتە, کە بە شێکی هەرە سەرەکی پەیوەستە, بەونامۆبوونە روحیو سایکۆلۆژیەی کە مرۆڤی ئێمە, دەرەنجامی پێشکەوتنەکانی سەردەم , رووبەروی بۆتەوە.ناوەرۆکی شیعری (دەروازەی مەعمەل قیر) گێرانەوەی ئەو ساتە دەروونیانەیە, کە تیایدا شاعیر توشی شۆك بوە, لەدەرەنجامی مردنی هاوسەرەکەی.واتە پەیامی شیعرەکە, دەلالەت لەو دابرانە سایکۆلۆژیوروحییەی, نێوان دوورەگەزی جیاوازدەکات کەدوای سالانێك, مەرگ دێتو بێ باکانە لە یەکتریان دەکات.ئیدی شاعیر بەهۆی ئەو دۆخە سایکۆلۆژیەی بە سەری دادێت, وەك گوزارشتکردنێك لە خەمەتایبەتیەکانی ناخی خۆی, ئەو شیعرە دەنووسێت. لێرەدا چونکە ئێمە مەبە ستمان ئەوە نییە,رەهەندی دەروونی لە شیعرەکە دا شی بکەینەوە,بەلکو دەمانەوێت ئاماژە بە تەکنیکی چیرۆك بدەین, بۆیە گوتارو دەلالەتی شیعرکە شرۆڤە ناکەین . بە لکو تەنیا ئاماژە بەرەگەزەکانی چیرۆك دەدەین. بەم شێوەیەی خوارەوە

### *رووداو

رووداو لە شیعرەکەدا,مردنی کە سێکە کە هاوسەری شاعیر خۆیەتی.گەرچی شاعیر بە شێوەیەکی روون وە بە دیاریکراوی, ئاماژەی بە شێوازی رووداوەکە نەکردوە. بەلآم دەزانین کە سێك هەبوە لە ژیانی شاعیردا, ئەوخۆشی ویستووەوە سەرەنجامیش مردوە. ئیدی مردنی ئەو کەسە کە هاوسەری شاعیرە, وەك رووداوێکی تراژیدیو دلتەزێن, کاریگەریەکی دەروونیو روحی گەورە, بە سەر ژیانو بیرکردنەوەی شاعیر جێدێلێت. بەرادەیەك کە دوای



زەمەنێکی درێژ, لە روودانی ئەو مەرگەساتە, کە چی هێشتا لە دنیابینیو یادەوەری ئەو ماوەتەوە, نەیتوانیوە لە بیری بکات.

### شوێن

گەرچی ناونیشانی شیعرەکە,هەلگری ئەو دەلالەتەیە کە گوزارشت لە شوێنێك دەکات, کە ئەویش گۆرستانە. وەلێ شاعیر لە شیعرەکەیدا دەلێ:_

**بە ئەسپایی دێم..**
**زێوانەکە بە خەبەر دێنم...**
**بەزمانی گولّ پێی دەلێم..**
**دێمکە ئاوەکە بێنە, بابچین گولەماتەکانی سەر سینگی جوانە**
**مەرگ ئاو بدەین....**

لێرەدا شوێن لە شیعرەکەدا, گۆرستانە. ئەو شوێنەی مەرگی خۆشەویسترین کەسی لە ئامێز گرتوە,کە هاوسەرەکەیەتی. بۆیە شاعیر زێوانەکە, کە ئەو کەسەیە پاسەوانی لە گۆرستان دەکات,بانگ دەکاتو داوای لێدەکات بچن گولەکانی سەر گۆری جوانە مەرگ ئاوبدەن.دیارە ئەمە ش یەکێکە لەو نەریتانەی لە کۆمەلگای ئێمە داهەیە. کەواتە شوێن لەو شیعرەدا, هاوشێوەی چیرۆك بوونی هەیە, کە ئەویش گۆرستانە,کە هێمایە بۆ رەگەزی شوێن.

### کات

لە شیعرەکەدا, بەبۆچوونی من دوو جۆر کات دەبینرێت, ئەوانیش کاتی فیزیکیو کاتی دەروونین.کاتی فیزیکی ئەو کاتانەیە, کە شاعیر لەرێی فلاشباگەوە بۆی دەگەرێتەوە کە پەیوەستە, بەکاتی کردارەکیەوە. واتە ئەنجامدانی کارێك لە چوارچێوەی ئەو کاتدا, کاتی دەروونیش ئەو کاتانەیە, کە شاعیر یادەروەریەکان جارێکی تر, لەزەمەنی ئێستایدا دێنێتەوە بەرچاوی, لە رێی خەیالو ئەندێشەوە.بۆیە شاعیر دەلێت:

**کوا مە قاماتی راکشان...**
**کوا جگەرە کێشانی پێش چوونە نێو جێگا؟...**

**کوا لە عابەکانی زیلان.؟..**

**کوا کاسێتی القلب یعشق کل جمیل؟......تد**

هەموو ئەم دەربرینە شیعریەپرلە تاسانە, دەلالەت لە کاتێك دەکەن کە بە سەر چوون کە ئەویش رابردووە. ئەو زەمەنەی هەرگیز بۆ شاعیر دووبارە نابێتەوە,کەواتە ئەم کاتانە کاتی فیزیکین, چونکە لە رووی مێژووییەوە بە سەر چوونو جارێکی تر دووبارە نابنەوە. کاتێکیش شاعیر نائومێد دەبێت لەوەی, کە گێرانەوەی ئەو کاتانە, بۆ ئێستا مەحاڵە, ئەوا پەنا وەبەر کاتی دەروونی دەبات, بەمەبەستی شادبوونەوەی هەردووکیان, جارێکی تر بە یەکتری, بۆیە دەڵێت:

**وادێم..**

**نازانم دەمناسیتەوە یان نا؟**

**ئێستا سەرم کوێستانی بەمۆیەو..**

**تێی ئالاَوە تەم...**

شاعیر بەودەربرینانە,گوازرشت لە کاتێك دەکات, کە ئەویش زەمەنی ئێستایە. بەلاَم زەمەن زەمەنێکی دەروونییە, نەك فیزیکیو مێژوویی. چونکە شاعیر دۆخی ژیانو بوونی خۆی لە ئێستادا وێنا دەکات, کە بە هۆی ئەو گۆرانکاریە فسیۆلۆژیانەی بە سەری داهاتوون, سەروسیمای سپی داگەراون. بێگومان ئەو گۆرانکاریە تراژیدیە,هێندەی دەرەنجامی ئەو شۆکە دەروونییە, کە شاعیر بە هۆی ئەو کاەساتەوە بە سەری داهاتوە, هێندە رەنگدانەوەی ئەو گۆرانکاریە سروشتیو فسیۆلۆژیە نییە کە ژیانی هەموومان سەرەنجام دەگرێتەوە. واتە شاعیر دەیەوێ بڵێت, کە بە هۆی مەرگی تۆوە, سەرم وەك کوێستان سپی بوو. دەنا هێشتا زۆرم مابوو..

## دیالۆگ

دیالۆگ, کە مانای گفتوگۆی نێوان دووکەس دێت, یەکێکی ترە لەو رەگەزە هونەریانەی, تەکنیکی چیرۆك پێکدێنێت.ئەو رەگەزە شێوازێکی دیکەی گێرانەوەو گوزارشت کردنە لە چیرۆك. لە رێی ئەو رەگەزەو, نووسەر تیشك دەخاتە



سەر رووداوێك یان بابەتێك, کە دەشێ لە رابردوودا رویدابێت, یاخود لە حالەتی رووداندا دابێت. بەومانایەی بە هۆی دیالۆگەوە, ئێمە بەرامبەرەکەمان ئاشنا بە رووداوێك یانیش گێرانەوەی بابەتێك دەکەین.دواجار ئەویش بەو هۆیەوە لەگەڵ ئێمە دەکەوێتە گفتۆ گۆو گۆرینەوەی بیروڕا. واتە دیالۆگ پردی پەیوەندیو لێك تێگەیشتنی نێوان دووکەسە. شاعیر لە شیعری دەروازەی قەبرستانی مەعمەڵ قیردا ,دەڵێ:

**ئێستا دوو چاوە قاوەیەکەم..**

**کزوکەم حوکمن...**

**ئێستا سیخە سیخی سینگم..رۆژە رێیەك دەروات..**

**بەلاَم هەمان سەر خۆشەکەی جارانم...**

شاعیرلەرێی تەکنیکی دیالۆگەوە, هەوڵی دواندنی کارەکتەری دووەم دەدا, کە ئەویش هاوسەر کۆچکردوکەیەتی. وەلێ چونکە لەئاستی بووندا کارەکتەری دووەم بوونی نییەو, مردوە, ئیدی ناتوانێ وەلاَمی هەبێت بۆ ئەو دیالۆگەی شاعیر. بۆیە شاعیر لە بری ئەویش وەلاَم دەداتەوە,بە تایبەتیش کاتێ دەڵێ ,دەمناسیتەوە یان نا. بێگومان لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین, کەمەرج نییە رەگەری دووەم بە شداربێت لە دیالۆگ, بە پێچەوانەوە دەشێ مرۆڤ بۆ نموونە چەندین پرسیار, لە رێی دیالۆگەوە ئاراستەی بەرامبەرەکەی بکاتو ئەویش وەلاَم نەداتەوە. ئەگەرچی بونیادی دیالۆگ, هێمایە بۆ گفتو گۆی نێوان دووکەس, بەلاَم دەشێ لەو گفتو گۆیەدا ,کە سێکیان ئامادەیی زیاتری هەبێت, لەوەی تریان.

## مەنەلۆگ( خۆدواندن )

مەنەلۆگ,یەکێکە لەو رەگەزانەی تەکنیکی نوێیە لە چیرۆکدا, بەتایبەتیش کە ئەو تەکنیکە دەرەنجامی گەشەسەندنی فۆرمی هونەریانەی نووسینی چیرۆك بوو. ئەو رەگەز شێوازێکی گفتو گۆی تاکە کەسیە کە مرۆڤ لە گەڵ ناخو بوونی خۆیدا دەیکات. ئەم حاڵەتە دەروونیە, رەنگدانەوە بارێکی سایکۆلۆیوهزری دیاریکراوە, کە لە کاتێك لە کاتەکانی ژیاندا مرۆڤ تیایدا دەژیت. لەو رەگەزەدا هیچ کە سێکی تر بوونی نییە, بە لکو مرۆڤ بە تەنیاو دەرەنجامی هەر فاکتەرێك

بێت, بۆ چەندساتێکی کورت یا درێژ, خۆی دەدوێنیٚ, واتە قسە لەگەڵ خۆی دەکات.شاعیر دەڵیٚ:

**هەست دەکەم..**

**کۆترە باریکەیەك..**

**لە سەر شانی ڕاستەم دەنیشێتەوە...**

لەو کۆپلە شیعریەدا, شاعیر لە ڕێی مەنەلۆژەوە, کە تەکنیکێکی چیرۆکە قسە لەگەڵ خۆی دەکات. تایبەتمەندی ئەو ڕەگەزو وایە, کە مرۆڤ زەمەنوشوێنی فیزیکی جێدێڵێتودەچێتە نێو دنیای ناخی خۆی. واتە خۆی دەدوێنێت. بۆیە لەو کۆپلە شیعریەدا شاعیر دەرەنجامی هەڵومەرجێکی دەروونیوکۆمەڵایەتی ژیانی خۆی, ناخی خۆی دەدوێنێت.

## فلاش باگ

فلاشباگ بەمانای, گەرانەوە بۆ رابردوو,هێنانەوەی هەموو ڕووداوەکانی رابردوو, لە ڕێی کرادرێکی زە ینیەوە بۆ زەمەنی ئێستا. هەموو ئەو ڕووداوو دیاردانەی, مرۆڤ لە یە کێك لە قۆناغە دیاریکراوەکانی ژیانی خۆی بینیویەتی,جارێکی تر وەك یادەوەریەك دەیانهێنێتەوە, نێو هزری خۆی. واتە گەڕانەوە, بۆ زەمەنێك کە کۆتایی هاتوەو گەرانەوە بۆشوێنێك کە لە ئێستادا بوونی نییە. یاخود گەرانەوە بۆ کرادرێك کە لە رابردوودا, ئەنجام دراوە. شاعیر دەڵیٚ:

**کوا پاکەتی سۆمەری بولگاری؟..**

**کوا بە تانییە دوو نە فەرییەکە؟..**

**کوا ئەو کۆستمەی تەنیا پاییزان لە بەرت دەکرد؟..**

**کوا شەربەتی سینزانۆ؟..**

هەموو ئەو کەرەستانەی لە ڕێی وێنەیەکی شیعریەوە,شاعیر لەو شیعرەیدا ئاماژەیا پیٚ ئەدات, لە بنەرەتدا لە ئێستا لە ژیانی شاعیردا نەماون. هەموو ئەمانە گوزارشتن بۆ زەمەنێك,کە بە سەر چوونو ئیدی ناگەرێتەوە. ئەمانە هێمان بۆ سەردەمێك کە تیایدا ئەو لە گەڵ هاوسەرەکەی بەو پەڕی ئاسودەییو بە ختەوەری دەژیا. گەرانەوە بۆ ئەو زەمەنە لە ڕێی تەکنیکی فلاشباگەوە, دەلالەتە



بۆ ئەوەی کە رابردوو, وەك سەردەمێکی بە ختەوەر, لە ژیانی شاعیردا دەبینرێتو خۆزگەی گەرانەوە بۆ ئەو قۆناغە دەخوازێت.

## کەسایەتی

کە سایەتییەکان رەگەزێکی دیکەی تەکنیکی نووسینی چیرۆکن, کە رۆڵێکی بنەرەتی دەبینن لەوازی کردنی ڕووداوەکاندا. ئەمەش چ لە ڕێی کە سایەتی سەرەکییەوە بێت, کە پاڵەوانی پیٚ دەوترێت, یاخود کە سایەتی لاوەکی بێت.ئەو رەگەزە هونەریە, پانتایەکی بەرفراوان لە چیرۆك دەگرنوتا دوا ساتی ڕووداوەکان ئامادەیی هەیە. لە شیعری دەروازەی قە برستانی مەعمەل قیردا,سیٚ کە سایەتی دەبینین. ئەوانیش شاعیرو زێوانەکەو مردوەکەیە. شاعیر دەڵیٚ:_

## زێوانەکە بە خەبەر دێنم..

زێوان هێمایە بۆ کارەکتەرێك کە ئەرکی, چاودێریکردنو پارێزگاریکردنی گۆرستانە.خۆشی وەك شاعیر هاوشێوەی پاڵەوانێك,رۆڵی ڕووداوەکان دەبینێت لە شیعرەکەدا, چونکە بە ئەرکی گێرانەوەو وەسف گوزارشت هەڵدەستێت.کارەکتەرێکی دیکەش کە بە هۆی مەرگییەوە, هیچ رۆڵێکی نەماوە, هاوسەری شاعیر خۆیەتی, کە لە ئاستی فیزیکیو جەستەییدا بوونی نەماوە. وەلیٚ لە ئاستی خەیاڵو بیرەوەریدا هەمیشە لە دنیابینیو ناخی شاعیر ئامادەیە.وەك ئەوەی لە دوو توێی ئەو دەقە شیعریەدا دەیبینین. کە دەلالەت لە خەمە تایبەتیو ئنسانیەکانی مرۆڤێك دەکات, کە دەرەنجامی مردنی خۆشەویسترین کەسی لە ژیانیدا تووشی خەمێکی قوڵ بوە لە ژیان, کە سەرەنجام ئەو خەمە قوڵەی شاعیر, ئێمەش وەك مرۆڤ دە تاسێنیٚ....

تێبینی/ لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەڵ قیردا, شیعرێکی شاعیر( ئیسماعیل بەرزنجی)یەو, لە ژمارە(1114)رۆژی 2011/8/7رۆژنامەی هەولێر بلاْوکراوەتەوە..

**ئەم بابەتە لە پاشکۆی ئەدەبی ( رەخنەی چاودێر) ژمارە(341)رۆژی 2011/9/26بلاْوکراوەتەوە..

نووسەر لە چەند دێرێكدا“_

*ساڵی 1972لە شاری رواندز لە دایك بووە.
*ساڵی 1993_1994بەشی كوردی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوكردوە.
*لەناوەراستی نەوەدەكان دەنووسێتو تائێستا دەیان وتاری لەبوارەكانی رەخنەولێكۆلینەوەی ئەدەبی لەرۆژنامەو گۆڤارەكان بلاٚوكردۆتەوە.

*بەرهەمە چاپكراوەكانی.

*** زمانو شێوەزارەكان/ لێكۆلینەوەی زمانەوانی.**

***سێبەری وشە/ كۆمەڵە وتار**

***روانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە/لێكۆلینەوە_خوێندنەوەی شیعر.**

**بلاٚوكراوەكانی سەنتەری نما** 2011-2010

| ژ | ناوی كتێب | نوسەر یان وەرگێر |
|---|---|---|
| 1 | جیهان لەدیدی كۆشنێر | و: شێرزاد هەینی |
| 2 | 1900 تێپەریوە | ئیسماعیل كوردە |
| 3 | كوردو ئەرمەن | و: خالید هەركی |
| 4 | هەڵچونێك لە ئاوێنەدا | زرار سەرتاش |
| 5 | وێنەكانی لەبەر باران ونكردووە! | ئیسماعیل كوردە |
| 6 | رەخنەی پراكتیكی | د. ئەبوبەكر خۆشناو |
| 7 | گۆڵەستێرەكان كوژانەوە/3 | كەریم كاكە |
| 8 | باهیرە | و: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| 9 | كوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا | د. كامەران مەنتك |



| | | |
|---|---|---|
| 10 | ژن لەجیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا | هاوژین حەمەرەشید |
| 11 | لەناو گێژاوی سیاسەتدا | ئیسماعیل كوردە |
| 12 | فەرهەنگی مەلیخا | ئومێد شیركۆ شاكر مجروم |
| 13 | ماچی یەكەم | كەریم كاكە |
| 14 | كوردەكان | و: ئارام ئەمین شوانی |
| 15 | كوردستانو كوردەكان | و: خالد هەركی |
| 16 | بروسكەی شوم | محەمەد كەریم نانەوا |
| 17 | گۆرەپانی واشنتۆن | زیڤار قاسم |
| 18 | ڤاچێك بۆ شمشاڵ | قاسم شێروانی |
| ***19*** | میوانی ئاو | عەبدولموتەڵیب عەبدوللاٚ |
| 20 | سومای دۆلفینەكان | د. ئەرسەلان بایز |
| 21 | گۆڤاری زاری كرمانجی | شادمان مەلا حەسەن |
| 22 | درەختی خامۆشی | كەریم دەشتی |
| 23 | درەختی درەوشانەوە | كەریم دەشتی |
| 24 | سێبەری خۆتم لاٚ حەرام مەكە | حەمە عەباس |
| 25 | زمانو شێوەزارەكان | سەدیق سەعید |
| 26 | رواندز لە لاپەرەكانی مێژوودا | ئومێد شێركۆ مەجروم |
| 27 | مرۆڤیكی تر | د. موحسن ئەحمەد عومەر |
| 28 | حزبی سیاسی | ئارام ئەمین شوانی |
| 29 | كازیوە ژنەكەی ناو فێسبوك | شێرزاد هەینی |
| 30 | دیوارەكان قسە ناكەم | د. ئەبوبەكر خۆشناو |
| 31 | درەختی كەتانوە | كەریم كاكە |
| 32 | كۆمەلگای سەربازی | ستار باقی كەریم |
| 33 | لەگەڵ شانۆدا | كامەران حاجی ئەلیاس |
| 34 | زمانو زمەماندی ناوەكان | هاشم سەراج |
| 25 | هەناسەو هەوراز | سەعدی عەلی |
| 26 | مردنی ئەندازەیی | فەرید زامدار |
| 27 | ئەنیما مۆندی | فەرید زامدار |
| 28 | (.........................) | فەرید زامدار |
| 29 | ستیكس | فەرید زامدار |
| 30 | هۆتۆ لە شەوی یەك دەقیقەیدا | فەرید زامدار |
| 31 | ژوانی سێبەر | فەرید زامدار |
| 32 | گەران بە دوای جیهانێكی دیكەدا | سەدیق سەعید رواندزی |
| 33 | سێبەری وشە | سەدیق سەعید رواندزی |
| 34 | روانیێك لەپەنجەری شیعرەوە | سەدیق سەعید رواندزی |
| 25 | فەلسەفی ئایین | نەوزاد جەال |